# ئێمە هەمیشە چاوەڕوانی سەرکەوتن بووین



دکتۆر جعفرئیبراهیم ئێمینکی

بۆ گوڵانی نووسیوە

دیارە جەنگی پێشمەرگە دژی ڕێکخرواى تێروریستیی داعش، جەنگێکی براوەیە، لەبەر چەند هۆیەکی سادە، لەسەرروویان ئەوەیە کە داعش خاوەن ئایدیۆلۆژیەکی نامۆیە و لە ناو زۆربەی هەرە زۆری موسڵماناندا ئەو ئایدیایە پەسەند نییە، چونکە بە شێوازێکی خۆکوژی شەڕ دەکەن و هیچ لۆژیك و ئەزموونێکی لەشکری لە مێژووی کۆن و هاوچەرخدا هیچ خاڵێکی سەرکەوتنیان پێ نابەخشن، بەڵکو پێچەوانە ئاماژە بەوە دەکەن، کە ڕێکخراوی هاوشێوە دەتوانن بۆ ماوەیەك ئاژاوە و توندوتیژی و هەڕەشە دروست بکەن، بەڵام نەیانتوانیوە و ناتوانن ببنە بەشێك لە مێژووی بنیاتنەر، یاخود ببنە خاوەن جوگرافیا، هەر بۆیە لە سەرەتای ئەم جەنگەوە، لە بەر چاوی جەنابی سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتی کوردستان بەرچاوڕوونی و دووربینییەکی تۆکمە هەبوو، کە هەرێمی کوردستان لەم جەنگەدا سەردەکەوێت، هەموو کەرەستەی ستراتیژیش بۆ سەرکەوتن لەبەر دەستی هەرێمدا هەبوون، لەوانە ورووژاندنی بیرەوەرییە هەرە تاڵەکانی ئەنفالی ڕەش لە مێشك و دەروونی خەڵکی کوردستان و لە ناو رای گشتی جیهانیدا، هەر ئەم خاڵە وایکرد و لەبەر سروشتی ڕێکخستنی داعش کە لەسەر ئاستی هەموو جیهاندا چالاکی دەنوێنیت، داعش وەکو هەڕەشەیەکی جیهانی لە قەڵەم بدرێت. هەر ئەو خاڵە لاوازەی داعش زیاتر بەدی دەکرێت و جێگای سەرنجە و یەکێکە لە فاکتەرەکانی دۆڕاندنی داعش لەم جەنگەدا کە ئەم جەنگە ڕەهەندێکی جیهانی بەخۆیەوە دەبینێت و وایکردووە مامەڵەی جەنگێکی جیهانی لەگەڵدا بکرێت، ئەمەش ئاماژەیەکی روونە بۆ ئەوەی خودی داعش ڕێکخراوێکی جیهانییە و لە سەر ئاستی جیهاندا چالاکی ئەنجام دەدات و لە سەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا داعش دەیەوێت هەندێ ئامانجی جیهانی بەدی بێنیت و خۆی بۆ قۆناغی دوای سایکس بیکۆ ئامادە بکات، ڕەنگە خودی دروستبوونی داعش بەم قۆناغەوە پەیوەست بێت و دووبارە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابڕێژرێتەوە، دەبێت ئەو راستییەشمان لەبیر نەچێت کە زەرەرمەندی یەکەم لە ڕێککەوتنی سایکس بیکۆ وەکو نەتەوە تەنیا کورد بووە، نەتەوەی عەرەب سوودمەندی یەکەم بووە، نایەوێت لەم قۆناغەدا هیچ زیانێکی بەرکەوێت، هەموو هەوڵێکیش دەدات بۆ ئەوەی لەم گەمەیەدا یاریکەرێکی بەهێزبێت، سیما و دروشمە هەرە دیارەکانی ئەم قۆناغە ئەوەیە، کە تورکیا دەیەوێت رۆڵێکی بەهێزتر لە جاران لە ناوچەکەدا ببینێت، کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لە دەسەڵاتی زیاتر لە ناوچەکە و جیهاندا دەگەڕێت، بۆیە دەبێت وا داعش بناسین کە ئامرازێکی درووستکراوە بۆ بەدیهێنانی هەندێ ئامانجی ناوچەیی، لە بەرژەوەندیی یەك یان زیاتر لە دەسەڵاتە زلهێزەکانی ناوچەکەدا.

دیارە چیرۆکی دروستبوونی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، پێویستی بە بەدواداچوون و شیکردنەوەی زیاتر



هەیە، بەربڵاوبوونی وا خێرا لەسەر ئاستی جیهاندا لە رووی فکر و پڕوپاگەندە و ڕێکخستن و لۆجستی، ئەوەی سەیرتر، لەبەرچاوی ئەو هەموو دەزگا هەواڵگریە زەبەلاحەکانی دنیادا و لە رووی مەیدانی و لەشکری و چالاکی و جووڵانەوە لەسەر ئاستی سووریا و عێراقدا، چیرۆکێکی لە رادەبەدەر سەرسوڕهێنەر و پڕ لە نهێنییە، رەنگە ئەو نهێنییانە وا زوو، یان وا بەئاسانی ئاشکرا نەبن. ئایا ئەم چیرۆکە چەند پەیوەستە بە نەخشەی قۆناخی دوای سایکس بیکۆ؟ ئایا ئەم چیرۆکە چەند پەیوەستە بە ململانێی خوێناوی لە سووریا؟ دیارە ئەو دیوەی ئاشکرایە لەم چیرۆکەدا ئەوەیە، کە ئەم ڕێکخراوە لە رووی مەیدانی مەبەستی نەبووە نە پایتەختی سووریا بگرێت، نە پایتەختی عێراق و هەوڵی جددیشی بۆ نەداوە، بەڵام ئەوەی جێگەی گومان و سەرسوڕمانی زۆرە، ئەوەیە کە زۆر بە چڕی ئەم ڕێکخراوە هەوڵی داوە، بۆ ئەوەی پایتەختی هەرێمی کوردستان داگیربکات، رەنگە لێرەدا ئەم هەوڵانەی داعش بۆ داگیرکردنی هەولێر تەنیا یەك مەبەستی بۆ دانرابێت، ئەویش ئەوەیە ئەو نەخشەیەی بۆ قۆناغی دوای سایکس بیکۆ دانراوە، بە ئاڕاستەیەکی تایبەت ببات، دوور لە بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستان، کە بە ئاشکرا لە دوای قووڵبوونی قەیرانی متمانە کە لەم دواییەدا لە نێوان بەغدا و هەولێر دروست بوو، باس لە ریفراندۆم و دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکرا، دیارە لە نەخشەی کۆنی سایکس بیکۆ سێ خاڵی لاواز هەبوون، کە بەردەوام ئاماژەیان پێ دەکرێت و دەبێت چارەسەر بکرێن، عێراقێك کە نەبووە و لەسەر بناغەیەکی زۆر لاواز دروستکراوە، کە ئەمە هەشتا ساڵە ناتوانێت سەقامگیری بە خۆیەوە ببینێت، سووریای ئێستاش لە نەخشەکەدا نەبوو کە دواتر بە پەلە و بە سەقەتی دروستکرا، دەوڵەتێکی کوردی لە نەخشەکەدا هەبووە، بەڵام لە جیبەجێکردندا پەراوێزیان خستووە، هەر لەم بارەیەوە خاڵێکی تری زۆر سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە داعش لە رووی هزری و لە رووی پراکتیك دەوڵەتی نەتەوەیی رەتدەکاتەوە، کە لەم قۆناغەدا تەنیا کورد داوای دەکات، تا لێرە و لەوێ باس کراوە، ئەوەی باس نەکراوە، جا لەبەر هەر هۆیەك بێت، بەرچاوڕوونی سەرکردایەتی کورد بووە، بەتایبەتی سەرۆك مسعود بارزانی کە توانی لە کاتێکی سنووردار‌دا سیاسەتێك و دیپلۆماسیەتێکی وا پەیڕەو بکات کە لەسەر ئاستی عێراق و ناوچە و جیهاندا بە پەسەند و رەوا بزاندرێت، لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نەتەوەیی و کوردستانی و مەیدانیش ببێتە خاڵێکی پڕشنگدار لە مێژووی هاوچەرخی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان، بۆیە ئەگەر هەر دوو فاکتەری ناوخۆیی و جیهانی لەسەر یەك بنەمای ستراتیژی هاوبەش یەکبگرن کە پەیوەستە بە ئاسایشی ناوچەکە و جیهانەوە، دیارە لێرەدا نەك تەنیا هەرێمی کوردستان لەم جەنگەدا براوە دەبێت، بەڵکو نەخشەی سایکس بیکۆش لە بەرژەوەندیی کورد و کوردستاندا دووبارە دادەڕێژرێتەوە.

**داعش دەیەوێت هەندێ ئامانجی جیهانی بەدی بێنێت و خۆی بۆ قۆناغی دوای سایکس بیکۆ ئامادە بکات، رەنگە خودی دروستبوونی داعش بەم قۆناغەوە پەیوەست بێت و دووبارە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابڕێژرێتەوە**



# قۆناخی پاراستنی سنوورەكانی كوردستان

## تێگەیشتنە لەو ژینگەیەی داعش لە خۆی دەگرێت



**بەر لەنیو سەدە بارزانیی مستەفا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کوردستانی باشوور لە ئەگەڵ ئەقڵییەتی عەرەبی عێراق ناتوانێت بژی**

**ڕێکخراوی تیرۆریستانی قاعیدە لە ماوەی ٢٥ ساڵی تەمەنیدا لە هیچ هێرش و شەڕێکدا وەک ئەمجارە بەدەستی پێشمەرگە تێکنەشکاوە، خەلیفەکەی داعش باش دەزانێت، سەرکەوتنی پێشمەرگە هەڵقوڵاوی خۆشەویستیی کوردستان و ئیرادەی عەسکەری پێشمەرگەیە و ئەم شکستەشی بۆ ناشاردرێتەوە**

**تەحەدداکانی تیرۆریستانیش لەسەر وڵاتانی ئازاد و دیموکراتی لەگەڵ ئەوەی لە هەر وڵاتێک جیاوازی هەیە، بەڵام هەموو تەحەددی و کێشەکان لە یەک خاڵدا چڕدەبنەوە، ئەویش دروستکردنی هەڕەشە و مەترسییە لە سەر ئاییندەی دیموکراسی و ئاییندەی ئازادی**

سەرجەم وڵاتانی ئازاد و دیموکراتی کە ئێستا لە بەرەیەکدا پێکەوە بۆ شەڕی دژی تێرۆریستانی داعش کۆبوونەتەوە، هەر یەکەیان کێشەیەکی گەورەی لەگەڵ گەشەی فیکری جیهادیزم و وەرچەرخانی بۆ فیکری جیهادی تەکفیری قیتالی هەیە، جیاوازی کێشەکانی دەوڵەتانی ئازاد و دیموکراتی هەر هێندەی ناوی ڕێکخراوە تیرۆریزمە جیهادییەکان جیاوازە، لەبەر ئەوەی ڕاستە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان چەندین ناوی جیاوازی وەك (بوکۆحەرام و شەباب و داعش و قاعیدە ..هتد)یان هەیە، بەڵام هەموویان لەیەك سەرچاوەوە هەڵتۆقیون و یەك ئامانجیان هەیە. هەر بۆیە کێشە و تەحەدداکانی تیرۆریستانیش لەسەر وڵاتانی ئازاد و دیموکراتی لەگەڵ ئەوەی لە هەر وڵاتێك جیاوازی هەیە، بەڵام هەموو تەحەددی و کێشەکان لە یەك خاڵدا چڕدەبنەوە، ئەویش دروستکردنی هەڕەشە و مەترسییە لە سەر ئایندەی دیموکراسی و ئایندەی ئازادی. لەم نێوەندەدا کوردستان تایبەتمەندی و جیاوازی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی هێزی پێشمەرگە لە بەرەی پێشەوەی شەڕە تەقلیدییەکەی داعشە و شەڕە تەقلیدییەکەشی بردۆتەوە، بۆیە ئێستا لەبەردەم قۆناخێکی نوێدایە کە ئەویش پاراستنی سنوورەکانی کوردستانە و لەگەڵ دوژمنی تارمایی و نەبینراو ئیرادەی خۆی تاقیدەکاتەوە.

### ● لە ماوەی ٢٥ ساڵدا
### تەنها پێشمەرگە چۆکی بە تیرۆریستان داداوە

تەرخانکردنی گوتاری هەینی مزگەوتەکانی خەلافەتی ئیسلامی داعش لەسەر پێشمەرگە و هەڕەشە و گوڕەشەیان بەوەی تۆڵە دەکەنەوە، ئەمە جوانترین ئیعتراف و دانپێدانانە لەلایەن ڕێکخراوی قاعیدەوە (لەبەر ئەوەی داعش تا ٢٠١٤ قاعیدە بووە) بە شکست لە بەردەم هێزێکدا کە ئەویش هێزی پێشمەرگەیە، هێرشەکەی شەوی هەینی لەسەر شەممەش بۆ سەر ناحیەی گوێڕ، پیشاندانی ئەو ڕق و کینەیە کە لە دوای سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە ناخی شەرمەزاری ئەبوبەکر بەغدادیی خەلیفەدا دروست بووە، وەك سەرپەرشتیاری میحوەری گوێڕ - مەخموریش ڕایگەیاند خەلیفە ئەبوبەکر خۆی سەرپەرشتی ئەو هێرشەی کردووە. ئەو تاکتیکەی لە هێرشەکەیان بۆ سەر گوێڕ پەنایان بۆ بردووە، ڕاستییەکەمان پێدەڵێت، ئەوان چیدیکە شەڕی تەقلیدی (جبهەی عەسکەری)یان لەگەڵ پێشمەرگە پێ ناکرێت، بۆیە پەنا دەبەنە بەر شەڕی بچووکی تیرۆریستانە و بە شێوازی پارتیزانانە هەڵدەکوتن و تاڵان دەکەن و ڕەشەکوژی دەکەن و دەکشێنەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە ترس و تۆقاندن لەناو خەڵکی کوردستان دروست بکەن و وەرەی پێشمەرگە بڕووخێنن!

کەواتە چی لە وەرچەرخانی ئەم تاکتیکەی داعش دەخوێنینەوە؟ بێگومان شکان و شەرمەزاری خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی داعش دەخوێنینەوە کە لەدوای داگیرکردنی موسڵ و ڕاگەیاندنی خەلافەتە ئیسلامییەکەی لە پاکستان تا سەب سەحرای ئەفریقیا بەیعەتیان بۆ داوە. ئەم شەرمەزارییەی خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی داعش لە بەردەم ئیرادەی پێشمەرگە حاڵەتێکی شێتگیرانەی دروستکردووە، کەوتۆتە حاڵەتێکەوە گرەو لەسەر هەموو شتێك دەکات و هەرچی بەردەست بکەوێت، تاقی دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی لە سایکۆلۆژیەتی بەدەوی عەرەبیدا، کاتێك سەرۆك هۆزێك دەشکا، ڕووی ناو هۆزەکەی خۆی نەدەما، با سەرنج بدەین، ئەگەر خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی داعش تێکشکابێت لەبەردەم هێزێکدا کە هێندەی سوپاکەی داعش مەشقپێکراو و چەکی نوێی لەبەر دەست نییە، دەبێت خەلیفە ئەبوبەکری بەغدادی ئێستا چۆن ڕووی بێت لەناو تیرۆریستانی داعشدا سەر هەڵبڕێت؟

ئەگەر بە مێژووی سەرهەڵدان، یان دامەزراندنی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەدا بچینەوە، دەبینین ڕێکخراوی تیرۆریستانی قاعیدە لە ماوەی ٢٥ ساڵی تەمەنیدا لە هیچ هێرش و شەڕێکدا وەك ئەمجارە بەدەستی پێشمەرگە تێکنەشکاوە، خەلیفەکەی داعش باش دەزانێت، سەرکەوتنی پێشمەرگە هەڵقوڵاوی خۆشەویستیی کوردستان و ئیرادەی عەسکەریی پێشمەرگەیە و ئەم شکستەشی بۆ ناشاردرێتەوە، بۆیە ڕوودەکاتە شێوازی ترسنۆکانەی دیکە و هەروەها هەڵکوتانە سەر بارەگەی ڕۆژنامەیەك لەناو جەرگەی پاریسدا، هەروەك چۆن ماوەیەك لەمەوپێش هەڵیانکوتایە سەر گازینۆیەك لە شاری سیدنی لە ئوستراڵیا.

ئەوانەی هاوسۆزن لەگەڵ فیکری داعشیزم و قاعیدە و بیانوو بۆ ڕەفتارەکانی داعش دەهێننەوە، بێشەرمانە لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان نایشارنەوە، گەورەترین کۆسپ لەبەردەمی داعش و قاعیدە دەوڵەتی کوردستانە، داعش بۆیە دروستبووە بۆ ئەوەی پڕۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ڕابگرێت، بەڵام وەك ئەمیل ئەلمەیدا سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوسەتی چاپی ئینگلیزی لە ڕۆژی ٤ی دیسەمبەری ٢٠١٤ و دوای ئازادکردنی زوممار نووسیبووی، خەلیفە ئەبوبەکر بەغدادی حیسابی بۆ ئیرادەی پێشمەرگە نەکردبوو، بۆیە هێرشی کردە سەر کوردستان، بەڵام کاتێك پێشمەرگە تیرۆریستانی دەوڵەتی داعش دەشکێنێت و ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستانیان لێ پاکدەکاتەوە، ئەوا ئەم شەڕەی پێشمەرگە دەبێتە پرۆڤە و تاقیکردنەوە چۆن سنوورەکانی کوردستان دەپارێزێت. ئەمە قسەی ڕۆژنامەنووسێکی کورد، یان کوردستانی نییە، هەتا بڵێن لە سۆزی بۆ پێشمەرگە بەو جۆرە وەسفی دەکات، بەڵکو ئەمە قسەی ئوستادێکی زانکۆی لەندەن و سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی جیهانییە، بۆیە ئەگەر لە خوێندنەوەی ئەقڵی بەدەوی خەلیفە ئەبوبەکر بەغدادی و لە قووڵایی فیکری

ئەم رۆژنامەنووسەوە، باری دەروونیی ئێستای ئەبوبەکر بەغدادی بخوێنینەوە، کە خۆی وادەبینی زۆر پشت بن لادن کەوتووە، هەستدەکەین بەم تێکشکانەی لە ناخی خۆیدا تووشی چ شەرمەزارییەك بووە، ئەم پیاوە ترسنۆکە کە سوپایەك گەنجی موسڵمانانی لە سەرانسەری جیهان لە خشتە بردووە و سوپایەکی خۆکوژی دژی مرۆڤایەتی لێ دروستکردوون، ئێستا ئەوەندە ترسنۆك و بچووکە ناتوانێت خۆیشی بکوژێت.

### ● رق و کینەی
### دوای شکان و شەرمەزاریی ناخ

مێژووی سەربڕین و کۆمەڵکوژی و کردنی ئافرەت بە کۆیلە، مێژووی شەڕی خێڵەکی بەدەوی عەرەبییە، پیاوی بەدەوی عەرەب وەك عەلی وەردی دەڵێت، ئیشکردن بە سووکایەتی دەزانن، وشەی پیشەش کە بە عەرەبی پێی دەڵێن (مهنە) لە (مەهانە)وە سەرچاوەی گرتووە، واتە کەسێك ببێتە خاوەنی پیشە و بە پیشەکەی بە سەربەرزی خێزانەکەی بەخێو بکات، لە ئەقڵی بەدەوی عەرەبیدا پیاوێکی سووك و لاواز بووە، بۆیە چەمکی پیاوەتی لە بەدەوی عەرەبیدا، بەو کەسانە وتراوە کە توانای ئەوەیان هەیە بە زەبری شمشێر شەڕ بکەن و هۆزەکانی دەوروبەریان داگیر بکەن و پیاوانی ئەو خێڵەی غەزوی دەکەن، بکوژن و کچ و ژن و ماڵاتیان وەك غەنیمە بۆ خۆیان بەرن.

ئاماژە کردن بە ئەقڵییەتی عەرەبی بەدەوی، کە خەلیفە ئەبوبکر بەغدادی بە حەرفی پیادەی دەکات، بۆ چەمکی پیاو و غەزوکردن ئەوەیە پیاو نابێت لە شەڕدا بشکێت، کە شکا دەبێت خۆی بکوژێت، ئەم دیاردەیە لەپێش ئیسلامەوە بوونی هەبووە و تێکەڵی مێژووی ئیسلامیش بووە تا ئێستا، بۆیە کاتێك خەلیفە ئەبوبەکر بەغدادی بە ناوی ئیسلام خەڵك سەردەبڕێت و دەست دەبڕێت و کۆمەڵکوژی دەکات و ژن وەك غەنیمە سەیر دەکات و کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکات، ئەوا بەغدادی ئەقڵییەتی بەدەوی عەرەب پیادە دەکاتەوە.

ئەم گەڕانەوەیە بۆ مێژووی ئەقڵییەتی بەدەوی عەرەبی، لە کاتی سەرکەوتندا خۆی لە هەموو سیفەتێکی مرۆیی دادەماڵێت و ئەوەی خوا پێی ناخۆشە وەك گورگێکی دڕندە بەرامبەر دوژمنەکەی دەیکات، لەکاتی دۆڕاندن و شکستیشدا دووبارە هەموو سیفەتێکی مرۆیی لێ دادەماڵدرێت، رق و کینەیەك بەرهەم دەهێنێت، وەك لە مێژووی عەرەبی و ئیسلامی خوێندوومانە دەگاتە ئەوەی داوا بکرێت هێندە خوێن بڕژێت هەتا دەبێتە جۆگە و سەرەکان دەبات، لەلایەکی دیکە ئەم ئەقڵییەتە بەدەوییە تەنها لە ناو جوغزی ئیسلام و بە ناوی ئیسلامەوە خۆی دووبارە ناکاتەوە، هەر بۆ نموونە زەعیم سەدیق کە فەرماندەیەکی سەربازی بەعسییەکان بووە لە ساڵی ١٩٦٣ لە سلێمانی، هێندە هەستی بە شەرمەزاری ناخی خۆی کردووە لە بەرامبەر شکستەکانی سوپاکەی لە بەردەم هێزی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بە رێبەرایەتی مستەفا بارزانی، قەدەغەکردنی هاتوچۆی لە سلێمانی راگەیاندووە و ئەوەی جنێوی بە مستەفا بارزانی نەدابێت، بە زیندوویی لەناو حامیەی سلێمانی خستوویەتیە ژێر چاڵەوە، ئەمە پێمان دەڵێت زیندەبەچاڵکردنیش بەرهەمێکی دیکەی ئەقڵی بەدەوی عەرەبییە، ئەمەیان لە سەدەی شەشەم و حەوتەمی زایینی پیادە کردووە. بۆیە گرنگە لە ئێستادا لە ئاستی شەرمەزاری ناخی خەلیفە ئەبوبەکر و خەلافەتەکەی تێبگەین و بزانین ئەوان بۆ شاردنەوەی شەرمەزاری خەلیفەکەیان هەموو پەلەقاژێیەك دەکەن، هەروەك چۆن سەدام حوسێن پەنای بۆ کیمیاباران و ئەنفال برد، بۆیە چاوەڕێ دەکرێت لەگەڵ کوردستان وەك بەرەی پێشەوەی شەڕ، بەردەوام بن لەشەری ئیستینزاف، لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتیش هێرشەکانی پاریس و سیدنی لە پایتەختەکانی دیکەش دووبارە بێتەوە.

### ● زەمانێکی راشکاو
### بۆ بەرهەمهێنانی هێزی زیرەك

کێشەی کوردستان لەگەڵ تیرۆریستانی داعش، بە گرتنەوەی موسڵ چارەسەر نابێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر هەموو هێزەکانی عێراق و کوردستان و هاوپەیمانی نێودەوڵەتیش بتوانن بە شێوازی شەڕی تەقلیدی موسڵ بگرنەوە و هەتا کارێکی ئەوتۆش بکەن وەك چۆن فەرەنسا لە ساڵی ١٩٥٧ لە جەزائیر کردی، کە تەنیا ماوەی یەك ساڵ توندوتیژی لە جەزائیر نەما و لە ١٩٦٢ شارل دیگۆل بەناچاری ١٩٦٢ کشایەوە، هەر بۆیە بە زەمانێکی راشکاوانە کێشەی کوردستان لەگەڵ تیرۆریستانی داعش تەنها گرتنەوەی موسڵ نییە، هەروەها بە تەنها ئەو تیرۆرەش نییە کە جیهان پێناسەی دەکات، کێشەی کورد لەگەڵ ئەو ئەقڵە بەدەوییە کە لە هەموو ئایدیۆلۆژییەکدا هەمان رەفتار دژ بە کورد و کوردستان بەرهەم دێنێتەوە، ئەقڵی بەدەوی عەرەبییەو تەنها لەناو ئیسلامدا زیندوو نابێتەوە، بەڵکو باشتر لە ناو فیکری شۆڤێنی قەومییەی عەرەبی زیندوو دەبێتەوە، ئەمەشمان لە مێژووی نزیکی خۆماندا بینیوە، بۆیە لە ئێستادا زمانی راشکاو جارێکی دیکە هەموو چەمکەکان پێناسە دەکاتەوە، پێناسەیەك کە جارێکی دیکە دووچاری شەڕ و کارەساتێکی دیکەمان نەکاتەوە.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا لە ناو عەرەبدا ئەقڵی مۆدێرن و پێشکەوتنخواز کە بڕوای بە پێکەوەژیان و ئاشتی و دیموکراتی هەبێت، بوونی نییە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: بەداخەوە ئەو برا عەرەبانەی بڕوایان بە ئاشتی و دیموکراتی و پێکەوەژیان و مافی گەلان هەیە، نەك لە عێراق، بەڵکو لە تەواوی جیهانی عەرەبی ژمارەیان کەمە، ئەوان لە ژێر هەژموونی ئەوانەی بڕوایان بە باڵادەستیی

**هێزی پێشمەرگە لە بەرەی پێشەوەی شەڕە تەقلیدییەکەی داعشە و شەڕە تەقلیدییەکەشی بردۆتەوە، بۆیە ئێستا لەبەردەم قۆناغێکی نوێدایە کە ئەویش پاراستنی سنوورەکانی کوردستانە و لەگەڵ دوژمنی تارمایی و نەبینراو ئیرادەی خۆی تاقیدەکاتەوە**

**تەرخانکردنی گوتاری هەینی مزگەوتەکانی خەلافەتی ئیسلامی داعش لەسەر پێشمەرگە و هەڕەشە و گوڕەشەیان بەوەی تۆڵە دەکەنەوە، ئەمە جوانترین ئیعتراف و دانپێدانانە لەلایەن رێکخراوی قاعیدەوە (لەبەر ئەوەی داعش تا ٢٠١٤ قاعیدە بووە)**

**ئەگەر خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی داعش تێکشکابێت لەبەردەم هێزێکدا کە هێندەی سوپاکەی داعش مەشقپێکراو و چەکی نوێی لەبەر دەست نییە، دەبێت خەلیفە ئەبوبەکری بەغدادی ئێستا چۆن رووی بێت لەناو تیرۆریستانی داعشدا سەر هەڵبڕێت؟**

**ئەو برا عەرەبانەی بڕوایان بە ئاشتی و دیموکراتی و پێکەوەژیان و مافی گەلان هەیە، نەک لە عێراق، بەڵکو لە تەواوی جیهانی عەرەبی ژمارەیان کەمە**

**دەنگدەرانی عەرەبی عێراق ٩٨٪یان لەسەر بنەمای مەعرەکەی جەمەل (معرکە الجمل) لە هەڵبژاردن دەنگیان داوە، ئەوەی شیعەیە دەنگی بە شیعە داوە و ئەوەی سوننەیە دەنگی بە سوننە داوە**

**زمانی ڕاشکاوانە، کلیلی بەرهەمهێنانی هێزی زیرەکە، ئێمە وەک کورد و کوردستانی، نە دەتوانین و نەدەشمانەوێت بە هێزی سەربازی ئەوان ملکەچ بکەین، نە بە زمانی نەرم و ڕێککەوتنیش دەتوانین بیانگەیەنینە قەناعەت و پێکەوە بژین**

ئەقڵی بەدەوی هەیە و ناتوانن ئاراستەی هاوکێشەکە بگۆڕن، هەر بۆ نموونە: لە ناو عەرەبی عێراقدا، ئێستا ئەو برا عەرەبانەی لە کایەی سیاسەتدا بە ئەقڵییەتی سەدەی حەوتەم و هەشتەمی زایینی بیرناکانەوە، ژمارەیان لە ١-٣٪ تێپەڕ ناکات، دەنگدەرانی عەرەبی عێراق ٩٨٪یان لەسەر بنەمای مەعرەکەی جەمەل (معرکە الجمل) لە هەڵبژاردن دەنگیان داوە، ئەوەی شیعەیە دەنگی بە شیعە داوە و ئەوەی سوننەیە دەنگی بە سوننە داوە، ئەمەش نەك بە هاووڵاتیەکی عەرەبی شیعە کە خۆی بە عێراقی بزانێت، بەڵکو بە شیعەیەك کە مەزهەبی شیعە بە مەرجەعی خۆی بزانێت، هەروەها عەرەبی سوننەش لەسەر هەمان شت دەنگیانداوە، دەنگیان بە کەسانێك داوە کە وەك سوننە بیر دەکەنەوە، نەك عێراقی. ئەوجا خۆ ئەگەر عەرەبی شیعە، یان عەرەبی سوننە لە کاتێکدا لە عێراق حوکمڕانی دەکات، هەوڵبدات بۆ بەرژەوەندی نەتەوەکەشی کێشەکان چارەسەر بکات، ئەوا دەبێت چاوەڕێی کودەتا، یان تیرۆرکردن بکات، هەر بۆ نموونە عەبدولکەریم قاسم لە دوای ١٩٥٨ دانی بەوەدا نا کە عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە، بەڵام لە ١٩٥٩ هەوڵی کوشتنی درا، لە ١٩٦١ هێرشی کردە سەر کوردستان، ئەمەش واتە لەگەڵ ئەوەی عەبدولکەریم قاسم ئەفسەر بوو، نەك سیاسی، ڕاشکاوانەتر بەعسی نەبوو، بەڵام ناچاریان کرد وەك بەعسی بە ئەقڵی بەدەوی بیربکاتەوە، عەرەبی عێراق شانازی بە فیکری بەدەوییەوە دەکات، ئەوان خۆیان دەڵێن: ( احنا بدو . وینە العدو؟ ) واتە ئێمە عەرەبی بادیەین، کوا دوژمن بۆ هەڵدێت؟ هەربۆیە ئەم خوێندنەوەیە بۆ ئەقڵی بەدەوی عەرەب، یان ئەقڵی عەرەبی بیابان، تانەلێدان نییە خوانەخواستە لە نەتەوەیەکی هاوسێ، ئەمە ئەو خوێندنەوەیە کە بەشێوەیەکی گشتی بەشی زۆری عەرەب بەتایبەتی ئەوانەی هەڵگری فیکری قەومییەی عەرەبین شانازی پێوە دەکەن، هەر بۆ نموونە ئەگەر بیهێنینەوە بەرچاوی خۆمان، سەدام حوسێن کە هەموو شەوێك گوتارێکی هەبوو، لە هەموو وتارەکانیدا پەندی بەدەوی دەهێنایەوە، وەك پیشاندانی هەیبەتی پیاوی عەرەب.

کەواتە زمانی ڕاشکاوانە، کلیلی بەرهەمهێنانی هێزی زیرەکە، ئەمەش واتە، ئێمە وەك کورد و کوردستانی، نە دەتوانین و نەدەشمانەوێت بە هێزی سەربازی ئەوان ملکەچ بکەین، نە بە زمانی نەرم و ڕێککەوتنیش دەتوانین بیانگەیەنینە قەناعەت و پێکەوە بژین، هۆکاری سادە بۆ ئەم حاڵەتە، مەسەلە بێ ئومید بوون نییە، بەڵکو چەمکی شەڕ، ڕێککەوتن، پێکەوەژیان، لە ئەقڵی بەدەوی عەرەبی زۆر جیاوازە لەو مانایەی کە ئێمەی کورد و کوردستانی تێی گەیشتووین، هەر بۆ نموونە:

١. لە ئەقڵی بەدەوی عەرەب ( چ ئەوانەی بانگەشەی ئیسلام دەکەن و چ ئەوانەی بانگەشەی قەومی عەرەبی دەکەن) ڕێککەوتن و هاوپەیمانی و پێکەوەژیان، تاکتیکە لە کاتێکدا گرێی دەدەن، یان پێی ڕازی دەبن کە نەتوانن شەڕ بکەن، ئەقڵییەتی عەرەبی بەدەوی ئەمەیان لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ) کرد کە ناویان لێنا سوڵحی حودەیبیە، بەڵام پێی پابەند نەبوون. ئەمە پێمان دەڵێت: ڕێککەوتن، هاوپەیمانی، پێکەوەژیان، لای ئەقڵییەتی بەدەوی خۆ بەدەستەوەدانە، خۆ بەدەستەوەدانیش قبووڵ ناکرێت.

٢. ئەزموونی شۆڕشەکانی کوردستان لە ١٩٤٣- ١٩٩١، لە ١٩٤٣وە حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق بە پادشایەتی و کۆمارییەوە، هەر کاتێك لاواز بووبن داوای ڕێککەوتن و دیالۆگ و دانوستاندیان کردووە، بەڵام هەموو جارێکیش ڕێککەتن و دانوستاندنەکان لەلایەن حکومەتەوە کۆتایی هاتووە و دوای ئەوەش دڕندانەتر پەلاماریان داوینەتەوە.

٣. لە ساڵی ١٩٩٢-٢٠٠٣ کورد ئەزموونێکی دیکەی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراق دەست پێدەکاتەوە، هەتا سەدام رووخا لەماوەی ١١ ساڵدا هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە زمانێك قسەیان دەکرد، کە چوونە بەغدا بە زمانێکی دیکە قسەیان دەکرد، سەرنج بدەن لە ٢٠٠٣ پێشمەرگە هاوپەیمانی، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بووە بۆ رووخانی سەدام حوسێن، کەچی لەماوەی ٢٠٠٣- ٢٠١٤ لە ئەقڵی بەدەوی عەرەبیدا پێشمەرگە وەك بەشێك لە سیستمی بەرگری عێراق لە بودجە و مووچە و مەشق و ڕاهێنان بێبەش کرابوو.

٤.سەیر بکەن، سامانی سروشتی ژێر زەوی، خوا بە نەتەوەی کوردی بەخشیوە، کورد ناڵێت ئەم سامانە بە تەنها بۆ خۆمە، کەچی ئەقڵی بەدەوی عێراق ڕاشکاوانە دەڵێن ئەو خاکەی سەرچاوەی سرووشتی تێدا بێت کوردستان نییە! پێشتر نەیاندەزانی هەموو کوردستان نەوتە، وایاندەزانی تەنها خانەقین و کەرکووك و دەشتی نەینەوا نەوتی تێدایە، سەرنج بدەن تەنها لەماوەی کەمتر لە یەك دوو دەیە چییان بەسەر ئەو ناوچە کوردستانییانە نەهێنا، کەرکووك ١٢ ساڵە لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە حوکمڕانی دەکرێت، بەڵام لە کۆتایی ٢٠١٤ و لە کاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستاندا، عەرەبەکان ئاڵای داعشیان بەرز کردەوە! ئەمە مانای ئەوەیە ئەوان ئامادەن لە ژێر ئاڵای داعش بژین، بەڵام ئامادە نین لەژێر ئاڵای کوردستاندا بژین، ئەمە لە کاتێکدا ئەو عەرەبانە هاوردەن و هێنراون بۆ ئەوەی سیمای کوردستانیبوونی کەرکووك بسڕنەوە.

٥. با سەیری ماوەی ساڵانی ٢٠٠٥- ٢٠١٤ بکەین، بە حیساب ئەم نۆ ساڵە قۆناخی جێبەجێکردنی دەستووری عێراق بووە، ئەو دەستوورەی کە خۆیان دەنگیان لەسەر داوە و لە بنەڕەتیشدا بۆ دیموکراتیەتی پێکەوەسازان (دیموکراتی

تەوافوقی) داڕێژراوە، بۆ ئــەوەی چیدیکە کەمینە نەبێتە ژێردەستی زۆرینە، بەڵام لە پیادەکردندا هەر لەساڵی یەکەم بووە دیموکراتیەتی زۆرینە، ســوننە و شــیعە دژی کورد رادەوەستان، ئەوسا وادەزاندرا ئەمە رەفتاری کەسێکە، ئەگەر لاببردرێت، دۆخەکــە چاك دەبێت، کــورد خۆی مالیکی لە بری د.جەعفەری هەڵبژارد، پاشــان هەر خۆمان رازی بوویــن جەعفەری ببێتە میانگیر لە نێوان کورد و مالیکی، با ســەیری دواییــن رۆژی متمانەدان بــە حکومەتەکەی عەبادی بکەین، کە دوو کەس دانیشــتنەکەی بەڕێوە دەبرد، (د.سەلیم جبوری و ئارام شــێخ محەمەد)، داوا کرا تەنها ٣٠ دەقە دانیشتنەکە دوابخرێت، بە زۆرینەی رەهای دەنگی پەرلەمانتارانی سوننە و شــیعە رەفز کرا، دوای ئەوەش با ســەیری قۆناخی شــەڕەکانی داعش بکەین، پێشمەرگە و حەشدی شەعبی پێکەوە (ئامرلی)یان ئازاد کرد و رێگەی بەغدا کرایەوە، هادی عامری کە پێشتر وەك دۆستی کورد سەیر دەکرا، کەرکوکی وەك شــارێکی عێراقی (مەبەست عەرەبی) پێناسە کرد، ئەگەر وا نییە، خۆ هەولێر و سلیمانی و دهۆکیش هەتا ئێستا سێ شاری عێراقین.

## ● هێزی زیرەك
## هاوسەنگی و سەقامگیری دروست دەکات

زۆر جار لەو دۆســتە جیهانییانەی کورد کە تا ئێســتا لە ژیانــدا ماون و لە نزیکەوە مامەڵەیان لەگەڵ بارزانی نەمر کردووە، ئەوەمان گوێ لێبدەیت، کە هەموو کات مســتەفا بارزانــی ئومێدی ئــەوە بووە، ئەگەر تەنهــا یەك دەوڵەت هەبوایە پشــتگیری کوردی بکردایــە و دانی بە دەوڵەتی کوردستاندا بنایە، ئەوا دەوڵەتی کوردستانی لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو رادەگەیاند، کەواتە بەر لەنیو سەدە بارزانی مستەفا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کوردستانی باشوور لە ئەگەڵ ئەقلییەتی عەرەبی عێراق ناتوانێت بژی، گەیشتن بەم قەناعەتە بۆ بارزانی مستەفا کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی ئەو لەگەڵ دەســپێکی شۆڕشــی بارزان لە ١٩٤٣ هەوڵیــدا بناخەیەك بۆ پێکەوەژیانی کورد و عەرەب دابنێت، تا هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب لە دەستی دیکتاتۆریەت رزگاریان بێت.

بارزانی مستەفا هاوڕێ و هاوخەباتی جەمال عەبدولناسر بــووە کە ماوەیەکــی زۆر وەك رابــەری ئوممەی عەرەبی ســەیر دەکرا، بەڵام پاش ٣٠ ســاڵ خەبات گەیشــتە ئەو قەناعەتەی کــە پێکەوەژیان مەحاڵــە، لەبەر ئەوەی هیچ هێزێك نییــە، بێجگە لە هێزی پێشــمەرگە زیاتر بتوانێت کێشەی کوردستانی باشوور لەگەڵ عەرەب چارەسەر بکات، بۆیە هەموو رێککەوتن و ئاشتییەك لەگەڵ عەرەبی عێراق، سوننە بێت، یان شیعە، ئاگربەســتە و دوای ئاگربەستەکە خوێناویتــر پەلامارمان دەدەنــەوە، ئەگەر ئەم مێژووە و ئەو ئەزموونــەی لەگەڵ عەرەبی عێــراق هەمانە ببنە پەند بۆ ئایندەمان دەبێت لانیکەم بیر لەم خاڵانە بکەینەوە:

١. لەبەر ئەوەی گەیشــتووینەتە قەناعەت ئێســتا خەلیفە ئەبوبەکر بەغدادی لە شــەرمەزاریی شکستەکانی بەرامبەر پێشــمەرگە، رق و کینیەکی بەرامبەر کورد بەرهەمهێناوە، بۆیە دەبێت ئامادەباش بین بــۆ هەموو ئەگەرێك، هەروەها نابێت هێزی پێشــمەرگە لەگەڵ هیــچ هێزێکی عەرەبی (ســوننە یان شیعە) تێکەڵ بکرێت و ئۆپەراسیۆنی هاوبەش ئەنجامبدەن.

٢. عەرەب بەگشــتی و عەرەبی عێراق بەتایبەتی بڕوایان بەوە نییە کورد دەوڵەتی ســەربەخۆی خــۆی هەبێت، یان دەوڵەتێك هەبێت ناوی کوردستان بێت، ئێستا ئەو دەوڵەتە وەك ئەمری واقیع بوونی هەیە، بۆیە دەبێت سنووری کوردستان بۆ ئەم بارودۆخە کە دەوڵەتێکی تیرۆریستی دراوسێمانە، ئەم سنوورانە بە تەواوەتی لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە بن.

٣. دەبێت دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەتایبەتی هەر ســێ دەوڵەتە گەورەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش (ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنســا) هەورەها دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا و بەتایبەتی دەوڵەتە گەورەکانی یەکێتی ئەوروپا وەك (بەریتانیا، فەرەنســا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا) و تــەواوی دەوڵەتانی دیکەی ئەندام لەو یەکێتیە، ســتراتیژی هاوکاریکردنی بەرەی دژی تیرۆریســتانی داعش، بگۆڕن بۆ ستراتیژیەتی دامەزراندن و ئیعترافکردن بە دەوڵەتی کوردســتان، ئەمەش نەك لەبەر خاتری کــورد، بەڵکو لەبەر خاتری بەرژەوەندی و ئاشــتی و ســەقامگیری خۆیان و ئاسایشی نێودەوڵەتی، دەبێت پەلە بکەن لە خوێندنەوەی ئــەو بارودۆخەی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لەسەر وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا و سەب سەحرا دروستی کردووە، لەم جوگرافیا تازەیەدا، بێجگە لە کوردســتان هیچ وڵاتێك بنەمــای دەوڵەتی هاوچەرخی تیا نییە کە بتوانێت لەســەر زەوی شەڕی تیرۆریســتانی داعش بکەن، دەبێت دەوڵەتانی هاوپەیمانی ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا پەند لە تورکیا وەربگرن، ماوەی زیاتر لە ٦٠ ساڵە تورکیا ئەندامی هاوپەیمانی ناتۆیە و چەند دەیەیە کە کاندیدی یەکێتی ئەوروپایە، هەتا ئێســتا نەیتوانیوە شــەڕی تیرۆریســتانی داعش بکات، میسر کە گەورەتریــن وڵاتی عەرەبییە لەگەڵ ئەوەی ئامادەیی خۆی پیشانداوە شەڕی تیرۆریستان بکات، بەڵام ناتوانێ ئەو کارە بکات، سعودیە و کەنداو کە نزیکترین هاوپەیمانی ئەمریکان، نەك هەر ناتوانن شــەڕی داعــش بکەن بەڵکو بۆیان بکرێت یارمەتی جەبهەی نوسرە دەدەن، کە ئەویش لقێکی رێکخراوی ئەلقاعیدەیە. بۆیە پێویســتە کورد لــەم قۆناخەدا پڕۆژەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان وەك پڕۆژەیەکی نێودەوڵەتی بۆ بەرژەوەندیی مرۆڤایەتی و تێکشــکانی تیرۆریســتان بە رەسمی بخاتەڕوو، ئەرکی پاراســتنی ئەم دەوڵەتەش بکاتە بەرپرسیاریەتییەکی نێودەوڵەتی.

**لە ٢٠٠٣ پێشمەرگە هاوپەیمانی، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بووە بۆ رووخانی سەدام حوسێن، کەچی لەماوەی ٢٠٠٣- ٢٠١٤ لە ئەقڵی بەدەوی عەرەبیدا پێشمەرگە وەک بەشێک لە سیستمی بەرگری عێراق لە بودجە و مووچە و مەشق و راهێنان بێبەش کرابوو**

**کەرکووک ١٢ ساڵە لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە حوکمڕانی دەکرێت، بەڵام لە کۆتایی ٢٠١٤ و لە کاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستاندا، عەرەبەکان ئاڵای داعشیان بەرز کردەوە! ئەمە مانای ئەوەیە ئەوان ئامادەن لە ژێر ئاڵای داعش بژین، بەڵام ئامادە نین لەژێر ئاڵای کوردستاندا بژین**

**خەلیفە ئەبوبەکر بەغدادی لە شەرمەزاریی شکستەکانی بەرامبەر پێشمەرگە، رق و کینیەکی بەرامبەر کورد بەرهەمهێناوە، بۆیە دەبێت ئامادەباش بین بۆ هەموو ئەگەرێک، هەروەها نابێت هێزی پێشمەرگە لەگەڵ هیچ هێزێکی عەرەبی (سوننە یان شیعە) تێکەڵ بکرێت و ئۆپەراسیۆنی هاوبەش ئەنجامبدەن**

# چۆنیەتی تێکشکاندنی داعش



**دۆغو ئەرگیل***
**بۆ گوڵانی نووسیوە**

یەکێک لە کاریگەرترین و پڕبایەخترین هێزەکان کە پێگەیەکی سەنتراڵیی بۆ ساڵی ٢٠١٤ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا داگیر کردبوو، دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بوو.

بە مەترسیدارییەوە چاودێری سەرهەڵدان و گەشەکردنی رێکخراوەکە کراوە، تاوەکو لە کۆتاییدا ژمارەیەکی زۆری وڵات و نەتەوەکان لە ناوچەکەو دەرەوەی ناوچەکەشدا پرۆسەی لە ناوبردنی ئەم رێکخراوەیان بە پێویستییەکی هەنووکەیی زانیوە؛ بەڵام چۆن ئەم کارە بکرێت؟

یەکێک لەو ستراتیژیەتانەی کە مشتومڕی لەبارەوە دەکرێت، بریتییە لە گرتنەبەری رێگەچارەی سەربازی کە وەك پێویست هێزی زەمینی ئەمریکا لە خۆبگرێت و لەلایەن هێزەکانی هەرێمی کوردستانەوەو بە دیاریکراوی لە لایەن هێزی (پێشمەرگە) و سوپای عێراق و خێڵە سوننییە مەشق پێکراوەکانەوە پشتیوانییان لێ بکرێت، دەکرێت بەشداریکردنی تورکیا گوڕوتینی زیاتر بەم لایەنە لۆکاڵییانە بدات.

گرتنەبەری ئەم «رێگەچارەیەش» پێویستی بە قەناعەت پێهێنانی دەوڵەتی تورکیا هەیە، کە مەرجی پێشوەختەی داناوە وەك سەپاندنی ناوچەی دژە فڕین و رووخاندنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە سووریا، ئەم دوو داواکارییەش لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانێتیە نێودەوڵەتییەکەوە- کە دژی داعش پێکهێندراوە- رەتکراونەتەوە.

فاکتەرێکی دیکە بریتییە لە قەناعەت پێهێنانی سوننەکان کە لە دوای رووخانی دەسەڵاتەکەی (سەددام حوسێن)ـەوە لە چەقی دەسەڵات لە عێراقدا دوورخراونەتەوە و هەروەها سوننەکانی سووریا کە نزیکن لە ئیخوانی ئیسلامیەوە، بۆ ئەمانیش لەلایەن بەهێزترین لایەنە لۆکاڵەکانەوە مایەی بێزاری بووە، کۆمەڵە شرۆڤەکارێك کە پشتیوانن بۆ رێگەچارەی سەربازی لەو باوەڕەدان کە بۆردومانی ئاسمانیی چڕ و پڕ تا ئەندازەی لە ناوبردن، سەرچاوە مرۆیی و ئابوورییەکانی داعش لاواز دەکەن. بەڵام سەرەڕای نزیکەی ١٢٠٠ گورزی ئاسمانی کە لە دژی ئامانجە جۆراوجۆرەکانی داعش ئەنجام دراون، چ لەلایەن فڕۆکەی بە فڕۆکەوان، یان بێ فڕۆکەوانەوە کە لە مانگی ئابی ٢٠١٤ تا ئێستا جێبەجێکراون، بەڵام هێشتا وەك پێویست کاریگەرییەکانیان هەڵنەسەنگێندراوە، ئەوە روونە کە داعش بە شێوەیەکی کوشندە نەکەوتۆتە ژێر کاریگەرییەکانی بۆردومانەکانەوە.

ئەوەی بە بەشدارییپێکردنی سوننەکانەوە پەیوەستە، ئەو شرۆڤەکارانە ئاشنان بە هەلومەرجە هەرێمایەتییەکە و لەو بارەیەوە دەڵێن: نزیکەی ٢٠ ملیۆن سوننە لە سووریا و عێراقدا هەن. ئەوان خوازیارن دەسەڵات بە دەستی خۆیانەوە بێت. هەر ئەوەش هۆکاری ئەوەیە کە بە شێوەیەکی گشتی چالاکانە یاخود بە پەنهانی و ژێراوژێر پشتیوانی داعش دەکەن. ئەوان نە باڵادەستی ئەمریکا و نە باڵادەستی شیعەکان و نە دەسترۆیشتوویی کوردیان لە ژیانی خۆیاندا ناوێت. مەحاڵە بەم رێگەیە بتواندرێت پەیوەندی سوننەکان بە داعشەوە بپچڕێندرێت.

ئەگەر بژاری سەربازی لە رێی هاوپەیمانێتیەوە شکست بێنێت، ئەوا ئەلتەرناتیڤی ئەمە پابەندبوونە و بریتی دەبێت لە هەناردەکردنی هێزی زەمینیی زیاتر و زیاتری ئەمریکا، کە بەمەش ناکۆکییەکان لە سووریا و عێراقدا ئاڵۆزتر دەبن، هەروەها ئەو چارەسەرەی پێشنیاری رێگەچارەی بەشدارییپێکردنی سوننەکان دەکات لە دژی داعش، گریمانەی دیکەی بۆ دێتەپێش ئەویش پشتیوانیی بژاریی جیاکردنەوەی فایلی سووریا لە فایلی عێراقە.



بە لای زۆر کەسەوە دەستپێشخەریی سەربازی لە سووریادا بە شێوەیەك لە شێوەکان لە شەڕەکەی ئەو وڵاتەدا تیۆری تێوەگلان دێنێتە پێشەوە، ئەمەش دوو ئاستە. یەکێکیان بریتییە لە شەڕکردن لە دژی رژێمە دیکتاتۆرییەکەی ئەسەد، ئەوی دیکەیان بریتییە لە شەڕکردن لە دژی داعش.

هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە تا ئێستا سوپای ئازاد لە سووریا سەرکەوتوو نەبووە. کەواتە، پێویستە عێراق ببێتە ناوەندی تێکشکاندنی داعش کە لە کۆتاییشدا هۆکار بێت بۆ ئەوەی هەمان شت لە سووریا دووبارە بکرێتەوە.

هێشتا هەر ئەم رێگە چارەیەش پشت بە گورزی ئاسمانی کاریگەر دەبەستێت بە مەبەستی رێگەگرتن لە کۆبوونەوەی هێزەکانی داعش لە ناوچەگەلێکی دیاریکراو، بۆ ئەوەی نەتوانن بە ژمارەیەکی زۆری چەکدار و کەلوپەلەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بڕۆن، بەتایبەت لە نێوان عێراق و سووریادا. داعش بەوە ناسراوە کە دوو ئامانج بەدەست بێنێت: بەرفراوانکردنی خاك و تۆکمەکردن و کۆنترۆڵکردنی خۆی بەسەر ئەو خاکانەی دەستیان بەسەردا دەگرێت. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە لەو ناوچانەدا کە زۆرینەیان سوننەنشینن دەوڵەتی راگەیاندووە.

لە کاتێکدا گورزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا بوونەتە هۆی ئەوەی داعش نەتوانێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچە سوننەنشینەکاندا بەرفراوانتر بکات، بەڵام ئەم گورزانە رێگری نەکردووە لە تۆکمەکردنی دەسەڵاتەکەی داعش، ئەویش لەبەرهۆیەکی سادە، چونکە ئەم رێکخراوە هەم لە سووریا و هەم لە عێراقیش سوود لە ناڕەزایەتی بەربڵاوی سوننەکان وەردەگرێت، ئەو ناڕەزایەتییەی کە بەهۆی ئەنجامدانی هەڵسوکەوتی ناڕەوا لە دژیان و سەرکوتکردنیان لەلایەن حکومەتی شیعەکانەوە لە هەردوو وڵاتەکەدا دروست بووە. پێویستە سوننەکان دڵنیا بکرێنەوە لەوەی شیعەکان کۆنترۆڵ ناگرنەوە دەست، ئەویش بە رێگەی ئەوەی سوننەکان ئۆتۆنۆمییان بۆ دەستەبەر بکرێت و خۆیان بەرگری لە خۆیان بکەن، وەك پێشمەرجێك لەبەرامبەر هاوکاریکردنیان لە دژی داعش. دەکرێت ستراتیژیەتێکی لەم چەشنە بۆ پارێزگاکانی نەینەوا و ئەنبار لە عێراقدا پیادە بکرێت، کە تا رادەیەك نموونەی بەرهەڵستییان لە دژی داعش پیشان داوە، بەڵام دڵڕەقانە سەرکوتکراون، ئەوەش بەهۆی حکومەتی بەدگومانی شیعەی بەغداوە، کە هەموو دارایی و پشتیوانییەکی لێ بڕیون.

بۆ ئەوەی سوننەکان بچنە نێو هاوپەیمانێتیەکەی دژ بە داعش، ئەوا دەبێت قەناعەتیان پێ بهێندرێت لەبارەی دابەشکردنی دەسەڵاتەوە لە نێوان بەغدا و خێڵە سوننەکان تا بوار بدات بە ئۆتۆنۆمییەکی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان لە باکووری عێراق. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت سوننەکان کۆنترۆڵی سیاسەت و هێزە ئەمنییەکانی خۆیان بکەن، هەروەك ئەوەی لە کوردستاندا بەدی دەکرێت. بەڵام دەبێت قەناعەت بە شیعەکانیش- کە بوونەتە مایەی رق لێبوونەوە- بهێندرێت، لەبارەی ئەم ئامانجەوە. ئەمەش پێویستی بە دیپلۆماسیەتێکی گونجاوی ئەمریکایی دەبێت، کە هەم قەناعەت بە هێزە لۆکاڵییەکان و هەم بە هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکیانیشی بهێنێت. ئەمەش کاتی زیاتری دەوێت و ئایندەی سووریا بە فەرامۆشکراوی دەهێڵێتەوە تا ئەو کاتەی داعش لە عێراقدا تێکدەشکێندرێت.

---

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

**نزیکەی ١٢٠٠ گورزی ئاسمانی لە دژی ئامانجە جۆراوجۆرەکانی داعش ئەنجام دراون، چ لەلایەن فڕۆکەی بە فڕۆکەوان، یان بێ فڕۆکەوانەوە کە لە مانگی ئابی ٢٠١٤ تا ئێستا جێبەجێکراون، بەڵام هێشتا وەک پێویست کاریگەرییەکانیان هەڵنەسەنگێندراوە، ئەوە روونە کە داعش بە شێوەیەکی کوشندە نەکەوتۆتە ژێر کاریگەریەکانی بۆردومانەکانەوە**




**عەدنان موفتی**

**ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ گوڵان:**

# ڕۆڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژی داعش گرنگ بووەو دنیاش بە ڕێزەوە سەیری دەکات

**ئیرادەی هێزی پێشـــمەرگە وەرچەرخانی لەســـەر زەوی بۆ بەرژەوەندیی کورد و کوردستان و جیهان دروستکرد، لەم شەڕە گەورەیەی دژی داعش بەڕێز مسعود بارزانی خۆی لە بەرەکانی شەڕەوە سەرپەرشتی شەڕی کردووە و هەموو فەرماندە ســـەربازییەکانی کوردستانیش وەك سەرۆکەکەیان لە ریزی پێشـــەوە و هاوشانی پێشمەرگە دەجەنگن، ئەم قارەمانیەتەی پێشـــمەرگە وەرچەخانی سیاسیشی دروستکردووە و پرسیاری گرنگیشی وروژاندووە، ئایا دوای ئەم شەڕە هاوکێشەکان چی دەبن؟ کورد بڕیاری چی دەدات؟ عێراق دەگاتە کوێ ؟ بۆ قســـەکردن لەســـەر ئەم پرســـانە ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ بەڕێز عەدنان موفتی ئەندامی مەکتەبی سیاســـی یەکێتی نیشـــتمانی کوردستان ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** شەڕی داعش بۆ کوردستان هەم دەرفەتە و هەم تەحددی بۆ ئایندەی کوردســـتان، بەڕێزتان وەك سیاســـەتمەدارێك، چۆن ئەو دەرفەت و تەحددییانە دەبینن؟**

- گەلی کوردســـتان ســـاڵەهای ســـاڵە خەبات دەکات و بێبەش کراوە لەوەی مافی ئەوەی هەبێت خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێت، رەگ و ریشەی پێشێلکردنی ئەم مافەش دەگەڕێتەوە بۆ دوای رووخانی دەوڵەتی عوسمانی، لەبـــەر ئەوەی دوای رووخانی ئەو دەوڵەتە زۆربەی زۆری ئـــەو نەتەوانەی لەناو ئیمپراتۆریەتی عوســـمانی دەژیان، ســـەربەخۆییان بۆ دابینکـــرا و بوونە خاوەنـــی دەوڵەتی ســـەربەخۆ، بەڵام لەو نێوەندەدا کوردستان دابەشکرا، بۆیە لەو کاتەوەی کوردســـتان دابەشکراوە، گەلی کوردستان بۆ ئازادی و بۆ دیاریکردنی ئایندەی خۆی خەبات دەکات و قوربانی دەدات، لەم پێناوەشدا قۆناخی زۆرجیاوازی بڕیوە و تووشـــی شەڕی دەوڵەتان بووە، بەتایبەتیش لە باشووری کوردستان گەیشتۆتە ئەو ئاستەی بە بەکارهێنانی چەکی کیماوی و ئەنفال ژینۆساید بەرامبەر گەلەکەمان بکرێت، لە ئێستاشدا مەترسییەکی گەورەتر رووبەڕووی گەلەکەمان وســـەرجەم گەلانی ئازادیخواز بۆتەوە کە ئەویش مەترسی تیرۆریستانی داعشە، کە ناویان لە خۆیان ناوە «خەلافەتی ئیســـلامی لە عێراق و شـــام». من وای دەبینم شەڕی تیرۆریستانی داعش شەڕێکی درێژخایەنە و پێویستی بە هـــاوکاری تێکڕای دەوڵەتانی ئـــازاد و دیموکراتی هەیە بۆ ئەوەی ئەم مەترسییە لەسەر مرۆڤایەتی دووربخەنەوە، بۆ خۆشـــمان وەك هەرێمی کوردستان ئەم شەڕە شەڕێکی هەمە لایەنە و پێوســـتە شـــان بە شـــانی بەرەی شەڕی راســـتەوخۆی هێزەکانی پێشـــمەرگە لە دژی داعش، لە ناوخۆی کوردســـتانیش هاووڵاتیان هاریـــکاری تەواوی دامودەزگاکانـــی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بن، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ئاشـــتی و ســـەقامگیری ناوخۆی کوردســـتان بکەن، لەهەر بوارێکدا کەمتەرخەمی هەبێت، پێویستە ئەو کەمتەرخەمییە چارەسەر بکرێت.

*** بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەستپێکی هێرشـــی تیرۆریســـتانی داعش بۆ ســـەر کوردســـتان، بڕیاری شـــەڕی سەرتاســـەری لە دژی داعش راگەیاند و راســـتەوخۆش سەرپەرشـــتی بەرەکانی شەڕی دەکرد و لە پێشەوەی ســـەنگەرەکانی بەرگری پێشـــمەرگە بووە، ئایا تاچەند ئەم بڕیارەی ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان بۆ شەڕی سەرتاســـەری لە دژی داعش و بوونی خۆی لە پێشەوەی بەرەکانی هێزی پێشمەرگە هاوکێشەکەی بۆ بەرژەوەندی کورد گۆڕی؟**

- بڕیاری ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان بە راگەیاندنی شەڕی سەرتاسەری دژی تیرۆریستانی داعش، بڕیارێکی بەجـــێ بوو، ئەو لەم شـــەڕە بە ئەرکی خۆی هەســـتا و دەبێت هەموو خەڵکی کوردســـتانیش بـــە ئەرکی خۆیان هەڵبستن، سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی کوردســـتانە و ئەرکـــی خۆیەتی بەو رۆڵە گرنگە لەم کاتە هەســـتیارە هەڵبستێت، ئەمەش بە هەند وەرگیراوە و هاندەرێکی گرنگ بووە بۆ یەکخستنی پێداویستی رووبەڕووبوونەوەی دەوڵەتی بە ناو ئیسلامی کە گشـــت لایەنە سیاسییەکان پشتگیری لێ دەکەن و دنیاش بە رێزەوە تەماشای ئەو هەوڵە و رۆڵی پێشمەرگە دەکەن لە بەرەکانی زوممار و شنگالەوە تادەگاتە تەلوەرد و خورماتوو و خانەقین و جەلەولا، ئەمە وادەکات هەموو لایەك پێکەوە هەماهەنگ بین بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریســـتان. ئەو سەرکەوتنانەی بەم دواییە لە شنگال و دەوربەری، جێگەی دڵخۆشـــییەکی گـــەورە بوو، ئەم ســـەرکەوتنە دوای ئەو کارەســـات و نەهەماتییە گەورەیە هات کە بەسەر خەڵکی ئـــەو ناوچەیە هات، بەتایبەتی کوردانی ئێزیدی، هەروەها ئەم سەرکەوتنانە دوای ناخۆشیەکی زۆر هاتن، بەتایبەتی کە تیرۆریســـتانی داعـــش دوای داگیرکردنی موســـڵ هێرشیان کردە ســـەر زوممار و شنگال و لەملاشەوە بەرەو هەولێر هێرشیان کرد، بۆیە ئەم مەترسییەی تیرۆریستانی داعش هەموو لایەکمان هەســـتمان پێکـــرد، پلان دارێژرا بـــۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریســـتان و دوورخســـتنەوەی ئەو مەترسییە. ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان و تەواوی

**هێشتا هەندێ ئاسەواری شەڕی ناوخۆ ماون و چارەسەر نەکراون، دەبێت ئەو ئاسەوارانە نەهێڵین بۆ ئەوەی کۆسپەکانی بەردەم یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە لابەرین**

**هەرێمی کوردستان ئەگەر یەک هەرێمیش بێت لە عێراقدا، ئەوا دەبێت ئەم هەرێمە لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی و مێژوویی و جوگرافی بێت**

**پێش هەموو شت دەبێت لایەنی کوردستانی هەوڵبدات بە شێوەیەکی یاسایی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بخاتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوجا باس لەوە بکرێت ئایا مانەوەی عێراقێکی فیدڕاڵ بوونی هەیە، یان نە**

**عێراق وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەئایین و فرە فەرهەنگ و کەلتووریشە و ئەگەر ئەو عێراقە بیەوێ بە یەکگرتوویی بەردەوام بێ، هەر دەبێت ئەو جیاوازییانە قبووڵ بکات و ڕێز لەگشت پێکهاتەکانی بگرێ و ددان بە مافی چارەی خۆنووسیندا بنێت**

**عێراق لە بری ئەوەی ببێتە دیموکراتی و فیدراڵی بووە دەوڵەتێکی فاشیل، لە ئێستاشدا پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی عێراق ئاسایی نین و بەشێکی گرنگی عێراقیش کەوتۆتە دەستی تیرۆریستانی داعش، سوپای عێراق شکستی هێناوە و نەیتوانیوە وەک سوپایەکی نیشتمانی بێلایەن و سەرکەتوو بێت**

**دەوڵەتی کوردستان دەبێت زەمینەی ئەوەی بۆ خۆش بکرێت نەکەوێتە ناو شەڕێکی دیکە، بەڵکو دەبێت پەیوەندی باشی لەگەڵ دراوسێکانی هەبێت بە عێراقیشەوە، سەبارەت بە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش، ئێمە پشتگیریان دەکەن بەلام ئەوان خۆیان بڕیار دەدەن**

فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆیان ڕاستەوخۆ لە بەرەکانی شەڕ بوون و بە سەدان پێشمەرگە بوونە قوربانی هەتا ئەم سەرکەوتنانە تۆمار کران، بۆیە من پێموایە گرنگە ئەم سەرکەوتنانە ببنە هاندەر بۆ ئەوەی زیاتر یەکڕیزی گەلەکەمان بپارێزین و زووتر هێزی پێشمەرگە یەکبخەینەوە، هەموو ئەو دامودەزگایانەی تا ئێستا یەکیان نەگرتۆتەوە، پەلەی لێ بکەین و یەکبگرنەوە.

*** سەرۆکی هەرێمی کوردستان ماوەی سێ مانگە لە بەرەکانی شەڕە، ئایا تاچەند گرنگە پشتگیری بکرێت بۆ ئەوەی سەرکەوتنەکان بەردەوام بن؟**

- پێش هەموو شت سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کوردستانە و ئەمە ئەرك و خواستی خۆیەتی کە دەبێت فەرماندەی هەموو شەڕەکان بێت هەر لە شنگال تا جەلەولا، دەبێت بە هەمان ڕۆحیەتەوە بەردەوام بێت بۆ ئەوەی سەرکەوتنەکان بەردەوام بن، بۆیە من لە کاتێکدا دەستخۆشی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و تەواوی فەرماندە سەربازییەکان و تەواوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەم، لە هەمانکاتدا دڵنیام بوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەکان لە بەرەی پێشەوەی شەڕ هۆکارە بۆ سەرکەوتنی خێراتر و کەمکردنەوەی زیانەکان بەتایبەتی شەهیدبوونی پێشمەرگە.

*** ئەوەی لەماوەی ئەو چەند مانگەی شەڕی داعش وەرچەرخانی گەورەی لە کوردستان دروستکرد، بڕیاری پەرلەمانی کوردستان بوو، بە ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ هاوکاری براکانیان لە کۆبانێ، دیارە لە رووی سەربازییەوە باسی ئەمە ناکەین، بەڵام لە رووی سیاسی و دیپلۆماتییەوە، چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ چ مانایەکی بۆ ئایندەی سیاسیی کوردستان لە ناوچەکەدا هەیە؟**

- بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، جووڵاندنی هێزی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی هەرێم دەبێت بە بڕیاری پەرلەمان بێت، بۆیە کە پەرلەمان دوای ناردنی نامەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو بڕیاری داوە، ئەوە بڕیارێکە لە جێگەی خۆیەتی، لەلایەکی دیکە ئەم شەڕەی ئێستا ڕووبەڕوومان بۆتەوە، شەڕێکی جیهانییە و تەنها شەڕی کورد نییە، هەر بۆیە لە کەنداو تا دەگاتە ئەمریکا و ئەوروپا و ئوسترالیا لەم شەڕەدا هاوکاری هەرێمی کوردستان دەکەن، بۆیە ئێمەش کاتێك دەبینین براکانمان لە ڕۆژئاوا ڕووبەڕووی هەمان مەترسی بوونەتەوە و لەگەڵ تیرۆریستان لە شەڕێکی سەختدان، دەبێت چیمان لەدەست بێت، هاوکارییان بکەین، ئەرکی سەرشانی پێشمەرگەشە لە هەر شوێنێکی کوردستان پێویست بێ، لەوێ بەرگری لە کوردستان بکات، چونکە کوردستان یەك نیشتمانە، لە کوێ پێویستی هەبێت، دەبێت هاوکارییان بکەین، ئێمەش پێویستمان بێت، دەبێت پارچەکانی دیکە هاوکاری باشوور بکەن، بۆیە لە کاتێکدا وڵاتان هاوکاری کوردستان بکەن، ئەوا لە سەرمان فەرزە ئێمەش هاوکاری بەشێکی دیکەی کوردستان بکەین، ئێستا هەموو مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی دوژمنێك بوونەتەوە کە دەیەوێت مرۆڤایەتی بگێڕێتەوە بۆ سەردەمی تاریکی و ڕووی ئیسلامیشی شێواندووە، بۆیە گرنگە پیاوانی ئایینی و دامەزراوەکانی ئیسلامی وەك جامعەی ئەلئەزهەر و کۆنگرەی ئیسلامی و ...تاد، لە ئاستی ئەم وەحشییەتەی داعش بێدەنگ نەبن و باشتر بێنە دەنگ.

*** ئێستا بارودۆخێکی گرنگی مێژوویی هاتۆتە پێشەوە بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك سوپایەکی هاوچەرخی دامەزراوەیی بنیادبنرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەم سوپایە توانای ئەوەی هەبێت بەرگری لە کوردستان بکات، ئایا تاچەند گرنگە لەم قۆناخەدا پشتگیری لە یەکگرتنەوەی پێشمەرگە بکرێت بۆ ئەوەی دامەزراوەیەکی نیشتمانی و یەکگرتوو ببێت؟**

- پێشتر ئاماژەم بەوە کرد کە گرنگە بۆ ئەم قۆناخە هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکبگرێتەوە، هەروەها ئەو دامەزراوانەی دیکەش کە تائێستا یەکیانە گرتۆتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٦ دوای ئەوە ئیدارەی هەولێر و سلێمانی یەکیگرتەوە، رای ئێمە وەك پارتی و یەکێتی بەو جۆرە بوو هەر چوار وەزارەتی (پێشمەرگە، ناوخۆ، دارایی، داد) ئەم چوار وەزارەتە وەزیر و بریکاریان هەبێت، بەڵام وەزیر بەرپرس بێت و بریکار هاوکاری بێت، ئەم میکانیزمە بۆ ئەو کات و بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان پێویست بوو، بۆ ئەوە بوو ئاسەواری شەڕی ناوخۆ بسڕینەوە، بەڵام ئەم پرسە دواخرا و هەمووشمان بەرپرسیارین لەو دواکەوتنە، هۆکاری ئەم دواکەوتنە بۆ ئەوە بوو، هەردوو بەڕێزان مام جەلال و کاك مسعود بارزانی و هەروەها هەردوو مەکتەبی سیاسی لە سەرەوە پەیوەندییەکانیان زۆر باش بوو، بەڵام ئەم پەیوەندییە باشە و تێگەیشتن لە ڕێککەوتنی ستراتیژی شۆڕ نەبووەوە بۆ ناو جومگەکانی پارتی و یەکێتی، ئەمە وایکرد هەتا ئێستا یەکەی ٧٠ و ٨٠ی پارتی و یەکێتی لەناو هێزی پێشمەرگە وا بمینێ، بە گەڕانەوە بۆ ئەو بڕیارەی ساڵی ٢٠٠٦ و دانانی بەرنامەیەکی گرنگ و بەپەلە، بەتایبەتی ئێستا کە بۆتە پێداویستی بۆ ئەم قۆناخە و لە شەڕی دژی داعش پێویستمان زیاتر بە یەکڕیزیی هێزی پێشمەرگە هەیە، ئەوا دەتواندرێت هەنگاوی جددی بنێین، لەم پرسەدا گرنگە خێرا بچینە ناو وردەکارییەکان، وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ بەرپرسانی هەردوو حزب کۆبێتەوە بۆ ئەوەی متمانەی پێویست دروست بێت و هەموو پێکەوە

هەنــگاو هەڵبگرین بۆ جێبەجێکردنی ئــەو بڕیارە، لەبەر ئەوەی گرنگە لە پرســی واگرنگدا راشکاو بین، هێشتا هەندێ ئاسەواری شەڕی ناوخۆ ماون و چارەسەر نەکراون، دەبێت ئەو ئاسەوارانە نەهێڵین بۆ ئەوەی کۆسپەکانی بەردەم یەکگرتنەوەی هێزی پێشــمەرگە لابەرین. هەتا ئێستا ئەم پرسە پرســی میدیاکانە و هەر لایەو لە رێگەی میدیاوە رای خۆی دەردەبڕێت، بەڵام ئەم پرسە پرسی میدیا نییە و پێویستی بەوەیە بەپەلە پێکەوە کۆبینەوە و پرسیار بکەین، بۆچی تائێستا هێزی پێشمەرگە یەکینەگرتۆتەوە؟ بۆچی لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردســتان دوو ئاســایش بوونی هەیە؟ تا رادەیەك باشــە لە ناو ئیدارەی هەرێم ئەم پرسە بە یاسا چارەسەرکراوە، بەڵام دیسان هێشتا بەو ئاستە نییە، هاووڵاتی لە هەردوولا بە ئاسانی هەستی پێدەکات.

***ئێستا بارودۆخێك هاتۆتە پێشەوە سنوورەکان کاڵبوونەتەوە، دوای ســەرکەوتنەکانی پێشــمەرگە لــە دژی داعش و بەرگری شەرڤانان لە کۆبانێ، ئێستا باشووری کوردستان دەتوانێت کاریگەری هەبێت بۆ دەرهێنانی پەیەدە و پەکەکە لە لیســتی تیرۆر، ئایا تاچەند گرنگە هاوکاریان بین بۆ ئەوەی لە لیستی تیرۆر دەریان بهێنین؟**

- هێزە سیاســییەکانی باشــووری کوردستان هیچ کاتێك پەیەدە و پەکەکەیان بە تیرۆریســت نەزانیوە، بەڵکو ئەوان خەباتێکــی رەوایان کــردووە، زۆر جاریش ناکۆك بووین و تەنانەت شەڕیشــمان کردووە، بەڵام زۆر جاریش هاوپەیمان بووین و ئەوانمان بە خاوەن هەق زانیوە و بەتیرۆریســتمان نەزانیــون، مەســەلەی بوونی ناویان لە لیســتی تیرۆر دەدەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی سیاسەتی تورکیا لە ساڵانی شــەڕی پەکەکە لەگەڵ ئەم وڵاتە، هەروەها بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە ساڵانی رابردوودا کە تەنیا بیری لە پاراستنی پەیوەندییەکانی خۆی دەکردەوە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، هــەر لەو ســاڵانەدا ناوی پارتــی و یەکێتیش بە ناهەق خرابوونە ناو ئەو لیســتە، کاتی ئەوە هاتووە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکا و ئەوروپا راستەوخۆ دیالۆگ لەگەڵ هەموو هێزەکانی کوردستان بکەن بە پەیەدەو پەکەکەشەوە، بۆ ئەوەی هێزەکانی کوردســتان بەشێك بن لە چارەسەری کێشەکانی تورکیا و سووریا، بەتایبەتیش سوریا کە ئێستا راســتەوخۆ کورد شەڕی تیرۆریستان دەکات و بەبێ کورد ئەو کێشانە چارەسەر ناکرێن.

*** پێناچێت جارێکی دیکە عێراق بگەڕێتەوە بۆ مۆدیلی ئــەو دەوڵەتەی کە هەتا حوزەیرانی ٢٠١٤ بوونی هەبووە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەتا ئەگەر داعشــیش نەمێنێت و عێراق وەك دەوڵەتێکیش بمێنێتەوە، ئەم دەوڵەتەی ئێســتا نابێت، ئایا ئایندەی عێراق و هەروەها ئایندەی باشــووری کوردستان لە عێراقدا چۆن دەبینن؟**

- لە بەرنامەی تەلەفزیۆنێکی عەرەبی و لە وەڵامی پرسیاری ئەو تەلەفزیۆنە باسی ئەوەمکرد، ئەو دەستوورەی لە ساڵی ٢٠٠٥ دامانڕشت و پاشان دەنگمان پێدا بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای ئەو دەســتوورە عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدڕاڵی و دیموکراتی، عێراق لــە بری ئەوەی ببێتە دیموکراتی و فیدڕاڵی بووە دەوڵەتێکی فاشیل، لە ئێستاشدا پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی عێراق ئاسایی نین و بەشێکی گرنگی عێراقیش کەوتۆتە دەســتی تیرۆریستانی داعش، سوپای عێراق شکســتی هێنــاوە و نەیتوانیوە وەك ســوپایەکی نیشــتمانی بێلایەن و سەرکەتوو بێت، لە بەرامبەر ئەوەشدا لای هەمووان ئاشــکرایە کە ناکــرێ بگەڕێینەوە دواوە و قبووڵــی دیکتاتۆریەت بکەین، دیــارە عێراق وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەئایین و فرە فەرهەنگ و کەلتووریشــە و ئەگەر ئەو عێراقە بیــەوێ بە یەکگرتوویی بەردەوام بێ، هەر دەبێت ئەو جیاوازییانە قبووڵ بکات و رێز لەگشــت پێکهاتەکانی بگرێ و ددان بە مافی چارەی خۆنووسیندا بنێت. پێموایە دوای لەناوبردنی داعش دەبێت کۆرســێکی تازە دەست پێبکات و هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە کورد و شیعەو سوننە و تورکمان و کریستیانەوە، گرنگە هەموو پێکەوە راشکاوانە لەسەر ئایندەی عێراق کۆبینەوە و بزانین ئایا لە ماوەی ١٢ ساڵی رابردوو هەڵەکانمان چی بوون و لە چیدا و لەکوێدا هەڵەمان کردووە؟ لایەنی کوردســتانی دەبێت لەم دیالۆگە راشــکاوانە بێت و قسە لە دڵی خۆیدا نەهێڵێتەوە، پێش هەموو شــت دەبێت لایەنی کوردستانی هەوڵبدات بە شــێوەیەکی یاســایی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بخاتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوجا بــاس لەوە بکرێت ئایا مانەوەی عێراقێکی فیدڕاڵ بوونی هەیە، یان نە؟ لەمەشدا پێویستە ئەمجارە لایەنی کوردی باس لە تایبەتمەندی خۆی بکات، واتە هەرێمی کوردستان ئەگــەر یەك هەرێمیش بێت لە عێراقــدا، ئەوا دەبێت ئەم هەرێمە لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی و مێژوویی و جوگرافی بێت، بەشەکانی دیکەی عێراق چۆن دەبنە هەرێم، نابێت ئــەوە کاری ئێمە بێت و ئەوان خۆیان یەك نەتەوە و یەك زمانن، کاری ئێمە دەبێت رێزگرتن لە ئیرادەی خەڵك بێت و ئەوان بڕیاری خۆیان بدەن، سەبارەت بە کوردستانیش دەبێت بیر لــە رێگەچارەیەکی دیکــە بکرێتەوە و دەبێت دەوڵەتی کوردســتان زەمینەی ئــەوەی بۆ خۆش بکرێت نەکەوێتە ناو شەڕێکی دیکە، بەڵکو دەبێت پەیوەندی باشی لەگەڵ دراوســێکانی هەبێت بە عێراقیشەوە، سەبارەت بە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش، ئێمە پشتگیریان دەکەن بەڵام ئەوان خۆیان بڕیار دەدەن.

**ئەم شەڕەی ئێستا رووبەڕوومان بۆتەوە، شەڕێکی جیهانییە و تەنها شەڕی کورد نییە، هەر بۆیە لە کەنداو تا دەگاتە ئەمریکا و ئەوروپا و ئوستراليا لەم شەڕەدا هاوکاری هەرێمی کوردستان دەکەن**

**پێوستە شان بە شانی بەرەی شەڕی راستەوخۆی هێزەکانی پێشمەرگە لە دژی داعش، لە ناوخۆی کوردستانیش هاووڵاتیان هاریکاری تەواوی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بن، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ئاشتی و سەقامگیری ناوخۆی کوردستان بکەن**

**شەڕی تیرۆریستانی داعش شەڕێکی درێژخایەنە و پێویستی بە هاوکاری تێکڕای دەوڵەتانی ئازاد و دیموکراتی هەیە بۆ ئەوەی ئەم مەترسییە لەسەر مرۆڤایەتی دووربخەنەوە**

# پاڵنەری کورد لە گرتنەوەی شنگال



**دەیڤید رۆمانۆ**
**(ئوستادی سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزووری)**

**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

لە کاتی دارشتنی ئەم نووسینەدا، پێشمەرگەکانی هەرێمی کوردستان توانییان چیای شنگال و بەشێکی زۆری شارەکە بگرنەوە، لە کاتێکدا هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) هێشتا بەشەکانی باشووری رۆژهەڵاتی شنگالیان بەدەستەوەیە، لە مانگی کانوونی یەکەمەوە بە ئاشکرا تین و تاوی شەڕەکە لە بەرژەوەندی کورد گۆڕدراوە. زۆربەی ئەو ناوچانەی لەلایەن داعشەوە دەستیان بەسەردا گیرا لە سەروەختی هێرشە کتوپڕو غەفڵەتگیرەکەی مانگی ئابدا بۆ سەر هێزەکانی هەرێمی کوردستان ئێستا کەوتوونەتەوە بندەستی کورد.

ئەمە هەواڵێکی پێشوازیلێکراو بوو، بەتایبەتی لەلایەن دانیشتووانی ئێزیدی ناوچەکەوە. ئەگەرچی ئێزیدییەکان لە رووی ئیتنیەوە کوردن، بەڵام ئەوان پەیڕەوی لە ئایینێکی پێش ئیسلام دەکەن و بەو هۆیەشەوە بۆ چەندین سەدە رووبەڕووی ستەم و چەوساندنەوە بوونەتەوە. چەند سەد ساڵێك پێش ئێستا، لەسەر دەستی خێڵە سوننەکان دووچاری کاولکاری و تاڵانکردن بوونەوە. لە رۆژگاری هاوچەرخی دەوڵەتی عێراقیشدا، دانیشتووانی ئێزیدی رووبەڕووی ستەم و سەرکوتکاریی بوونەتەوە، هەم بەهۆی ئایینەکەیان و هەم بەهۆی کوردبوونیانەوە. لە ئەنجامی ئەو مێژووە تاڵەشیاندا زۆرێك لە ئێزیدییەکان جۆرێك لە گۆشەگیرییان هەڵبژارد. ئەگەرچی هەندێکیان بوونە کەسانێکی چالاك لە ژیانی سیاسی کورددا، بەڵام زۆریان پێیان باشتر بوو دوورەپەرێزبن و لە نزیك مەزارە پیرۆزەکانی چیاکەیاندا – ژیان بەسەر بەرن-. بەڵام ئەم رەوشە گۆڕانکاری بەسەردا هات، بەتایبەتی دوای هاتنی ئەلقاعیدە بۆ عێراق و هێرشکردنی ئەم رێکخراوە بۆ سەر ئەم پێکهاتە بچووکە لە رێی پەلاماردانێکی بەربڵاویی خۆکوژییەوە. ئێزیدییەکان داوایان لە هەرێمی کوردستان و بەغدا کرد بۆ ئەوەی پارێزگارییان لێ بکەن و هاوکارییان بکەن لە دروستکردنی هێزی بەرگری لۆکاڵی تایبەت بە خۆیان.

دواتر لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٤دا داعش لە زنجیرە هێرشێکی خێرادا دەستی بەسەر زۆرێك لە شارۆچکە و گوندەکانیانداگرت. پتر لە ٣٠٠،٠٠٠ ئێزیدی- زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی ئێزیدی لە عێراق- ناچار بە هەڵاتن کران. ئەو ئاوارانەی لە چیای شنگال گیریان خواردبوو، دووچاری برسێتی بوونەوە، لەبەر ئەوەی چەکدارانی داعش ئابڵوقەی دامێنی چیاکەیان دابوو، هەموو رێگەیەکی هەڵاتنیان گرتبوو. بە هەزاران ئێزیدی کومەڵکوژکران و ژنان

و کچانی ئێزیدی دەستگیر کران و لەلایەن هێزەکانی داعشەوە وەك کۆیلە فرۆشران. بۆ ئێزیدییەکان تارمایی قێزەونی جینۆساید لە ئاسۆدا دەرکەوت.

لە دوای هاوینی پڕ لە چەرمەسەری ساڵی ٢٠١٤ـەوە، هەم هەرێمی کوردستان و هەم هێزە کوردییەکانی سووریا- یەپەگە- هاتن بە هانای ئێزیدییەکانەوە بۆ رزگارکردنیان. ئەوان چەك و تەقەمەنییەکانی خۆیان لەگەڵ جەنگاوەرە ئێزیدییە خۆبەخشەکاندا بەشکرد و پێشوازییان لێکردن لە ریزەکانیاندا. ئەوان شەڕیان کرد بۆ کردنەوەی رێڕەوێك بۆ چیای شنگال لە پێناوی رزگارکردنی ئاوارەکان، ئێستاش سەرقاڵی رزگارکردنی چیاکە و ناوچەکانی دەوروبەرین لە دەستی داعش. لە ئەنجامی ئەم کارانەشدا، جەنگاوەرە جوامێرەکانی هەرێمی کوردستان و یەپەگە ئەوەیان بۆ ئێزیدییەکان سەلماند کە ئەوان بەشێکن لە نەتەوەی کورد- ئەوان ئەو برایانەن کە دەتوانن پشتیان پێ ببەستن لە کاتی تەنگانە و دژواریدا. لە کاتێکدا داعش ئاو لە کانی سەدە کۆنەکانی رق و قین و نالێبوردەیی ئایینی دەخواتەوە، ئەوا سوننە و شیعە و مەسیحیەکان و کوردستانییەکانی دیکە (لە نێویاندا تورکمان و تەنانەت عەرەبیش) شەڕ دەکەن بۆ پارێزگاریکردن لە برا ئێزیدییەکانیان. ئەگەر تاقیکردنەوەی راستەقینەی هاونیشتمانییەکان تەنیا لە کاتە هەرە سەخت و دژوارەکاندا بێت، ئەوا بەربەرییەتی داعش ئەوەی پیشان دا کە لەمڕۆدا ئێزیدییەکان بە تەنها نین. ئەوە میحنەتی ئێزیدییەکان بوو کە گیریان خواردبوو لە چیای شنگال کە ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا وەك یەکێك لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی گورزە ئاسمانییەکانی لە دژی داعش لە مانگی ئابی رابردوودا باسی بکات.

لەو کاتەوە، رزگارکردنی شنگال بۆتە خاڵی کۆکەرەوەی هەموو کوردستان. تەنها کورد توانیویانە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە و بە بەردەوامی پاشەکشە بە داعش بکەن، لە ماوەی چەند مانگی کەمی رابردووشدا شەڕ لە دوای شەڕ شکستیان بە داعش هێناوە. هەرچۆنێك بێت، پێدەچێت پرسیارکردن لەبارەی ئەوەی هێزەکانی کورد چۆن ئەم کارەیان کرد، هێندەی کارەکە خۆی گرنگ بێت: ئەگەرچی لە هەموو کاتێکدا بەدمتمانەیی و ناڕەزایەتی لە ئاستێکی بەرزدان، بەڵام لە ناوچە رزگارکراوەکاندا هیچ کۆمەڵکوژییەك دەرهەق بە عەرەبەکان نەکراوە لەلایەن کوردەوە. هیچ کردارێکی سەربڕین و ئیعدامکردنی بە کۆمەڵی زیندانییەکان رووی نەداوە بە چەشنی ئەوەی لەسەر دەستی داعش و هەندێ لە میلیشیا شیعە عەرەبەکان لە باشوور ئەنجام دراون.

بەهۆی پێداگیری و ئیرادەیان لە گۆڕەپانی شەڕدا و بەهۆی پابەندبوونیان بە پێوەرە هاوچەرخەکانی شەڕەوە، کورد توانیویانە سەرسامی و ئیعجابێکی زۆر لەسەر ئاستی جیهان بۆ خۆیان بەدەست بێنن لە ماوەی ئەم شەڕەدا. لە ئەمریکا و ئەورووپا و ئوستralia و شوێنەکانی دیکە، سەرۆك حکومەتەکان و راگەیاندن و تەنانەت خەڵکی ئاسایی کە هەرگیز پێش ساڵی ٢٠١٤ ناوی شنگالیان نەبیستبوو بە وردی و سەرسامییەوە لەم چیرۆکە پەرەسەندووە دەڕوانن. تەنانەت بێ ئەوەی خاوەنی دەوڵەتی خۆشیان بن، پێشمەرگە و هەڤاڵانیان لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە پاشەکشە بە هێزێك دەکەن کە هەردوو سوپای سووریا و عێراق لەبەردەمیدا هەڵاتن. هەروەها جیهان وێنەی کچە شەڕڤانەکان دەبینێت کە لە کۆبانێ و ناوچەکانی دیکە شەڕ دەکەن، کە گومان هەڵناگرێت ئەوان پاڵەوانی ئەم چیرۆکە پەرەسەندووەن.

لەم رووەوە، لەو هەورە رەش و تاریکەی داعش لەگەڵ خۆیدا هێناوە لایەنێکی پرشنگدار هەیە- ئەم شەڕە وێنەی کوردی لە سەر ئاستی جیهان بەرەوپێش بردووە، زیاتربوونی تەبایی و یەکگرتوویی نێوان کورد (لە نێوانیاندا ئێزیدییەکان) و گەڕاندنەوەی متمانە بە خۆیان، هەموو ئەمانە وایان کرد رۆژئاوا هەم چەك و هەم مەشق و راهێنان بۆ کورد دەستەبەر بکات، ئەزموونێکی بێئەندازە بەهاداری شەڕکردن فێری نەوەی نوێی جەنگاوەرانی کوردی بکەن. ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆری کەسانی بوێر و ئازیز گیانیان کردە قوربانی و دەکەنە قوربانی لە شەڕەکەیاندا دژ بە داعش، بەڵام قوربانییەکانیان بە فیڕۆ نەچووە.

بە دڵنیاییەوە، دژوارییەکی زۆر لە ئارادا دەمێنن. زۆری ماوە بڵێین لە رووی سەربازییەوە داعش کۆتایی هاتووە، ئەگەری ئەوە هەیە شەڕێکی سەخت و لەسەرخۆ بەلای کەمەوە لە بەشێکی زۆری ساڵی ٢٠١٥دا بەردەوام بێت. تەنانەت شکست پێهێنانی داعشیش درێژەی نەکێشاو بەم نزیکانە روویدا، ئەوا تارمایی مەترسی دیکە لە ئاسۆدا دەردەکەون لە لایەن دراوسێیەکەوە کە رەنگە دژوارترین و سەختترین دراوسێ بێت لە جیهاندا.

ئەگەرچی کورد ژیانیان لەگەڵ ئەم دراوسێیەدا هەڵنەبژاردووە، بەڵام پێدەچێت لە کۆتاییدا فێری ئەوە بووبێتن کە چۆن تیایدا سەرکەوتوو بن و سوود لە هەر هەلێك وەربگرن کە بۆیان دێتەپێش. ئەگەر هەر گەلێك، یان بزووتنەوەیەکی سیاسی بۆ ماوەیەکی سنووردار سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت، ئەگەر پڕ جموجوڵ بن و ئامادە بن و ئیرادەی ئەوەیان هەبێت خەباتێکی بە کۆمەڵ بکەن بۆ بەدەستهێنانی خەونەکانیان، ئەوا رەنگە ئەمە ئەو کاتە بێت کە بۆ کورد هاتۆتەپێش.

**لەو هەورە رەش و تاریکەی داعش لەگەڵ خۆیدا هێناوە لایەنێکی پرشنگدار هەیە، ئەم شەڕە وێنەی کوردی لە سەر ئاستی جیهان بەرەوپێش بردووە، زیاتربوونی تەبایی و یەکگرتوویی نێوان کورد (لە نێوانیاندا ئێزیدیەکان) و گەڕاندنەوەی متمانە بە خۆیان، هەموو ئەمانە وایانکرد رۆژئاوا چەک و هەم مەشق و راهێنان بۆ کورد دەستەبەر بکات**

**رزگارکردنی شنگال بۆتە خاڵی کۆکەرەوەی هەموو کوردستان. تەنها کورد توانیویانە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە و بە بەردەوامی پاشەکشە بە داعش بکەن، لە ماوەی چەند مانگی کەمی رابردووشدا شەڕ لە دوای شەڕ شکستیان بە داعش هێناوە**




نەخێر، هەمو موسڵمانێکی فەرەنسی تیرۆریست نییە

# هێرشەکەی سەر شارلی بیدۆ هەر موسڵمانێک وەک تیرۆریستێکی تەوقیتکراو پێناسە دەکات



دکتۆر عادل باخەوان*

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

**تیرۆریزمی رادیکاڵەکان بۆ سەر شارلی ئیبدۆ لە حەوتی ئەم مانگەدا، وەك گوزارشتێکی راستەقینە لە ئیسلام وێنادەکرێت و ئیسلام هیچ نییە تەنها ئەمە نەبێت و ئەم رادیکاڵانە نوێنەری راستەقینەی ئیسلامن. لەم گوتارەدا، ئیسلام ئەو ئایینەیە کە مۆدێرنیتە رەد دەکاتەوە، تێکەڵ بە جمهووریيەت نابێت، دژی ژیارە، کەلتووری پێ قبووڵ نییە، تەنها بە خوێن و لەسەر خوێن ئیشدەکات و بۆ خوێن و بەخوێنەوە دەژی.**

لەم ساتەوەختە گرنگەدا، تەواوی فەرەنسا هەر لە سیاسییەکەوە تا دەگاتە هاوڵاتیکی سادە، لە ژێر کاریی هەڵچوونەکانیدایە و ئەوەی کار دەکات زۆر بە کەمی عەقڵ و لێکدانەوە بابەتییەکانە و زیاتر گوزارشتکردنە لە هەستەکان، بە رادەیەك کە لە ئێستا و ئێرەدا و لە ژێر کاریی ئەم تەوژمەدا، چەند مەترسییەك بەرێوەن؛ یەکێك لەوانە بریتییە لە: چۆنیەتی و چیەتی ئامادەبوونی موسڵمان لەنێو کۆمەڵگەی فەرەنسیدا. واتە پرسیارەکە لە دۆخی تاوان و تیرۆریسمەوە گوزەری کردووە بۆ دۆخێکی وجوودی: ئایا لە کۆمەڵگەی فەرەنسیدا رێگە بە بوونی موسڵمان بدرێت یان نا؟

لێرەوە، ئەم رووداوە، یان ئەم هێرشە تیرۆریستییە دەکرێت بە کەرەسەی گفتوگۆ لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی لە فەرەنسادا؛ ئاشتییەك کە وادەخرێتە سەر شانۆکان کە لە ژێر هەرەشەی گەورەدا بێت. بێگومان کاتێك باسی هەرەشەش دەکەین، راستەوخۆ مەبەست لە ئامادەیی موسڵمانەکانە، نەك تەنها لەسەر ئاستی دیمۆگرافی، وەك ئۆلیڤەر روا دەڵێت، بەڵکو لەسەر ئاستی وجوود، بێهودە نییە کە ئێریك زمور، رۆشنبیری راستڕەوی فەرەنسا، باس لە «تەرحیلی» موسڵمانەکان دەکات، دروست وەك نازییەکان کە لە چلەکانی سەدەی رابردوودا جوولەکەکانیان تەرحیلکرد و پاشان لەناویانبردن.

بێگومان مێژووی پرسیارکردن لەسەر ئامادەیی موسڵمانان لە کۆمەڵگەی فەرەنسیدا، لە پەلاماردانە تیرۆریستیەکەی جیهادیستەکان بۆ سەر شارلی ئیبدۆوە دەستپێناکات، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی درێژتر؛ کە دەکرێت وەك ترس لە کۆچبەران و ترس لە توانەوەی کەلتوور و ترس لە ئاوابوونی ژیاری رۆژئاوا لای چەندین ئەکتەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی دەستنیشان بکرێت. هەروەك چۆن چەپی توندڕەو بەناوی شوناسی عەلمانیەتەوە بەشداری لە دروستکردنی ئەم دۆخەدا دەکات، ئاواش راستی توندڕەو بەناوی شوناسی رۆژئاوای مەسیحیەوە هەمان بەشداری دەکات و پێکەوە ئەم دۆخە دروستدەکەن.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، دوو گوتاری دژ بەیەك، کە هیچکامیان پەیوەندییان بە واقیعی موسڵمانی فەرەنسیەوە نییە و گوزارشت لە سۆسیۆلۆژیای ئەم واقیعە ناکەن، چونکە زیاتر ئایدۆلۆژین، دەردەکەون و خۆیان وەك تەنها وەڵامێکی مومکین بە هێرشە تیرۆریستییەکەی سەر شارلی ئیبدۆ دەخەنە سەر شانۆکان.

لە گوتاری یەکەمدا، تیرۆریزمی رادیکاڵەکان بۆ سەر شارلی ئیبدۆ لە حەوتی ئەم مانگەدا، وەك گوزارشتێکی راستەقینە لە ئیسلام وێنادەکرێت و ئیسلام هیچ نییە تەنها ئەمە نەبێت و ئەم رادیکاڵانە نوێنەری راستەقینەی ئیسلامن. لەم گوتارەدا، ئیسلام ئەو ئایینەیە کە مۆدێرنیتە رەد دەکاتەوە، تێکەڵ بە جمهووریيەت نابێت، دژی ژیارە، کەلتووری پێ قبووڵ نییە، تەنها بە خوێن و لەسەر خوێن ئیشدەکات و بۆ خوێن و بەخوێنەوە دەژی. بەمشێوەیە، ئەم گوتارە هەژموندارە دێت و هەر موسڵمانێك وەك تیرۆریستێکی تەوقیتکراو پێناسەدەکات، هەر موسڵمانێك هەڵگری سیستمێکی ئامادەباشییە کە دەتوانێت لە هەر چرکەساتێکدا بیکات بە قەسابەکانی شارلی ئیبدۆ. تەنها موسڵمانێك کە لە دەرەنجامە سەلبییەکانی ئەم گوتارە رزگاری دەبێت کە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و بەدەنگی بەرز هاوار بکات کە ئەو کەسێکی لیبراڵە و هەموو بنەماکانی لیبرالیسمی لە کۆتاییەوە تا سەرەتا قبووڵە، وەك بەشێك لە سۆسیۆلۆگەکان دەڵێن.

لە گوتاری دووهەمدا، ئێمە ئاڕاستەیەکی دیکەمان هەیە کە هەموو تواناکانی دەخاتە کار بۆ ئەوەی پێمان بڵێت: تیرۆریسم هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلامەوە نییە و تیرۆریستەکان مافی ئەوەیان نییە بە ناوی ئیسلامی منەوە قسە بکەن و ئیسلام ئایینی لێبوردەییە و لەسەر کاریکاتێرێك هەرگیز مرۆڤ ناکوژێت. هەڵگرانی ئەم گوتارە پێیانوایە، هەرەشەی هەرە گەورە بە تەنها تیرۆریستەکان نین، بەڵکو هەموو ئەو سیاسی و نووسەر و رۆشنبیر و تەنانەت هاوڵاتییانەن کە دەرۆنە چوارچێوەی ئیسلامۆفۆبیاوە. بیناکارانی ئەم گوتارە پێیانوایە کە ئەوەی بەرپرسیارە لە تیرۆریزم و رادیکالیزەکردنی ئەکتەرەکان و قەسابخانەکەی شارلی ئیبدۆ، ئیسلام نییە، بەڵکو ئیسلامۆفۆبیا لەلایەك و دوورخستنەوە و پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسییە لەلایەکی دیکەوە. بەڵام لە راستیدا من پێموایە ئەم خوێندنەوانە پەیوەندییان بە واقیعی رووداوەکان نییە وەك ئەوەی کە هەن و زیاتر

**ئەم جیهادیستە نوێیانە لە دابڕانێکی قووڵ و ریشەییدان لەگەڵ ئەو ئیسلامەی کە نەوە بە نەوە و زیاتر لە هەزار و چوار سەد ساڵە بۆیان بەجێماوە و پێیانگەیشتووە**

**تیرۆریستە نوێیەکان لە منالّدانی خێزانەکان و تەنانەت مزگەوتەکانەوە نایەنە دەرەوە، بەڵکو لە منالّدانی ئەنتەرنێت و کۆڵانەکانی فەیسبوکدا دێنەدەرەوە و خۆیان یەکەم ئەکتەری دروستکردنی تیرۆریزمی خۆیانن**

لە سەر ئاستی ئایدیۆلۆژی خۆی دروستدەکات. واتە ئەوەی گرنگە بۆ ئەم گوتارانە، تێگەیشتن لە واقیع نییە، بەڵکو سەپاندنی روانینێکە بەسەر واقیعدا. راستە ئەکتەرە جیهادیستە نوێیەکان، لەو تایپەی کە پەلاماری شارلی ئیبدۆی دا، بەردەوام کلیك لەسەر خەیاڵدانێکی ئیسلامی دەکەن و بۆ شەرعیەتدان بە چالاکییە تیرۆریستییەکانیان ئیسلام وەك سەرچاوە بەکاردەهێنن، دروست وەك کەتیبە سوورەکانی ئیتاڵیای شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردوو کە مارکسیزمیان وەك سەرچاوەی شەرعیەتدان بە چالاکییە تیرۆریستییەکانیان بەکاردەهێنا، بەڵام ئەوەش راستە کە هەمان ئەم جیهادیستە نوێیانە لە دابڕانێکی قووڵ و ریشەییدان لەگەڵ ئەو ئیسلامەی کە نەوە بە نەوە و زیاتر لە هەزار و چوار سەد ساڵە بۆیان بەجێماوە و پێیانگەیشتووە. ئەوان لە دابڕاندان لەگەڵ ئیسلامی خێزانەکانیاندا، لە دابڕاندان تەنانەت لەگەڵ ئیسلامی کۆمەڵگە ئیسلامییەکانیشدا.

لەبیرمان نەچێت وڵاتێکی وەك بەلجیکا، زیاتر لە قەتەر، کوێت، عومان، بەحرەین، تەنانەت میسریش، ئەکتەری رادیکاڵی توند و تیرۆریست بە رێکخراوێکی وەك داعش دەبەخشێت! لێرەوە، تیرۆریستە نوێیەکان، چەند لە دابڕاندان لە گەڵ ئیسلامی مێژووییدا، هێندەش لەنێو کەلتووری رۆژئاوادا غەرق بوون! چۆنیەتی پەیوەندیکردن بە دنیای دەرەوە، چۆنیەتی نمایشکردنی چالاکییە تیرۆریستییەکان، چۆنیەتی بەرهەمهێنانی زەبروزەنگ، چۆنیەتی ئامادەکردنی سیناریۆکانی بەرهەمهێنانی تیرۆریزم، ئەو کۆمەڵە داتایانەن کە دەمانبەنەوە سەر غەرقبوونی ئەم رادیکاڵانە لە نێو کەلتووری «کۆمۆنیکاسیۆن»ی رۆژئاوادا و دابڕانیان لە ئیسلامی مێژوویی. کەم نین ئەو خێزانە موسڵمانە ئەوروپییانەی کە کاتێك دەزانن کوڕەکانیان دەیانەوێت بڕۆن بۆ سووریا یان عێراق، خێرا تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەن و ئاگاداریان دەکەنەوە! ئەمە داتایەکی گرنگە و تێماندەگەیەنێت کە چ دڕانێك لەنێوان ئیسلامی خێزانەکان و ئیسلامی ڤیرتیوڵی کوڕەکانیاندا هەیە. بەدیوێکی دیکەدا، هەموومان دەزانین کە مزگەوتەکانی فەرەنسا خاڵین لەم جۆرە رادیکالیزەکراوانە. رەنگە هەندێك پێیانوابێت لەبەر هۆکاری ئەمنییە و بۆ ئەوەیە کەشف نەکرێن! بەڵام لە راستیدا هۆکارەکان زۆر لەمە قووڵترن. لە خەیاڵدانی سیاسی ئەم جیهادیستە نوێیانەدا، مزگەوتەکانی فەرەنسا و ئیمامەکانیان، کۆمەڵێك موشریك و مورتەدن و خوێنیان وەك خوێنی شارلی ئیبدۆ حەڵاڵە. لەبیرمان نەچێت یەکێك لە قوربانییەکانی محەمەد مەرەح، کە قەسابخانەکەی تولوزی لە ٢٠١٢ ئەنجامدا، موسڵمان بوو، هەر وەك یەکێك لە قوربانییەکانی قەسابخانەکەی شارلی ئیبدۆش پۆلیسێکی موسڵمان بوو کە بە برینداری تکای لێکردن نەیکوژن، بەڵام ئەوان هەر کوشتیان!

راڤەکردنی ئەم داتایانە و چەندین داتای دیکەش، دەمانگەیەنێت ئەو دەرەنجامەی کە ئێمە پێمانوابێت، تیرۆریستە نوێیەکان لە منالّدانی خێزانەکان و تەنانەت مزگەوتەکانەوە نایەنە دەرەوە؛ هەرچەند خێزانەکان و مزگەوتەکان توانایی ئەوەیان تیادایە کە رۆڵی بەهێز ببین لە دروستکردن، یان نەکردنی هەلومەرجی کەسی تیرۆریستدا، بەڵکو لە منالّدانی ئەنتەرنێت و کۆڵانەکانی فەیسبوکدا دێنەدەرەوە و خۆیان یەکەم ئەکتەری دروستکردنی تیرۆریزمی خۆیانن، بەو مانایەی کە لەنێو پرۆسەیەکدا کە لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا پێیدەوترێت: خۆرادیکالیزەکردن. ئەوەی بەلای ئەم ئەکتەرانەوە گرنگە، پرسی بە ئیسلامیکردنی کۆمەڵگەی فەرەنسی نییە، بەڵکو گەڕانە بەدوای شوناسی پاڵەوانیەتیدا. هەموومان گوێمان لێبو چۆن لە بەردەم بارەگای شارلی ئیبدۆدا، یەکێك لە تیرۆریستەکان هاواری دەکرد: «تۆڵەی پێغەمبەرم کردەوە!». ئەو دەیەوێت بە هەموو دنیا بڵێت: من ئەو پاڵەوانەم، دروست وەك پاڵەوانی نێو فیلمەکانی هۆلیۆد، کە گەورەترین چالاکی نامومکینم ئەنجامداوە.

بە کورتی من دەمەوێت بڵێم: موسڵمانانی فەرەنسا، تەواو بەپێچەوانەی ئەو گوتارە هەژموندارەی کە وەك دوژمن دەیانخاتە سەر شانۆ، هاوڵاتی فەرەنسین و ئاوێزانی کۆمەڵگەی فەرەنسی بوون. دەزگاکانی پۆلیس، هەواڵگری، پەروەردە، راگەیاندن، کۆمپانیاکان، رووبەری وەرزش، ...، هەمو دەزگاکانی جمهوورییەت، هەر لە کۆشکی ئێلیزێ تا دەگاتە قوتابخانەیەکی سەرەتایی، پڕن لە کارمەندی فەرەنسی بە ئایین موسڵمان و ئەمەش نەك هەر گرفتیان بۆ دروست ناکات، بەڵکو شانازیشی پێوە دەکەن. ئەکتەرە تیرۆریستەکان، نەك هەر گوزارشت لەم موسڵمانانە ناکەن، بەڵکو لە دابڕانێکی رەگوڕیشەیشدان لەگەڵیاندا و لە چرکەساتی کوشتندا، هیچ جیاوازییەك لەنێوان فەرەنسی موسڵمان و فەرەنسی جوولەکە و فەرەنسی بودیست و فەرەنسی مولحید و فەرەنسی کاتۆلیکدا ناکەن. لێرەوە گەڕان بە دوای جالیەیەکی ئیسلامی (کۆمینۆتێیەکی ئیسلامی) لە فەرەنسادا، کە لە پەراوێزی کۆمەڵگەدا دەژی، یەکێکە لەو وەهمانەی کە هیچ پەیوەندییەکی بە واقیعی کۆنکرێتی کۆمەڵگەی فەرەنسییەوە نییە.

---

*** سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس**

# ئێمە بە چ تیۆرێکی میدیایی کار دەکەین؟



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

وێـــڕای ئەوەی زۆرێك لە وڵاتانی جیهـــان چەندین بیردۆزی کارکردنیان تاقیکردۆتەوە لە بواری کاری میدیاییدا و، دواجار بیردۆزێکیان پەســـەند کردووە کە لەگەڵ ئاستی خەڵك و باری سیاســـی و کۆمەڵایەتی ئەواندا دەگونجێـــت، بەڵام ئێمە لە هەرێمی کوردســـتاندا هێشـــتا خاوەنی بیردۆزێکی میدیایی تایبەت بە خۆمان نین، هەر لەبەر ئەمەشـــە خەریکە لە جیاتی ئەوەی میدیا بەشـــێك بێت لەچارەسەر، کەچی زۆرجار زۆرێك لە میدیاکان بوونەتە بەشێك لەگرفت!

لە بیردۆزی دەسەڵاتەوە کە بڕیاری دەدا میدیا تەنها لەدەستی دەســـەڵاتدا بێت و تا بیردۆزی ئازادیـــی کە قازانجی دارایی و ئازادی ڕەها داوا دەکات و بۆ بیردۆزی سۆشیالیســـتی کە دوای دەکرد میدیا تەنها لە دەســـتی حـــزب و چینی کرێکار و پرۆلیتاریـــادا بێت، تا بیردۆزی گەشـــەپێدانی ســـەردەمی جیهانی ســـێ و خەریکبوون بە باسەکانی ناسنامە و کەلتوور لـــە ژێرچاودێریـــی دەوڵەتدا، بـــۆ بیردۆزی بەشـــداربوونی دیموکراســـییانە کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە میدیا لە خزمەتی خەڵکدا بێت، نـــەك بەپێچەوانەوە، تا دەگەینە ئەوەی کە دواجار زۆرێك لە وڵاتان گەیشـــتنە ئەوەی کە گونجاوترین بیردۆزی میدیایی، بیردۆزی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتییە، کە لایوایە ئازادیی وەك ئەوەی مافە، لە هەمان کاتیشـــدا ئەرکە و قازانج و فەزا و ئاســـمانی فراوانـــی ئازادییش بە بنمیچی بەرپرســـیارێتییەوە گرێدەدات و هەبوونی میدیایەکی ڕاستگۆ و ئاســـت بەرز و خاوەن زانیاریی دروستیش بە مافێکی تاك و کۆمەڵگە دەناسێنێت.

ئەمـــڕۆ لە ســـایەی ئازادیـــی کاری میدیـــادا، میدیاکاران پێویســـتییەکی زۆریان بە هەســـتکردن و بـــە پابەندبوون بەو بەرپرســـیارێتییە کۆمەڵایەتییە هەیە، بـــۆ ئەم ئامانجەش ئەم هەنگاوانە پێویستن:

یەکـــەم: گرنگیدان و کارکـــردن بە بیردۆزی بەرپرســـیارێتی کۆمەڵایەتی لەبواری میدیاییدا.

دووەم: کارکـــردن بـــە هەردوو یاســـای مافی دەستخســـتنی زانیارییەکان و یاسای پاراستنی تایبەتمەندییەکانی تاك.

ســـێیەم: کاراکردنی دەزگاکانـــی میدیا بۆ دوورخســـتنەوەی گەندەڵکارانی بواری ڕاگەیاندن.

چـــوارەم: پابەندکردنی هەر دەزگایەك بە بەردەوامبوون لەســـەر بەدواداچوونی ئەو دۆسیە کۆمەڵایەتییانەی کە دەیانکاتەوە تا ئەو کاتەی دۆسیەکە دادەخرێت.

پێنجـــەم: خســـتنەڕووی زانســـتییانەی دیاردە دزێـــوەکان بۆ بنبڕکردنیان و تیشك خستنەسەر لایەنە پۆزەتیڤ و جوانەکانی کۆمەڵگەش بۆ پاراستن و گەشەپێدانیان.

شەشەم: دواخستنی نیشـــاندانی هەندێك بابەتی کۆمەڵایەتیی تایبەت بۆ کاتێکی درەنگی شەو.

حەوتەم: دووركەوتنەوە لە ئیرهابـــی میدیایی و بڵاوکردنەوەی هەواڵی خێرای ناڕاســـت و فێربوونـــی داوای لێبووردنکردن لە هاووڵاتییان لەهەر هەواڵێکی ناڕاست.

هەشـــتەم: خۆدوورگرتـــن لە بەکارهێنانی دۆســـیەی کێشـــە کۆمەڵایەتییەکان بۆ مەرامی تاکەکەسی و تایبەت.

نۆیەم: زانینی ئەو ڕاستییەی کە خاوەندارێتی دەزگای میدیایی مافێکی بنیاتنراوە لەسەر دوو بنەمای متمانە و لێپرساوێتی و ئازادیی میدیاییش نابێت لەسەر حیسابی سەروەریی یاسا بێت.

دەیـــەم: بایەخدان بە ئاسایشـــی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ئاسایشی نیشتمانی.

بۆ ئەمەی ئاماژەمان بۆکرد، ئەم هەنگاوانەش پێویستن :

یەکەم: کردنەوەی بەشی میدیاکارانی کۆمەڵایەتی لە کۆلێژ و پەیمانگەکانی ڕاگەیاندندا.

دووەم: بەشـــداریپێکردنی میدیاکارانـــی کۆمەڵایەتی لەخولی تایبەت و وۆرکشۆپەکاندا.

سێیەم: کاراکردنی ڕۆڵی داواکاری گشتیی بۆ بەدواداچوون و لێپرسینەوە لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

چوارەم: ڕێکخستنی سیمینارێکی هاوبەش لەلایەن وەزارەتەکانی ڕۆشـــنبیری و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و ســـەندیکای ڕۆژنامەنووســـان و بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆکانی هەرێم و ســـەندیکا و یەکێتی کۆمەڵناسانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگـــەی مەدەنی پەیوەســـت بە بـــواری کۆمەڵایەتی و پســـپۆڕانی کۆمەڵناســـی، بۆ داڕشـــتنی بنەماکانی کاری میدیاکارانی کۆمەڵایەتی.

بۆیە تاگەیشتن بەو ئامانجە، زۆر گرنگە میدیاکارانی هەرێم لە ڕێگەی دیدار و وۆرکشۆپ و ئاڵوگۆڕی بیروڕاوە، خۆیان لەنێو تیۆرێکی میدیایی گونجاو بە هەرێمی کوردستان بدۆزنەوە، بە مەبەستی ڕزگاربوون لەفەوزای میدیایی .

# کەی ئەم توندوتیژییە هەڕەمەکییە لە عێراق دەوەستێ؟



عەدنان حوسێن

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

ئایا ئەو توندوتیژییە لەناوبەر و وێرانکەرە کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکـــی وڵاتی گرتۆتەوە کۆتایی دێت؟ پاســـاوی خســـتنەڕووی ئەو پرســـیارە، تەنیا ئەو توندوتیژییە بێ سنوورە نییە کە دوازدە ساڵە لەسەریەك بەردەوامەو خەریکە پێ دەنێتە سێزدەمین ساڵەوە، بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەك بۆ وەســـتانی ئەم توندوتیژییە لە ئاسۆدا دیاربێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی ســـاڵی رابردوو هەروەك ســـاڵی پێشتریش، هەڵکشـــانێکی زۆری کردەوەکانی توندوتیژی و ژمارەی قوربانییەکانی لە کوژراو و برینداران بەخۆوە بینی، وێڕای زیانێکی زۆری ماددی، دەرهاویشتەکانی ئێستا بە هیچ شێوەیەك دڵخۆشکەر نین سەبارەت بە پاشەکشێ چ جای بە وەستانی ئەو توندوتیژییە.

وەڵامی ئەم پرسیارە ئەگەری دوولایەنەی بە بەڵێ و نەخێر دەبێ، بەڵێ دەکرێ کۆتاییەك بۆ ئەو توندوتیژییەی عێراق هەبێت، هەروەها بەڵێ رەنگە ئەم توندوتیژییە بۆ ساڵانی دیکەش درێژە بکێشێت، بەڵکو بۆ چەند دەیەیەکی دیکە و ببێتە هۆی لەباریەك هەڵوەشاندنەوەی وڵات و سڕینەوەی قەوارەکەی بە یەکجاری، توندوتیژییەکە دەوەستێت ئەگەر لایەنانی ئەم توندوتیژییە بڕیاربدەن، ناشوەســـتێت ئەگەر بڕیاریان دا بەردەوام بێت.

بۆ دۆزینەوەی تواناکانی وەستانی توندوتیژییەکە پێویستە سەرنج لەوە بدەین کە لایەنە تێوەگلاوەکانی ئەم توندوتیژییە بریتین لە گروپەکانی ئیسلامی سیاسی، ئەوانە ململانێ لەسەر دەسەڵات و هەژموون و سامان دەکەن بە رووگەی ئایینـــی و مەزهەبی، هەموو ئەو گروپانە بانگەشـــەی ئەوە دەکەن کە گوایە هەوڵدەدەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلام کە دەتوانێت وەڵام بۆ پرسیارەکانی بوونی سەرجەم مرۆڤایەتی دابین بکات و چارەســـەریش بۆ ئەو کێشـــە کۆمەڵایەتییانـــە بدۆزێتـــەوە کە مێـــژووی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە. بەو ناوەی کە (ئیســـلام) چارەسەرە بۆ هەموو کێشەکان، بەتایبەتیش هەژاری و نەخوێندەواری و ستەم و داپڵۆسین، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە هەندێ لەو گروپانە دەســـەڵاتیان لەو وڵاتانە گرتۆتە دەست کە بە ئیسلامی ناسراون، ئەوانە نەیانتوانی هیچ چارەسەرێکی بەڵێن پێدراو بۆ کێشە درێژخایەنەکانی کۆمەڵگەکانیان بدۆزنەوە، بەڵکو ئەو وڵاتانەی کە گروپە ئیسلامییەکان حوکمیان تێداکرد بە جیاوازیـــی مەزهەبەکانیان، هەرەســـهێنانێکی زۆری بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاســـییان بەخۆوە بینیوە، ئەمەش لە ئێران و سودان و ئەفغانستان رووی دا، ئێستاش لە سووریا و لیبیا و یەمەن روودەدات، لە عێراقیش ئەزموونـــی دوازدە ســـاڵەی رابردوو هیـــچ ئاماژەیەکی لێنەکەوتەوە ســـەبارەت بەوەی کە گروپە ئیسلامییەکان، شـــیعەو ســـوننە، کە دەستڕۆیشـــتوو و ململانێکەری حوکمڕانین رەنگە رێکبکەون لەســـەر چارەســـەرێك، یان

رێکبکەون لەسەر ئیدارەدانی ململانێکانیان بە شێوازێکی دیکە و ئاشتییانە، بەڵام کێشەکە لە عێراق تەنیا لە ململانێدا نییە لە نێوان گروپە سیاسییە، شیعە یان سوننەکان لەسەر دەسەڵات و سامان و هەژموون، چونکە هەر یەك لەوانە ئەو بەڵگەیان پیشان نەداوە کە توانای بەڕێوەبردنی دەوڵەتیان هەیە.

لەوەتەی ٢٠٠٣وە تاکو ئێستا، ئیسلامییەکانی شیعە و سوننە زۆرینە بوون لە دەستەی حوکمڕانیدا، لە ئەنجومەنی حوکم و کۆمەڵەی نیشتمانی و دواتر پەرلەمان و لەو حکومەتانەی کە بەدوای یەکدا هاتوون، هەروەها لەوەی کە ناسراوە بە (دەستە سەربەخۆکان)، دواتر ئەوان بەرپرسیارێتی ئەوەیان دەکەوێتە ئەستۆ کە لە وڵات روودەدات، بەتایبەتیش لەسەر ئاستی توندوتیژی و شکستی دەوڵەت لە رووبەڕووبوونەوەو دانانی سنوورێك بۆ ئەم توندوتیژییە.

ئێستا بۆ راگرتنی ئەم توندوتیژییە، یان دوای چەند مانگ، یان ساڵێك یان چەند دەیەیەك پێویستە هێزەکانی ئیسلامی سیاسی دان بەوەدا بنێن کە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا شکستیان هێناوە، یان پێشتر و ئێستاش خۆیان ئامادە نەکردووە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت.

دیارترین دیاردەکانی شکستیان لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەوەدایە کە ئەوان لە توندوتیژی و هەڵکشانی ئەم دیاردەیە هەر بەردەوامن، سەرکەوتنی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە داگیرکردنی شارێکی گەورەی وەك موسڵ لە ماوەی چەند سەعاتێکداو کۆنترۆڵکردنی سێیەکی وڵات لە ماوەی چەند سەعاتێکی کەمدا، لەو دیاردانەش بڵاوبوونەوەی گەندەڵی دارایی و کارگێری بە شێوەیەکی ترسناك لە سەرجەم جومگەکانی دەوڵەت، بەتایبەتیش کە خودی ئیسلامییەکان بەڕێوەی دەبەن، هەروەها لەو دیاردانە خراپیی خزمەتگوزارییە گشتییە بنەڕەتییەکان و هەژاری و بێکاری و نەخوێندەواری هەر بەو ئاستە بەرزە بمێنێتەوە، سەرەڕای زیادبوونی سامان و داهاتی وڵات و گەیشتنی بەو ئاستە بەرزەی کە پێشتر بەم شێوەیە نەبووە.

پاساوهێنانەوە بە بارودۆخی ئەمنی و تیرۆر سوودی بۆ هیچ شتێك نییە، هەندێ شوێن لە عێراق، بۆ نموونە، هەرێمی کوردستان، توانیویەتی بە شێوەیەکی رێژەییش بێت خۆی لە تیرۆر و تێکچوونی باری ئەمنی بەدوور بگرێت، بەمەش ئاستێکی ماقووڵی پەرەپێدان و ئاشتی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی ئەمنی بۆ خۆی بەدیهێناوە.

لە راستیدا گەندەڵی دارایی و ئیداری کە هەموو دەزگاکانی دەوڵەتی گرتۆتەوە وەك تسۆنامی ترسناکە، ئەوەش هۆکارە لەپشت هەڵکشانی کردەوەکانی تیرۆریستی و هێزی تیرۆر، بۆیە گەندەڵی دارایی و ئیداری بە پلەی یەکەم گروپەکانی ئیسلامی سیاسیی لە سوننە و شیعە لێی بەرپرسن، چونکە هەر سەرکردەوە ئەندامانی سەرکردایەتییەکانیان و کادیرانی ئەوانە کە دەوڵەت بەڕێوەدەبەن و جومگەکانی ئیدارەکانی حکومەتیان بەدەستەوەیە، ئەوان لە خەڵکی دیکە زیاتر تۆمەتبارن بەوەی کە دەستیان هەیە لە بەتاڵانبردنی سامانی گشتی. داننانی ئیسلامییەکان بەو راستییە، راستیی شکستهێنانیان لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ئیدارەکردنی ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەروازەیەکی پێویستە بۆ دەستپێکردنی سەردەمێکی تازەی مێژووی وڵات کە بەرەو ئایندەیەکی دیاریکراوی بەرێت لە سایەی ئاسایش و سەقامگیری و پەرەپێدانی بەردەوام.

ئەم داننانە مانای ئەوە نییە، یان وەك پێویست نابێتە پەراوێزخستنی گروپەکانی ئیسلامی سیاسی و دوورخستنەوەیان لە دەسەڵات و سەرچاوەکانی بڕیار، چونکە سروشتی سیستەمی سیاسیی ئێستای وڵات، رۆڵ بۆ ئەوان و بۆ لایەنی دیکەش دەستەبەر دەکات کە ئەو رۆڵە بەقەد قەبارەوە رێژەی دەنگپێدانیان بێت لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی فیدراڵ و پەرلەمانی هەرێمەکان و ئەنجومەنی پارێزگاکان.

داننان بە شکست مانای وایە داننانە بە پێویستی ئەوەی کە گروپەکانی ئیسلامی سیاسی واز لە مەیلی قۆرخکردنی دەسەڵات بهێنن، ئەمەش لە ئێستادا هاندەری سەرەکییە بۆ ململانێ توندوتیژییانەی نێوان ئەم گروپانە، ئەم داننانەش مانای دانانی کۆتاییە بۆ سیاسەتی جیاکاری و پەراوێزخستن کە لەوەتەی ٢٠٠٣ وە تاکو ئێستا گیراوەتەبەر، کە خودی ئەمەش فاکتەری هاندەر بووە بۆ توندوتیژی و توندوتیژی بەرامبەر.


دەبووایە پرۆسەی پێشڕەویکردنی رێکخراوی تیرۆریستی داعش بۆ سێیەکی رووبەری وڵات و وەستانی لە نزیك دەروازەکانی بەغدای پایتەخت و هەڕەشەکردنی لە قەوارەو بوونی دەوڵەت، ببووایەتە نیشانەیەکی جیاکەرەوە لە مێژووی وڵات کە سنوورێك دابنێت لە نێوان سەردەمێکی توندوتیژی بەربڵاو کە تەنیا وێرانکاریی سەرتاسەری لێدەکەوێتەوەو لە نێوان سەردەمێکی بەهێزکردنی سیستەمی دیموکراتی فیدراڵ کە لە ساڵی ٢٠٠٥ لە کاتی دەنگدانی دەستووری هەمیشەییدا بۆ خۆی هەڵبژارد، ئەم نیشانە جیاکەرەوەیە تەنیا بەوە دەبێت کە گروپەکانی ئیسلامی سیاسیی حوکمڕان، دان بە شکستەکانیان لە حوکمڕانیدا بنێن و سنوورێك بۆ لووتبەرزی و لە خۆباییبوونیان دابنێن.

**بۆ دۆزینەوەی تواناکانی وەستانی توندوتیژییەکە پێویستە سەرنج لەوە بدەین کە لایەنە تێوەگلاوەکانی ئەم توندوتیژییە بریتین لە گروپەکانی ئیسلامی سیاسی، ئەوان بە رووگەی ئایینی و مەزهەبی ململانێ لەسەر دەسەڵات و هەژموون و سامان دەکەن**

**پاساوهێنانەوە بە بارودۆخی ئەمنی و تیرۆر سوودی بۆ هیچ شتێک نییە، هەندێ شوێن لە عێراق، بۆ نموونە، هەرێمی کوردستان، توانیویەتی بە شێوەیەکی رێژەییش بێت خۆی لە تیرۆر و تێکچوونی باری ئەمنی بەدوور بگرێت**

# نوێکردنەوەی ئاینی ئیسلام

# بۆ رێگرتن لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و بەربەریەتی داعش



ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئایینی ئاشتی و پێکەوە ژیان و رێزگرتنی کەرامەتی مرۆڤە، لەمەش زیاتر پەیامی ئیسلام پەیامی چاکسازی و لابردنی ئەو نەریتە کۆنانەیە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ناشرین کردووە، پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) هاتووە بۆ رێکخستنەوەی ئەو کۆمەڵگەیەی کە پێشتر بەهۆی نەزانییەوە کەرامەتی مرۆڤی تێدا پێشێلکراوە، لە قورئانیشدا پەروەردگار پێمان دەڵێت، قورئان بۆ ئەوەیە ئاقڵانە بیر بکەینەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە پێشتر لەسەردەمی نەزانیی، نەیانتوانیوە ئاقڵانە بیربکەنەوە، مێژووی ژیان و ماوەی رێبەرایەتیکردنیش لەلایەن پێغەمبەرەوە ئەوەمان پێ دەڵێت، پێغەمبەر(د.خ) وەك رێبەرێکی ریفۆرمخوازو ئاشتیخوازو لێبوردە، پەیامی ئیسلامی بڵاوکردۆتەوە، ئەو بۆ ئەوە نەهاتبوو کۆمەڵگەی عەرەبی تێکبدات و بەشێوەیەکی رادیکاڵانە هەموو بنەماکانی کۆمەڵگە بگۆڕێت و لەسەر کۆمەڵێك بنەمای تازە کۆمەڵگەی عەرەبی بونیاد بنێتەوە، ئەو بۆ ئەوە نێردرابوو رەحمەت و میهرەبانی دروست بکات و کۆمەڵگە لە دیاردەی ناشرین پاکبکاتەوە، هەر بۆنموونە:

١. پەیامی ئیسلام ئەوە بوو کە خەڵکی نیمچە دورگەی عەرەب دووربکەنەوە لە بت پەرستی و بگەڕێنەوە بۆ ئایینی حەزرەتی ئیبراهیم کە یەکتاپەرستیە.

٢. لەو سەردەمە کۆرپەی کچ زیندە بەچاڵ دەکرا، قورئان ئەمەی کۆتایی پێهێنا و رێگەی گرت لەوەی چیدیکە کۆرپەی کچ زیندە بەچاڵ بکرێت.

٣. پێغەمبەر(د.خ) لەماوەی ١٣ساڵی بڵاوکردنەوەی پەیامی ئیسلام لە مەککە بەشێوەیەکی ئاشتیانە ئەم پەیامەی وەك پەیامی یەکتاپەرستی و ئەخلاق و کاری باش بڵاوکردەوە.

٤. پێغەمبەر(د.خ) کاتێك کۆچی کرد بۆ مەدینە، نەك هەر لەسەر ئاستی نیمچە دورگەی عەرەب بەڵکو لەسەر ئاستی ناوچەکە ناسرابوو، بۆیە کە چووە مەدینە، دوای ئەوەی میثاقی مەدینەی دەرکرد کە کۆمەڵگەی مەدینەی وەك کۆمەڵگەیەکی فرە ئایین رێکخستەوە .

٥. پاشان دوای ئەوەی ئیسلام بەهێز بوو لە فەتحی مەکە، پێغەمبەر(د.خ) مەکەی بەشێوەیەکی ئاشتیانە کۆنترۆڵ کرد، بەدوای تۆڵە سەندنەوە نەکەوت.

کە ئەم مێژووە پرشنگدارەی ئیسلام و پێغەمبەر(د.خ) دەخوێنینەوە، هەست دەکەین ئیسلام بێجگە لە رەحمەت بۆ مرۆڤایەتی شتێکی دیکە نییە، بەڵام کە ئێستا سەیر دەکەین کۆمەڵێك تاوانباری مرۆڤایەتی وەك تیرۆریستانی داعش بە ناوی ئیسلامەوە ئەو کارە نامرۆڤایەتی و وەحشیانە دەکەن، هەقە هەڵوەستەیەك لەسەر خۆمان بکەین و بپرسین، بۆ ئەم جۆرە دڕندەیە دروست بووە؟ ئایا تیرۆریستانی داعش لە ناو مێژووی ئیسلامدا جێگەیان دەبێتەوە؟ ئایا چەند گرنگە جارێکی دیکە ئەم ئایینە پیرۆزە کە رەحمەتە بۆ مرۆڤایەتی بخوێنینەوە و رێگەی ئایندەمان رۆشنبکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لەم باسەدا من باسی نوێکردنەوە یاخود نوێسازی دەکەم و، بابەتەکە بەسەر چەند تەوەرێك دابەش دەکەم:

١. ئەقڵ سەرچاوەی خواناسینە.

٢. لابردنی ئەو شتانەی کە لەسەر ئیسلام کەڵەکە بوون.

٣. جیاکردنەوەی سونەتی مرۆڤ لە سونەتی خوا.

٤. نەبوونی رەمزێك وەك ناسنامەی ئیسلامی لە جیهانی ئێستادا.

٥. پێداچوونەوە بە مەنهەجی کۆلێژی شەریعە و قوتابخانە ئایینەکان لەکوردستان.

٦. پێشمەرگە و رەوینەوەی مەترسی داعش لەسەر کوردستان.



## د.محەمەد شەریف

سەرۆکی کۆڕبەندی فیکری ئیسلامی کوردستان

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

**لە بیری سەلەفیدا دەق دەخەنە پێش ئەقڵ، ئەوەی لەدەق هاتووە وەک خۆی سەیری دەکەن و بەئەقڵ لێکدانەوەی بۆ ناکەن، هەر بۆ نموونە خوا ئەفەرمووێت (ید الله فوق ایدیکم)، ئەگەر بە ئەقڵ ئەم دەقە بخوێنینەوە، ئەقڵ بە مەحاڵی دەزانێت خوا دەستی هەبێت**

**ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی عوسمانییەکانی رووخاند، وڵاتانی رۆژئاوا نەبوو، بەڵکو دەوڵەتی ئیسلامی خۆی خۆی رووخاند، لەبەر ئەوەی لە زانست دوورکەوتنەوە، لەبری ئەوەی سوود لە نەهزەی ئەورووپی وەربگرن، هەستان رەتیانکردەوە**

**راستە هاوکاری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ سەرکەوتنی پێشمەرگە گرنگ بوو، بەڵام ئەگەر مسعود بارزانی نەبوایە هاوکارییەکان بەو ئاستە کاریگەر نەدەبوون**

**● ١. ئەقڵ وەك بناخەی ئایین و بناخەی خواناسین**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کۆدەنگی زانایانی ئایینی ئیسلام، هەموو لەسەر ئەوە هاوڕان کە ئەقڵ بناخەی ئایین و خواناسیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە خواناسین بە ئەقڵ دەکرێت، لە ئیسلامدا دوو بنەمای سەرەکیمان هەیە کە بریتین لە(ئەقڵ و نەقڵ) ،دیارە مەبەست لە نەقڵ واتە گواستنەوە یان وەرگرتن لە دەقەکان، دەقەکانیش قورئان و سونەتە، ئەقڵیش دەلیل یان رێگە پیشاندەر دەکاتە دووبەش، یەکەمیان دەلیلی ئەقڵی کە بەرهەمی ئەقڵی مرۆڤە، دووەمیان دەلیلی نەقڵی، لە قورئان و سونەتەوە دەبنە رێگە پیشاندەر.

زانایانی ئیسلام دەڵێن بێجگە لە غەیبیات کە تا ئێستا ئەقڵی مرۆڤ پەی پێنەبردووە، لە هەر مەسەلەیەکی دیکە دەلیلی ئەقڵی و دەلیلی نەقڵی هاودژ بوون، ئەوا دەلیلی ئەقڵی پێش دەلیلی نەقڵی دەکەوێت.

بەڵام لەزۆربەی مێژووی گەشەسەندنی ئیسلامدا، نەقڵ پێش ئەقڵ خراوە، ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەقڵ لەسەر دەق نەرۆیشتووە، بەڵکو ئەمە بەو مانایەی لەو کاتەی هاودژ دەبن ئەوا ئەقڵ پێش دەق دەکەوێت.

با لێرەدا ئەو پرسیارە بکەین ئایا بیری سەلەفی لەسەر چ بنەمایەك دروست بووە؟ بێگومان لە بیری سەلەفیدا دەق دەخەنە پێش ئەقڵ، ئەوەی لەدەق هاتووە وەك خۆی سەیری دەکەن و بەئەقڵ لێکدانەوەی بۆ ناکەن، هەر بۆ نموونە خوا ئەفەرمووێت( یـد الله فوق ایدیکم)، ئەگەر بە ئەقڵ ئەم دەقە بخوێنینەوە، ئەقڵ بە مەحاڵی دەزانێت خوا دەستی هەبێت، چونکە ئەگەر دەستی هەبوو، واتە لاشەشی هەیە، کە لاشەی هەبوو واتە پێداویستیشی هەیە، کە پێویستی هەبوو، واتە خوا نییە، بۆیە ئەقڵ پێمان دەڵێت، ئەمە لەزمانی عەرەبی پێی دەڵێن مەجاز وەك مەجاز دەست بەکارهاتووەو واتەکەی ئەوەیە(ید الله واتە قدرة الله) ، بەڵام سەلەفیەکان دەڵێن، نەخێر دەستی هەیە بەس نازانین چۆنە. ئەمەش مانای ئەوەیە لای سەلەفیەکان دەق تەئویلی بۆ ناکرێت، بۆیە هەندێك جار سەلەفیەکان بەو جۆرە وەسفی پەروەردگار دەکەن کە وەك ئەوەی لەسەر عەرشێك دانیشتبێت و ئەم کەونە بەڕێوە بەرێت. کەواتە کێشەی سەلەفیەکان هەر ئەوە نییە کە لەسەر رێگەی پێغەمبەر(د.خ) و سونەت دەڕۆن، بەڵکو لەسەر رووکەش دەڕۆن و دەق تەئویل ناکەن بە قووڵی، بۆیە سەلەفی ئەگەر بە مانای پەیڕەو کردنی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) بانگێشە بکەن، ئەوا لە باری واقیعیدا، قورئانیشیان لاداوە و تەنها لەسەر فەرموودەکانی پێغەمبەر دەڕۆن، فەرموودەکانی پێغەمبەریش(د.خ) کێشەی لەسەر هەیە، لەبەر ئەوەی لەماوەی خەلافەتی ئومەوی تا عەباسیەکانیش، کۆمەڵێك خەڵك هاتوون بۆ بەرژەوەندی سیاسی یا تایەفەگەری کۆمەڵێك فەرموودەیان بە ناوی فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) دروستکردووە و سەلمێنراویشە ئەمانە فەرموودەی پێغەمبەر( د.خ) نین، بەڵام لە کتێبی فەرموودەکاندا هەرماون، هەر بۆ نموونە لەسەردەمی ئومەوییەکان، لەبەر ئەوەی لە مەککەو مەدینە زوبێرییەکان کەیفیان بە معاویە نەدەهات، ئومەوییەکان چەند فەرموودەیان بڵاوکردەوە لە بەرژەوەندی شام و خۆیان هەروەك چۆن ئێستا داعشیەکانیش وادەڵێن، دیارە دوای ٢٠٠-٢٥٠ ساڵ هەستیان بەمە کردوهەوڵیاندا فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) کۆبکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی کۆکراوەتەوە، بەڵام کۆمەڵێك فەرموودەی نادروست تێکەڵ بووە، بۆیە هەندێك لە فەرموودەکان لەگەڵ یەکتری یەك ناگرنەوە، لەگەڵ سەردەم ناگونجێن، بەڵام بەداخەوە ئەو فەرموودانە ماون و دەشخوێنرێن، ئەمەش کێشەیەکی گەورەی دروستکردووە و ژینگەی بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی لە ئیسلامدا رەخساندووە.

**● ٢. لابردنی ئەو شتانەی لەسەر ئیسلام کەڵەکە بوو**

ئەمە خاڵێکی گرنگە لەبەر ئەوەی کاتێك ئێمە دەڵێین با ئایینی ئیسلام نوێ بکەینەوە، مەبەست لە نوێکردنەوەی دەق یان دینی ئیسلامی راستەقینەکە نییە، لەبەر ئەوەی ئەوە نەگۆڕە، بەڵام ئێمە باسی ئەو چینە ئەستورانە دەکەین کە لەسەر ئیسلامی راستەقینە کەڵەکە بوون و دەمانەوێت ئەو چینە کەڵەکە بووانە لابەرین، با بپرسین ئایا ئەو چینە کەڵەکەبووانە چین؟ لەوەڵامی ئەمەدا دەڵێم:

- ئەو چینە کەڵەکەبووانە ئەو شەڕو شۆڕانەیە کە بەناوی ئایینی ئیسلامەوە دەکرێت، کە دوور بوونە لە بەرگریی، لەبەر ئەوەی ئیسلامی راستەقینە، ئایینی ئاشتی و پێکەوە ژیانە.
- ئەو سوکایەتیەی بەناوی ئایینەوە بە کەرامەتی مرۆڤ دەکرێت و کۆیلایەتی دووبارە زیندوو دەکرێتەوە، ئەمەش هەر شێواندنی ئیسلامە، لەبەرئەوەی ئیسلامی راستەقینە بۆ نەهێشتنی کۆیلایەتی و گەڕانەوەی کەرامەت بووە بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی.
- ئیسلام ئایینی پێکەوە ژیان و لێبوردەییە، پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) جولەکەی لە میثاقی مەدینە وەك ئومەی ئیسلام و ئومەی باوەڕداران لە مەدینە حساب کردووە، ئیمامی عومەر( خ.ل) کە بەیتولمەقدیسی گرت، لە کەنیسە نوێژی نەکردووە، نەبادا دوای موسڵمانەکان بڵێن لەبەر ئەوەی عومەر نوێژی تیاکردووە بیکەن

بە مزگەوت، بەڵام لە هەندێك سەردەمی خەلیفەكان جیاوازی كراوە بۆ نموونە مەسیحی بۆی نەبووە سواری ئەسپ بێت، دەبوو سواری گوێدرێژ بێت و تەنها موسوڵمان بۆی هەبووە سواری ئەسپ بێت، ئەمە مانای ئەوەیە لەو سەردەمانە، غەیری ئیسلام بە ئایین حساب نەكراوە، ئەم جیاوازییە بە داخەوە لە كەلتووریی فیقهی رەنگی داوەتەوە، بەڵام ئەمە بەدەق دژی ئەو ئایەتی قورئانەیە كە دەفەرموویت: (ان الذین امنوا، و الذین هادوا، النصاری و الصابئین، من امن بالله و الیوم الاخر و عمل صالحا، فلا خوف علیهم ولاهم یحزنون) پەروەردگار دەفەرمویت (ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، نەصاراو صابئین كە باوەڕیان بە خواو رۆژی دوایی هەیەو كاری باش دەكەن، ئەوان ترسیان لەسەر نییە) باشە با لەخۆمان بپرسین ئایا خوا فەرمانی پێكردووین بە چاوی سوك سەیریان بكەین یان بیانكوژین؟ بێگومان نەخێر. بەڵام هەندێك فەرموودە هەن باسی كوشتن دەكات، بەڵام ئایین كوشتن رەتدەكاتەوە.

● لایەنێكی دیكەی ئەم ئایینە پیرۆزە ئەوەیە، گوتاری قورئان ئاراستەی خەڵك كراوە، ئاراستەی زانایان و حكومەت وبیرمەندان نەكراوە، ئەمەش واتە خەڵك دەبێت بە ئەقڵ حیكمەتی ئەو قورئانە بدۆزێتەوە و كاری پێ بكات، ئەمەش واتە ئیسلام دژی لاسایكردنەوەیە (دیارە هەندێك شت هەن بە لاساییكردنەوە حساب ناكرێن، بۆ نموونە من نازانم لەسەردەمی پێغەمبەر (د.خ) چۆن نوێژكراوەو ئێستا لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافیعی نوێژ دەكەم، ئەمەیان جیاوازە) بەڵكو كە دەڵێم لە ئیسلامدا تەقلید نییە، مەبەستم ئاكارو رەوشتە، مەبەستم فەتوایە، بۆ نموونە لە مەزهەبی شیعە هەندێك ناچنە بازاڕ تا خیرە نەگرنەوە، واتە بزانن باشە یان نە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ ئیسلامە راستەقینەكە ئەوا دەبێت ئەو هەموو چینە كەڵەكە بووە لاببەین كە بە درێژایی مێژوو لەسەر ئیسلام دروست بووە.

**● ٣. جیاكردنەوەی سونەتی مرۆڤ لە سونەتی خوا**

لێرەوە كاتێك دەمانەوێت ئەو چینە كەڵەكەبووانە لاببەرین كە رووی راستەقینەی ئیسلامی شاردۆتەوە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی بزانین كامە سونەتی خوایە دەسكاری ناكرێت، كامیان سونەتی بەشەرە دەسكاری دەكرێت، سەبارەت بەم پرسە من جارێكی دیكەش نووسیومە، عەرەبەكان بۆ نەیانتوانی سوود لە نەهزەی ئەورووپی وەربگرن؟ وەڵامی من بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە: ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی عوسمانییەكانی رووخاند، وڵاتانی رۆژئاوا نەبوو، بەڵكو دەوڵەتی ئیسلامی خۆی خۆی رووخاند، لەبەر ئەوەی لە زانست دووركەوتنەوە، لەبری ئەوەی سوود لە نەهزەی ئەورووپی وەربگرن، هەستان رەتیانكردەوە، هەندێك لە بیرمەندانی ئیسلامی وەك جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدە، ویستیان سوود لە نەهزەی ئەورووپی وەربگرن، لەبەر ئەوەی نەهزەی ئەقڵە و پەیوەندی بە ئایینەوە نییە، دووبارە پشت بەستن بوو بە ئەقڵ دژی كەنیسە، لەبەر ئەوەی مەسیح ڕێگای لە ئەقڵ و زانست نەگرتبوو، بەڵكو تەفسیری كەنیسە بۆ ئەقڵ و زانست ڕێگەی گرتبوو، بۆ ئیسلامیش هەر وایە و بە ئایەت قورئان داوامان لێدەكات پشت بەزانست ببەستین، هەتا كە دەڵێن تەقلید جائیز نییە، ئەوە لە قورئاندا هاتووە(ولا تقف ما لیس لك به علم)، واتە شتێك عیلمت پێی نەبوو بەدوایدا مەچۆ، بێجگە لەبواری غەیبی كە تا ئێستا پێی نەگەیشتووە.

بۆیە ئەوانەی دەستیان كرد بە نوێكردنەوەی ئیسلام، نەهاتن پشت بەم نەهزە زانستیە ببەستن، ئەوان گەڕانەوە بۆ كەلتووری كەڵەكە كراوە(توراس) هەر بۆ نموونە:

● مەزهەبی وەهابی كە ئێستا گەورەترین كێشەیە بۆ جیهانی ئیسلامی، لەسەرەتادا نوێكردنەوە بووە، چۆن؟ لەبەر ئەوەی لەو كاتەدا لە كەعبە نوێژی هەموو مەزهەبەكان بەجیا دەكرا، قەبركرابووە شتێكی پیرۆز و زیارەت دەكراو وەك ئەوەی بپەرستن، وەهابی هات ئەو خورافاتەی لابرد، وەهابیەكان ئەمەیان بۆ ئایین كرد نەك بۆ سیاسەت بۆیە دوای ئەوە دەسەڵاتیان دایە بنەماڵەی ئالسعودو خۆیان دەسەڵاتیان وەرنەگرت.

● ئیخوان موسلمین خۆی تێكەڵاوی سیاسەت كرد، لەلایەك خۆی بە سەلەفی دادەناو لەلایەكی دیكە بە سۆفی، ئیخوان ئامانجێكی سیاسی هەبوو دەیویست هەموو لایەك لە خۆی كۆبكاتەوە، سەلەفیەكان بڕوایان بە وەرگرتنی دەسەڵات نەبووە، بەڵام ئێستا سەلەفی جیهادی تەكفیری و قیتالی هەیە، لە شیعەشدا، پێش ئیمام خومەینی، كە ویلایەتی فەقیهی دامەزراند، مەرجەعەكانی شیعە بڕوایان بە تێكەڵاوبوون لەگەڵ دەسەڵات نەبووە، ئەوان چاوەڕێی ئیمامی مەهدییان كردووە.

● من پێمەوایە ئەوەی ڕێگەی لە نوێكردنەوەی ئیسلام گرتووە خاڵی سەرەكی بوونی هەندێك فەرموودەی لاوازە كە سەلەفیەكان باوەڕیان پێیەتی، لە مێژوودا بەوجۆرە هاتووە. لە ئاكامی پێڕەو كردنی ئەم فەرموودە لاوازانەو نەگەڕانەوە بۆ دەقی ئەسڵی قورئان ئەوەیە كە دەبینین سەلەفی بۆتە سەلەفی تەكفیری قیتالی و وەحشێكی وەك داعشی بەرهەم هێناوە.

**فیكری داعش بەرهەمی ئیشكالیەتی تێكەڵاوبوونی توراثی عەرەبی و ئیسلامە، بەرهەمی تێكەڵاوبوونی سونەتی خواو سونەتی بەشەرە، ئێمە وەك كورد بەشێكین لە جیهانی ئیسلامی و مافی خۆمانە كوردانە قورئان بخوێنینەوە**

**سەبارەت بە گوتاری هەینی مەلاكان، وەك كۆربەندی فیكری ئیسلامی هەماهەنگیمان لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف هەیە، پێشنیاری ئێمە ئەوەیە نابێت وتاری دینی زیان بە باروودۆخ و ئاسایشی كوردستان بگەیەنێت، دەبێت حكومەت لێپرسینەوە بكات**

**هەتا ئەم ئەقڵیەتە فیقهیە بەردەوام بێت و هەندێك لە مەلاكان لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئەقڵیەتە فیقهیە گوتار بدەن، هەتا بانگخوازە ئیسلامیەكان بەم ئەقڵیەتەوە بانگخوازیی بۆ ئیسلام بكەن، ئەوا ریفۆرم بوونی نابێت و ژینگەی لەبار بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی وەك خۆی دەمێنێتەوە**

● من ئەم هەڵەیەم ناو لێناوە ((سونەتی بەشەرمان کردۆتە سونەتی خوا)) هەر بۆ نموونە سونەتی بەشەری لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ) شەڕکردن بووە واتە (غزو)، هەروەها سونەتی بەشەر ئەوە بووە لەو سەردەمە جاریە هەبووە، پەروەردگار لە قورئاندا پێمان دەڵێت(سنن من قبلکم) ئەمەش مانای ئەوەیە پەروەردگار پێمان دەڵێت ئەمە رەفتار و کردەوەی خەڵکانی پێشتر بوون تائێستا، بۆیە ئەمە سونەتی بەشەرە و دەتوانرێت بگۆڕدرێت.

● لەمەش زیاتر من دەڵێم بوونی جاریە سونەتی پێغەمبەر(د.خ) نییە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر به جاریەی دانەناون، راستە جاریەی هەبووە، بەڵام ئامۆژگاری موسڵمانانی دەکرد پێیان مەڵێن(امتی) واتە جاریە، ئەو بە کچی خۆی دایدانان و پێی دەوتن( بنتی، و فتاتی) هەروەها داوای لێدەکردن لە ماڵەکانی خۆتاندا چی دەخۆن و چی لەبەر دەکەن، دەبێت جاریە لەگەڵ کچی خۆتان جیاوازی نەبێت، کەواتە بوونی جاریە کە لە قورئانیشدا هاتووە، سونەتی خوا نییە بەڵکو(سنن من قبلنا) یە، ئەگەر سونەتی خوا بوایە، پێغەمبەر نەیدەگۆڕی.

● پێغەمبەر( د.خ) کۆیلایەتی و جاریەی رەتکردۆتەوە، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی ئەمە سونەتی بەشەرەو دەبێت بگۆڕێت و پەیوەندی بە سونەتی خواوە نییە.

● مەسەلەی کردنی ئافرەت بە جاریەو وەك شمەك مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بفرۆشێت و بکرِدرێت، ئەمە لە فیقهی ئیسلامدا هەیە، بەڵام لە ئایینی ئیسلامدا بوونی نییە، لەم راستەوە ئەوەی داعش دەیکات لە فیقهی ئیسلامدا جێگەی دەبێتەوە. لێرەدا خوێنەر دەپرسێت، ئایا جیاوازی نێوان ئایینی ئیسلام و فیقهیی ئیسلامی چییە؟ لەوەڵامدا پێیان دەڵێم فیقهیی ئیسلامی واتە ئیجتیهادی مەلاکان بە درێژایی مێژوو بۆ دەقەکانی قورئان وفەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) بەپێی واقیعی زەمانی خۆیان، یان راشکاوانەتر ئاستی تێگەیشتنی پیاوانی ئایینی بە درێژایی مێژووی ئیسلام بۆ خوێندنەوەی دەقەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) بە پێی واقیعی سەردەمەکە بووە، هەر بۆ نموونە لە سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) جاریە بوونی هەبووە، بەڵام سنووری بۆ دانرا، کڕین و فرۆشتن هەبووە ، بەڵام ئەحکامی بۆ دانەنراوە، لەبەر ئەوەی بەرنامەی پێغەمبەری ئیسلام ئەوە بووە ئەم دیاردەیە نەهێڵێت، بەڵام لەسەردەمی ئەمەوی و عەباسیەکان جاریە زۆر بووە، بۆیە لەسەردەمی مەزهەبەکاندا وەك (شافیعی و



حەنەفـــی و حەنبەلی) ئەمان هاتـــن ئەحکامیان بۆ دانا، واتە دەتوانین بڵێین کردیان بە جۆرێك لەیاسا، لەم ئەحکامانەدا، حوکمی کۆیلـــە دیاری کرا، کە بەوەندە دەفرۆشرێت یان بەوەندە ئازاد دەبێت. پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە کە ئیســـلام بۆ نەهێشـــتنی کۆیلایەتی هاتووە بۆچی لە فیقهی ئیســـلامی ئەحکامی بۆداناوە؟ من ئەم ئیشـــکالیەتەم بەوە چارەسەر کردووە و قەناعەتیشم پێیەتـــی، نە قورئان و نـــە محەممەدیش (د.خ) داوایان نەکردووە کۆیلە بوونی هەبێت و داوایان کردووە کۆیلەکان ئازاد بکرێت، لەوانە بیلالی حەبەشـــی کۆیلە بوو بەڵام ئەو لەمەککە بانگی ئیسلامیدا، کەواتە ئەم خوێندنەوە ئەقڵانییە پێمان دەڵێت، ئیســـلام بەرنامەی هەبووە ئەم دیاردەیە بنبڕ بکات و نەك ئەحکامی بۆ دابنرێت و بە یاسایی بکرێت.

● پرســـیاری دیکـــە لێـــرە ئەوەیە بۆچـــی پێغەمبەر لەســـەرەتاوە ئەمەی بەشێوەیەکی ریشەیی بنبڕ نەکرد؟ لە وەڵامی ئەمەشـــدا دەڵێم، ئیسلام ئاینی چاکسازی بووە نەك شۆڕش بکات و هەموو بنەماکانی کۆمەڵگە هەڵتەکێنێت، دیارە ئاشکراشە کە جیاوازی لە نێوان ریفۆرم و شۆڕشـــیش چەندە، هەربۆیە محەمەد(د.خ) لێ بێت لـــە مەککە بێجگە لە رەتکردنەوەی زیندە بەچاڵکردنی کچی کۆرپە و بتپەرســـتی، ئەوی دیکەی سیستمی کۆمەڵایەتی عەرەبی ئەو سەردەمە چۆن بوو زۆربەی وەك خۆی هێشتەوە، تەنانەت کە چووە مەدینەو لەوێ خۆی حوکمی مەدینـــەی دەکرد بە(عورفی عەرەبی) ئەگەر وەحی نەهاتبایە خوارەوە بۆی..

● کەواتە بەشـــی زۆری شەریعەتی ئیسلامی جگە لە عەقائید وەك باوەڕ بە خوای گەورەو عیبادات(عورفی عەرەبیە) هـــەر بۆ نموونە بانکە ئیســـلامیەکان چۆن کاروباری خۆیان هەڵدەسوڕێنن، دیارە ئەوەی پێی دەڵێن موزارەبە و یاخۆ سەلەم هەندێك شێوەی دیکە، کە پێش ئیســـلام لە دورگەی عەرەبی پەیـــرەو کراوە. بۆیە ئەم شێوازە پێغەمبەر(د.خ) لە وەحی وەرینەگرتوون، بەڵکو لە کۆمەڵگەی خۆی وەریگرتووە، بۆیە بەشـــی زۆری شـــەریعەتی ئیسلام یان عورفی عەرەبیە، یان عورفێك بووە پێشتر پیادەکراوە، من لێرەدا نموونەیەك دەگێڕمەوە لەســـەر عورفی تەڵاقدان لەکۆمەڵگەی عەرەبی ئەو ســـەردەمە، دەگێڕنەوە پیاوێك بـــە ژنەکەی دەڵێت تۆ وەك دایکـــی منی (ظهار) بەمەش تەڵاقی کەوتووە بە عورفی عەرەبـــی، دەچێتە لای پێغەمبەر(د.خ) دەڵێت پیاوەکەم پێی وتووم تـــۆ وەکو دایکی منی، لەوەڵامدا پێغەمبەر(د.خ) پێی دەڵێـــت تەلاقت کەوتووە و تەواو، بەڵام پـــەروەردگار بە ئایەتێك رەتـــی دەکاتەوە کە بە قسەیەك ژنەکە نابێتە دایکی یان خوشکی پیاوەکە بۆیە تەڵاقی نەکەوتووەو ئەم ئایەتە دێتە خوارەوە(قد ســـمع الله قول التي تجادلك في زوجها). واتە خوا ئاگاداری ئەو قسەیە کە لە نێوان خۆیان باسیان کردووە.

● کێشە و ئیشکالیەتی فقهی ئیسلامی ئەوەیە، بەو جۆرە ئەحکامەکانی پێشـــاندەدا کە هەمووی لە خوا هاتوون، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە بەشی هەرە زۆری لە توراثی عەرەبـــی کۆکراوەتەوە و کەس نەهاتووە بڵێت ئەمەندەی لە عورفی عەرەبییەوە هاتۆتە ناو فیقهی ئیســـلامی و پەیوەندی بە سونەتی خواو پێغەمبەرەوە(د.خ) نییە.

● **٤. دروستبوونی وەحشی داعش و نەبوونی رەمزێك بۆ ناسنامەی ئیسلامی**

ئێمە وەك زانایانی ئیســـلامی دەبێت راشکاوانە لەسەر دەرکەوتنی وەحشـــێك بەناوی داعـــش یان خەلافەتی ئیســـلامی قسە بکەین، من پێشـــتر ئاماژەم بەوە کرد داعش لە ناو ئەم فیقهیە ئیســـلامیەی ئێستای ئێمە جێگەی دەبێتەوە، نەوەك دینی ئیســـلامی لێرەوە ئەمە زیاتر روونەکەمەوە.

● داعش لەســـەر بنەمای تێگەیشتنێکی شەڕانگێزی هەڵە لـــە کەلتورو توراثي ئیســـلامەوە هاتـــووە، ئەم تێگەیشتنەش بەشێکی لە کەلتورەوە هاتووە و بەشێکی لە فیقهی ئیسلامی و بەشێکی لەو فەرموودە لاوازانەی بەناوی پێغەمبـــەر(د.خ) کۆکراونەتەوەو تائێســـتا لە کتێبی فەرموودەکاندا هەن، بەشـــێکیی لە تێنەگەیشن لە قورئانەوە هاتووە.

● لایەنێکـــی دیکەی ئـــەم پرســـە کاردانەوەیە، لەبەر ئەوەی کریستیانەکان ئێستا لە جیهاندا فاتیکانیان هەیە کە بۆتە رەمز بۆ جیهانی مەســـیحی، بەڵام ئیســـلام لەماوەی ١٣٠٠ ســـاڵی مێژووی خۆیدا ئەگەر هەموو کات هێزی ژمارە یـــەك نەبووبێت، ئەوا ژمارە(یەکی) بەرامبەر بووە،بۆیە هەتا ئەو کاتەی عوسمانییەکانیش لاواز بوون، ئیســـلام هەر ژمارەیەکی گەورەبوو، بەڵام عوســـمانییەکان لەگەڵ ئەو هەمـــوو کەموکورتیەی هەیانبـــوو، زیانیـــان بە جیهانی ئیســـلامی و وێنەی ئیسلام نەگەیاند، بۆیە دەبوو جیهانی رۆژئاوا هاوکاری جیهانی ئیسلامی بکردایەو نەیهێشتبا مستەفا کەمال سەڵتەنەتی ئیســـلامی لە ئەستەنبوڵ نەهیلێت، راستە مســـتەفا کەمال خەلافەتی نەهێشت، بەڵام هەتا ساڵی ١٩٢٤ سەڵتەنەکەی مابوو، مستەفا کەمال لە ئەنقەرە حکومڕانی مەدەنی دەکرد، ســـەڵتەنەت لە ئەستەنبوڵ خەریکی کاروباری ئاینیی بوو.

● کاتێك مستەفا کەمال سەڵتەنەتی نەهێشت، بۆشاییەك دروســـت بوو، هیچ دامەزراوەیەك نەما کە وەك رەمزێك

**کۆمەڵێک خەڵک هاتوون بۆ بەرژەوەندی سیاسی یا تایەفەگەری کۆمەڵێک فەرموودەیان بە ناوی فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) دروستکردووە و سەلمێنراویشە ئەمانە فەرموودەی پێغەمبەر( د.خ) نین، بەڵام لە کتێبی فەرموودەکاندا هەرماون**

**بێدەنگ بوون بەرامبەر بەو تاوانانەی داعش ئەنجامی دەدات، خراپە، دەبوو ئێستا لەبری ئەوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بێتە دەنگ، هاوپەیمانی ئیسلامی دژی داعش دروست بوایە، ئەمەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێکەڵابوونەی توراث و ئیسلام هەروەها سونەی خوا و سونەی بەشەر**

ناسنامەی ئیسلام پیشانبدا، خۆ ئەگەر سەلتەنەت وەك فاتیکان بمابایەوە ئەوا موسڵمانان هەستیان بەو بۆشاییە نەدەکرد، بۆیە ئەگەر ئێمەش هەست بەو بۆشاییە نەکەین ئەوا خەڵکێکی زۆر هەست بەم بۆشاییە دەکەن و لە ئێستادا ئیسلام لەسەر ئاستی جیهان دەنگێکی نییە، بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە هەستان ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامیان دروستکرد کە بارەگاکەی لە جدەیە، بەڵام دەوڵەتە ئیسلامیەکان ڕێگەیان نەدا، ئەم ڕێکخراوە ئەو بۆشاییە پربکاتەوە، من خۆم بە ئەکمەلەدین ئیحسان ئۆغلۆی سەرۆکی ئەم ڕێکخراوەم وتووە، بۆ کە دەچیتە وڵاتان لەلایەن سەرۆك وڵاتە ئیسلامیەکانەوە پێشوازی ناکرێیت لەلایەن وەزیری دەرەوە پێشوازی دەکرێت، ئەو وتی لە میثاقی ڕێکخراوەکە واهاتووە، من پێم وت هەقە تۆ قبوڵی نەکەیت، چونکە هەتا بەمشێوەیە بێت ،ئەم ڕێکخراوە ناتوانێت ببێتە ناسنامەی ئیسلام لە جیهاندا.

**لای سەلەفیەکان دەق تەئویلی بۆ ناکرێت، بۆیە هەندێک جار سەلەفیەکان بەوجۆرە وەسفی پەروەردگار دەکەن کە وەک ئەوەی لەسەر عەرشێک دانیشتبێت و ئەم کەونە بەڕێوە بەرێت. کەواتە کێشەی سەلەفیەکان هەر ئەوە نییە کە لەسەر ڕێگەی پێغەمبەر(د.خ) و سونەت دەڕۆن، بەڵکو لەسەر رووکەش دەڕۆن و دەق تەئویل ناکەن بە قووڵی**

● داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیەتەوە و پشتگیری ئەمریکا بۆ دژایەتی کردنی کۆمۆنیست بە ناوی ئیسلامەوە، ئەمە زەنگیك بوو حەزێکی کپ و کپکراوی دووبارە زیندوو کردەوە، کە ئەویش ژیاندنەوەی ئیسلامی سیاسی بوو، بۆ ئەوەی ئیسلامی سیاسی خۆیان لەوڵاتانی ئیسلامی دەسەڵات بگرنە دەست، ئەگەر سەیری شەڕی ئەفغانستان بە وردی بکەین، بن لادن بیری کردەوە ڕێکخراوێك دروست بکات، لەبەر ئەوەی کە بانگەوازێکیان دەکرد بۆ ئەوەی موجاهید بچێت بۆ شەڕی ئەفغانستان بە هەزاران بەدەنگ بانگەوازەکەیانەوە لە جیهانی ئیسلامیەوە دەچوون، لەم شەڕەشدا سۆڤیەت ناچار بوو لە ئەفغانستان پاشەکشە بکات، لەگەڵ ئەوەی پاشەکشەکەی هۆکاری ناوخۆیشی هەبوو، بەڵام چەکدارەکانی ئەفغانستان خۆیان بەسەرکەتوو دەزانی.

**ئیخوان موسلمین خۆی تێکەڵاوی سیاسەت کرد، لە لایەک خۆی بە سەلەفی دادەناو لەلایەکی دیکە بە سۆفی، ئیخوان ئامانجێکی سیاسی هەبوو دەیویست هەمولایەک لە خۆی کۆبکاتەوە، سەلەفیەکان بڕوایان بە وەرگرتنی دەسەڵات نەبووە، بەڵام ئێستا سەلەفی جیهادی تەکفیری و قیتالی هەیە**

● لەدوای ئەو سەرکەوتنە ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی وەك قاعیدەی جیهاد دژی ئەمریکا ویەهوودی راگەیاند، سەرەنجامیش گەیشتە ئەوەی لە ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ ئەو هێرشە تیرۆریستیە گەورەی کردە سەر سەنتەری بازرگانی جیهانی لە نیۆیۆرك، بۆیە کە سەدام کوێتی داگیر کرد، تازە قاعیدە دروست ببوو، بن لادن سوودی لە شەڕی ئەمریکا وعێراق و هەروەها شەڕی ئەفعانستانیش وەرگرت، لە ساڵی ٢٠٠٣ کە ئەمریکا هێرشی کردە سەر عێراق بە هەزاران موجاهید هاتبوون هاوکاری سەدام بکەن، تەنها لەشەڕی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا بە هەزارانیان لێ کوژرا و باس نەکران.

● لەمەش زیاتر بێجگە لەوەی خەڵکانێکی زۆر لە جیهانی عەرەبی قەناعەتیان بەو جیهادە هەیە کە ڕێکخراوی قاعیدە رایگەیاندووە، لە هەمانکاتدا لە جیهانی ئیسلامیشدا لەزۆر شوێن ئەو قەناعەتە هەیە بۆ نموونە لە چیچان، ئەو چەند ساڵەی چیچان شەڕی لەگەڵ رووسیا کرد، ئەو شەڕە ئەو جیهادیانە دەیانکرد کە چووبوونە چیچان، هەروەها لە کۆمارەکانی پێشووی یەکێتی سۆڤیەت بە تایبەتی داغستان ئەم فیکرە زۆر بڵاوە. لە باکوری ئەفریقیا و... ئەم فیکرە بڵاو بۆتەوە، بۆیە کاتێك ئەبوبەکر بەغدادی خەلافەتی ئیسلامی راگەیاند هەموویان بەیعەتیان بۆ کرد.

● مەسەلەی دەرکەوتنی ئەم هەموو شەڕانگێزیەی داعش دەگەڕێتەوە بۆ input –output ، لەعەرەبی پێی دەڵێن(المدخلات و المخرجات) واتە ئەوەی هاتۆتە ناو فیکری ئیسلامی ئەمەی بەرهەمهێناوە، کۆمەڵێك ئەفکاری بی مانایە، بەڵام ئەم ئەفکارە بی مانایانە لە توراثی ئیسلامدا هەیە و لە ئایینی ئیسلامدا نییە، ئەو ئەفکارە بێ بنەمایانە ئەوەیە کە داوای بەربەریەت و قەڵاچۆکردنی جوولەکە و ئەمریکا دەکات، لە ئایینی ئیسلامدا داوای پێکەوە ژیان دەکات، ئەمەیە هاودژییەکە لە نێوان توراث و دەقی قورئانی پیرۆزدا.

کەواتە پرسەکە دوو ئیشکالیەتە:

● توراثی عەرەب و ئایینی ئیسلام تێکەڵ بوون و سەلەفیەکان هەمووی وەك توراثی ئیسلام سەیر دەکرێت.

● سونەتی خواو بەشەر تێکەڵ بووەو هەمووی وەك سونەتی خوا دەخوێنرێتەوە.

● گرنگە لەو راستیە تێبگەین کاتێك پێغەمبەر(د.خ) وەك مرۆڤ قسەی کردووە، قسەکانی قسەی مرۆڤ بوون بۆیە نەنووسراونەتەوە، بەڵام ئەوەی پەیامی پەروەردگار بوبێت ئەو وەك پێغەمبەر(د.خ) قسەی کردووە، بۆیە هەندێك لە قسەکانی پێغەمبەر(د.خ) دەربڕینی عورفی عەرەبی بووە نەك پەیامی پەروەردگار، لەناو قورئانیشدا هەندێکیان(سنن من قبلکم) واتە رەفتاری میللەتانی پێشوو، ئەوەش سونەتی بەشەرە پیشانماندەداو نابێت وەك سونەتی خوا سەیر بکرێن.

● من لێرەدا نموونەیەك دەهێنمەوە لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ) هەموو خێڵەکانی دوورگەی عەرەبی بوونە هاوپەیمان بۆ ئەوەی مەدینە داگیر بکات، پێغەمبەر وەك فەرماندەیەکی سەربازی و سیاسیی و بۆ پاراستنی مەدینە یەکێك لە هۆزەکانی بانگ کردو پێی وتن ئەگەر هاوکاری ئەوانی دی نەکەن، چیتان بوێ دەتاندەینێ، ڕێککەوتن بەشێکی لە دارخورمای

مەدەینــە بداتە هــۆزی غەتفان، بەڵام کــە چوونەوە مەدینەو ئەمەی بە ســەعدی کوڕی مەعاز گەورەی مەدینە ڕاگەیاند، لێی پرســی پەیامی پەروەردگارت بۆ هات، ئــەم ڕێککەوتنە بەمجۆرە بکەیت؟ لەوەڵامدا پێغەمبــەر(د.خ) فەرمــووی نەوەڵڵا بــەس خۆم بە مەســڵەحەتم زانی، وتیان ئێمە پێــوەی پابەند نابین، چونکە شــکۆی مەدەینە کەمدەکاتــەوە و پێی ڕازی نەبوون.

**● ٥. پێداچوونەوە بە مەنهەجی کۆلێژی شەریعە و قوتابخانە ئاینیەکانی کوردستان.**

تیرۆریستان و وەحشیەتگەری داعش ئیسلامی ئیحراج کردووە، هەروەها مەلایەکانیشــی ئیحــراج کردووە، بە بۆچوونی من هەتا ئێستا دامەزراوە ئایینییەکانی ئێمە لەو ئاستە نین کە بتوانن لەو ئیحراجبوونە خۆیان قوتار بکەن، ســەبارەت بەوەی بەرامبەر ئێزدییەکان کردویانە، ئەمە هیچ شەریعەتێك قبوڵی ناکات و لە کوفر خراپترە، هەندێك پێم دەڵێن ماموستا بۆ کافریان ناکەی؟ وەڵامی ئەم پرســیارە ئەوەیە ئێمە پێوەندیمان بە نێوانی مرۆڤ و خوا نییە، بــۆ ئەمەش ١٥ بەڵگەم هێناوەتەوە لەناو قورئان ئەوە ئیشــی مرۆڤ نییــە و خوا خۆی حوکم دەدات و خۆی (مالــك یوم الدین)ە ، هەتا بە پێغەمبەر ڕایگەیاندووە: (فذكر إنما أنت مذكر لست عليهم بمسيطر إلا مــن تولى وكفر فيعذبه الله العذاب الأكبر إن إلينا إيابهم ثم إن علينا حســابهم ) ئەمەش واتە ئیشی تۆ ئەوەیە ئەم پەیامە ڕابگەیەنی، هەقت لەسەر کەس نییە، ئەوەی کوفری کرد خوا سزای دەدات و دەگەڕێتەوە بۆ لای ئێمە، بەڵام بێدەنگ بوون بەرامبەر بەو تاوانانەی داعش ئەنجامی دەدات، کــە بێدەنگیەکی ڕێژەیی لە جیهانی ئیســلامی هەســتی پێدەکرێت، ئەمە خراپە، دەبوو ئێســتا لەبری ئەوەی هاوپەیمانــی نێودەوڵەتی بێتــە دەنــگ، هاوپەیمانی ئیســلامی دژی داعش دروســت بوایە، ئەمەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێکەڵاوبوونەی توراث و ئیسلام هەروەها سونەی خوا و سونەی بەشەر..

لەســەر ئەم پرســە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ســەر ئەو مەنهەجەی ئێســتا لە کۆلێژی شــەریعەو قوتابخانە ئیســلامیەکانی کوردســتانیش دەخوێنرێن، بەمجۆرە ئاماژەیان پێدەکەم:

● دەبێــت ئــەوە بزانین هەتا ئەو مەنهەجەی ئێســتا لە کۆلێژی شــەریعەو قوتابخانە ئاینیەکانی کوردستان دەخوێنرێــت، هەتا ئەم ئەقڵیەتە فیقهیە بەردەوام بێت و هەندێك مەلاکان لەبەر ڕۆشــنایی ئەم ئەقڵیەتە فیقهیە گوتار بدەن، هەتا بانگخوازە ئیسلامیەکان بەم ئەقڵیەتەوە بانگخوازیی بۆ ئیسلام بکەن، ئەوا ڕیفۆرم بوونی نابێت و ژینگەی لەبار بــۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی وەك خۆی دەمێنێتەوە.

● بۆ ئەوەی بتوانین دووبارە ئەو بارە بگێڕینەوە کە کورد چۆن لە ئیسلام تێگەیشتووە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو مەنهەجەی زانایانی ئیسلامیی کورد لە حوجرەکانیان و لە قوتابخانە ئاینیەکانی کوردستان دەخوێنران، بایەخێکی زۆر بە عیلمی کەلام و فەلســەفەی ئیسلامی دەدرا، کە ئێستا نەماوە.

● ســەبارەت بــە گوتــاری هەینی مــەلاکان، وەك کۆڕبەندی فیکری ئیســلامی هەماهەنگیمان لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف هەیە، پێشــنیاری ئێمە ئەوەیە نابێت وتاری دینی زیان بە بارودۆخ و ئاسایشــی کوردستان بگەیەنێت، دەبێت حکومەت لێپرسینەوە بکات.

**● ٦. بەرگری پێشمەرگەو ڕوینەوەی مەترسی هێرشی داعش لەسەر کوردستان**

دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین تیرۆریستانی داعش بە چ نییەتێك هێرشــیان کردە سەر کوردستان، ئاشکرایە نییەتــی ئــەوان کۆمەڵکوژی و نەهێشــتنی هەرێمی کوردســتان و گەلی کوردستان بووە، ئەوەی ئەمجارەش ئێمەی پاراســت ئیرادەی پێشــمەرگە و سەرکردایەتی ڕاستەوخۆی مسعود بارزانی بوو لەناو بەرەکانی شەڕدا، خــۆ ئەگەر حیکمــەت و لێهاتوویــی و جدیەتی بەڕێز مسعود بارزانی نەبوایە، تێکشکانی تیرۆریستانی داعش ئاسان نەبوو، ڕاستە هاوکاری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ سەرکەوتنی پێشمەرگە گرنگ بوو، بەڵام ئەگەر مسعود بارزانی نەبوایە هاوکارییەکان بەو ئاستە کاریگەر نەدەبوو، من نامەوێت بە مســعود بارزانــی هەڵبدەم لەبەرئەوەی پێویســتی پێی نییە، بەڵام ئەوەندە دەڵێم ئەم ســەرۆکە مەزنە لە ناو هەر گەلێکی تر بوایە، لە هەموو شەقامێك پەیکەرێکیان بۆ دروست دەکرد، بەهەرحاڵ ئەوەی ئێستا گرنگە ئەوەیە ســوپاس بۆ خواو ئیرادەی پێشــمەرگە و ســەرکردایەتی مســعود بارزانی، مەترسی هێرشی سەربازی تیرۆریســتانی داعش کەمبۆتەوە، بۆیە نابێت ڕێگە بدەین لە ژێر سایەی ئەو ئازادی و سەقامگیرییەی بە خوێنی پێشمەرگە بەدیهاتوون، لەم ژینگە ئارامەدا، توندوتیژی داعشانە بەرهەمبێتەوە، حکومەتی کوردستان دەبێت هەڵوێســتی زۆر جدی هەبێت لەم پرسە و دەبێت بگاتە قەناعەت، فیکری داعش بەرهەمی ئیشکالیەتی تێکەڵاوبوونی توراثی عەرەبی و ئیســلامە، بەرهەمی تێکەڵاوبوونی سونەتی خواو سونەتی بەشەرە، ئێمە وەك کورد بەشــێکین لە جیهانی ئیسلامی و مافی خۆمانە کوردانە قورئان بخوێنینەوە.

**لە ئێستادا ئیسلام لەسەر ئاستی جیهان دەنگێکی نییە، بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە هەستان ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامیان دروستکرد کە بارەگاکەی لە جدەیە، بەڵام دەوڵەتە ئیسلامیەکان ڕێگەیان نەدا، ئەم ڕێکخراوە ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە**

**ئەوئەفکارە بێ بنەمایانە ئەوەیە کە داوای بەربەریەت و قەڵاچۆکردنی جوولەکە و ئەمریکا دەکات، لە ئاینی ئیسلامدا داوای پێکەوە ژیان دەکات، ئەمەیە هاوژییەکە لە نێوان توراث و دەقی قورئانی پیرۆزدا.**

## داعش لە گۆشەنیگای سایکۆپۆلیتیکەوە

# ئایین سەرەتاکەی ئازادبوونە و کۆتاکەی بەندبوونە

**ڕێبازی بیرکردنەوەی ئەم بابەتە ئەو ناونیشانەیە کە دەڵێم: ئایین سەرەتاکەی ئازادبوونە و کۆتاکەی بەندبوونە. ئەم وتەیە گوشراوەی پرۆسەیەکە کە لە مێژووی گشت ئایدیۆلۆژیایەکدا دووبارە دەبێتەوە، بە جۆرێکە کە ناتوانین کۆتاییەکەی بە سەرەتاکەی بەراورد بکەین و لە یەك قالب و ڕیزبەندیدا دایانبنێین.**



**ئازاد قەزاز**

بۆ گوڵان دەینووسێت

**(٩)**

ئەم جۆرە خوێندنەوەیە بۆ پرۆسەیەکی وەك مێژوو، بەتایبەتی مێژووی ئایینێك، مێژووی بزافێك، یان ئایدیۆلۆژیایەك، دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە بڵێین: ئایین، یان هەر ئایدیایەك سەرەتا کە سەرهەڵدەدات جۆرێك هوشیاربوونەوەی لەگەڵدایە، چونکە مرۆڤ لە ژێرباری ئایدیای باو، یان ئایینێکی باو دێتە دەرێ، وەلێ پاش ئەوەی ئەویش دەبێتە باو و دەسەڵاتێك لە پێناو بەرژەوەندی خۆیدا رایدەگرێت، جارێکیتر مرۆڤ بەند دەکا و لە بیرکردنەوەدا گۆتی دەکات. ئیسلام لە پێش سەدەکانی ناوەڕاستەوە ئیدی بە جۆرێك بووە ئایینێکی باو، بیرکردنەوە بە ئاراستەیەکی تردا لە گشت لاوە بەری پێدەگیرا. کاتێ لە سەردەمی مۆدێرنەدا کە جیهانی ئیسلامی زەبری کوشندەی بەردەکەوێ و لە خۆی هۆشیار دەبێتەوە کە چەنێك لە کاروانی پێشکەوتن و مرۆڤدۆستیدا دواکەوتووە، راچڵەکینێك رووی تێدەکات کە کۆمەڵێك بزاڤی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە، هەروەك لە بەشەکانی پێشەوەدا تیشکمان خستنە سەر.

لەسەرەتای ئەم بابەتەوە تا گەیشتینە ئەم کۆتاییە، بە ئاراستەیەکدا رۆیشتین کە هەم لە ئیسلامییەك و هەمیش لە دژە ئیسلامییەك جیاماندەکاتەوە. واتە وەك ئیسلامییەك داعش ناکەینە دەرەوەی ئیسلام لە پێناوی جوانکردنی خۆمان و دزێوکردنی ئەوان، هەروەها وەك دژە ئیسلامییەکیش ناکۆشین بۆ ناشیرینکردنی هەرچی موسڵمان و مێژووی ئیسلامە لە پێناوی تێرکردنی حەزو خۆزگەکانی خۆمان. گەشتی ئەم بابەتە چاو پێداخشاندنەوەیك بوو کە لە سەردەمی ململانێی (عەلی و موعاوییە)وە دەستیپێکرد و لەگەڵ دەرکەوتنی داعش کۆتایی هات. لەوە تێگەشتین کە داعش هەر ئەوە نییە دژی هەموو جیهان وەستاوەتەوە، بەڵکو شەرمەزارییەکی زۆریشی بۆ موسڵمانان لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەوە. بۆیە چاودێرە موسڵمانەکان بە ئیسلامی سەلەفی و ئیسلامی سیاسییەوە، هەندێك لەوانەی کە دیاردەی داعش دەخوێننەوە، بەردەوام ئیسلام وەك سەرچاوەیەکی ئیلاهییانە لە ئیسلامێکی دەستکردی موسڵمانانە جیادەکەنەوە. بێئەوەی بە خۆیان بزانن، سەرچاوە رەسەنەکە لای خۆیان دادەنێن و نارەسەنەکەش بە داعش دەسپێرن، ئیدی دڵی خۆیان بەوە خۆش دەکەن

که ئەوان ئیسلام لە دەستی جەردەکانی وەك داعش دەپارێزن. هەندێکیتریشیان ئەگەرچی لە بازنەی ئیسلام دەریان ناکەن، بەڵام وەك لادەر لە راستە رێگەی ئیسلام دەیانبینن. ئەم دوو خوێندنەوەیە بەشێوەیەکی گشتی لە وتارەکانیاندا دەبیندرێن. ئەوان لەوە سەرسامن چۆن دەبێت ئیسلامی رەحمەت بۆ مرۆڤایەتی لەکاتی جێبەجێکردنی ئایەت و حەدیس بە حەرفی بەم شێوە قێزەونە دەرکەوێت. ئەوان ناتوانن ئەو ماوەیە لە بیرکردنەوەیاندا ئەژمار بکەن کە کەوتۆتە نێوان سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلام لەتەك پەیامبەر محەمەد و کۆتایی دەرکەوتنی ئیسلام لە فۆرمی داعشدا لە تەك ئەبوبەکری بەغدادی. دژە ئیسلامییەکانیش بە پێچەوانەوە، راست و چەپ بەسەر هەموو شتێکدا دەهێنن و ئەو هەلەیان بۆ هەڵکەوتووە کە بێژن بەڵێ ئەوەتا ئەوەیە ئیسلام و وەلسەلام، بێئەوەی مێژوو و مرۆڤ و دەق و پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردن و گۆڕانکاری دید و بۆچوونی مرۆڤ بە هەند وەربگرن. چونکی هەم ئیسلامی و هەمیش دژەکانیان لە یەك ئاستدا بیردەکەنەوە و لە یەك گۆشەنیگاوە مێژوو و مرۆڤ دەناسنەوە، ئەوەیش ئەوەیە کە مرۆڤ کائینێکی وەستاوە، چوارچێوەیەکی داخراوە، یان رەشە یان سپی، نە خۆیان لە ئیستە دەناسنەوە و نە خۆیان لە ناو مێژوودا دەدۆزنەوە.

رێبازی بیرکردنەوەی ئەم بابەتە ئەو ناونیشانەیە کە دەڵێم: ئایین سەرەتاکەی ئازادبوونە و کۆتاکەی بەندبوونە. ئەم وتەیە گوشراوەی پرۆسەیەکە کە لە مێژووی گشت ئایدیۆلۆژیایەکدا دووبارە دەبێتەوە، بە جۆرێکە کە ناتوانین کۆتاییەکەی بە سەرەتاکەی بەراورد بکەین و لە یەك قاڵب و ریزبەندیدا دایانبنێین. لە کتێبی (ئیسلام لە محەمەدەوە تا بنلادن، پەیامبەرێکی داهێنەر و موجاهیدێکی رووخێنەر)دا ئەم پرۆسەیەمان بە درێژی روون کردۆتەوە. واتە داعشێکی ئیمڕۆکە ناکرێ و ناشێ بە ئیسلامێکی سەرەتا بەراورد بکەین و بە یەك چاو تێیانبڕوانین. بەڵام ئەم بۆچوونە ئەوە ناگەیەنێت کە توندڕەوەکان لە دەرەوەی ئیسلام بن و میانڕەوەکانیش لە ناو ئیسلامدا مابێتنەوە، نەخێر؛ هەردوولا لە ناو بازنەی ئیسلامدان و لە کانیاوی قورئان و حەدیس ئاو دەخۆنەوە، کەچی هەرلایەو ئەویتر بە ساختە دەزانێ. واتە ناشێ و ناگونجێ بۆ ئەوەی شەرمەزار نەبیت، ئیسلام وەك مێژوو لە ئیسلامی خودا جیا کەیتەوە بە بیانووی ئەوەی داعش دەرکەیتە دەرەوەی ئایینی خودا.

لەم کورتە روونکردنەوەیەوە جارێکیتر دێینەوە بۆلای ئیخوانولموسلمین کە لە جیهانی عەرەبیدا دەبێتەوە بە سەرچاوەی یەکەمی بزافە ئیسلامییەکانی ئیمڕۆکە. هەمانکات ئیخوانیش جێدەهێڵین، چونکە بە بۆچوونی بەندە ئیخوان، هەروەك نموونەی پێشووتری ئەستێرە و تیشکەکەی، کۆتایی هاتووە، ئەوەی مابێتەوە جێماوەکانیەتی. ئیخوان سەرەتا بزافێکی سۆفیگەرانە بووە، واتە مەبەستێکی سیاسی دەسەڵاتخوازانە لە پشتەوە نەبووە، بەڵام ئەوانەی لەو بزافەوە داکەوتن وەك میانەڕەو و توندڕەو، خوویان بە دروشم و سرووت و رووکەشەوە گرتووە، بەشێکیشیان لە پێناوی دەسەڵات وەرگرتن پێی بە زۆرێك لە بنەماکانی ئاییندا ناوە، ئەم رەفتارە سیاسییەی ئەمانەیە کە رێکخراوێکی وەك داعش و گشت گروپە توندڕەوەکانیتری بێزار کردووە.

دەمەوێ لێرەدا ئەوەش بدرکێنم کە دەرکەوتنی سەلەفییەکی ئیسلامی، یان سیاسییەکی ئیسلامی و جیهادییەکی ئیسلامی، جیاکارییەك نییە تا بڵێین ئەمانە لە دۆخێکی وەستاودان و بەم شێوەیەش لەدایك بوون، نەخێر مەبەستمانە بێژین کە پێکهاتەی دەروونی، پەروەردەی تایبەت و ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە خولقاندنی ئەو فۆرمە جیاوازانە لە ناو ئیسلامییەکاندا رۆڵی زۆر گرینگ دەگێڕن. ئەمە جگە لەوەی بەردەوام ئاڵوگۆڕ لە نیوان ئەو فۆرمانەدا روودەدات و روویداوە. واتە سیاسییەك روو لە سەلەفییەت دەکات و سەلەفییەك روو لە جیهاد دەکات و بە پێچەوانەشەوە. نەك هەر ئەوە بگرە دژە ئیسلامییەك دەبینی دەبێتە ئیسلامییەك و ئیسلامییەکیش دەبێتەوە بە دژە ئیسلامی. گەر سەرژمێرییەك بۆ ئەم چەن ساڵەی دوایی بکەی، زۆر بە سادەیی ئەم دیاردەیە دەبینینەوە. رەنگە ئیستە زۆرێك هەبن لە ناو داعشدا پەشیمانن و هەلیان بۆ هەڵکەوێ رادەکەن، ئەی چەنێ کەسیتر تامەزرۆی چوونە ناو داعشن و دەستیان ناکەوێ!

کۆی وتە؛ ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە مرۆڤ لە بەندیخانەی خۆیدایە، چونکە مرۆڤ کە چاو دەکاتەوە لە ناو کۆمەڵێك تەلبەندا خۆی دەبینێتەوە کە بوونەتە کۆمەڵێك فاکتەرو ئەو مرۆڤە پاش لە دایکبوون، جارێکیتر دەیخولقێننەوە. لەو هێڵکارییەی خوارەوە بڕوانە، بزانە مرۆڤ هیچ بوارێکی دەبێت تا ئازادانە بیرکاتەوە! تەنها کاتێ مرۆڤ ئازاد دەبێت لە بیرکردنەوەدا کە لەو فاکتەرانەی خولقاندوویەتی هۆشیار دەبێتەوە. ئەو مرۆڤانەی لەو فاکتەرانە هۆشیار دەبنەوە، بەردەوام لە ناو مێژووی مرۆڤایەتیدا دەگمەنن، هەر ئەوانەشن دەتوانن ئاراستەی مێژوو بگۆڕن.

مرۆڤ لە رێگەی رەفتارەکانیەوە دەناسرێتەوە. بڕوانە و بزانە رەفتاری مرۆڤ چۆن بە شەش فاکتەری جیاوازی وەك فیزیکی، دەروونی، رۆحی، کەلتووری، جیۆگرافی

ئەگەر حکومەتی هەرێم بە رەسمی بانگهێشتمان بکات، دەتوانین ئەو دژە ئایدیۆلۆژیایە روون بکەیەنەوە، تا بتوانن بەرەنگاری داعشیزم ببنەوە

داعش دەستکەوتی بزاڤی ئیسلامییەکان و دەسەڵاتی سیاسی ناوچەکەیە، هەم ئەو دەسەڵاتەیە کە بەکاریاندەهێنێ و هەمیش ئەو دەسەڵاتەیە کە بەشێکی زۆری کۆمەڵگە لە پێناوی خۆیدا دەتۆرێنێ

لە بری ئەوەی داعش بە خەواریج بناسێنین و ئیتر ئەم دیاردەیە لە کۆڵ خۆمان بکەینەوە، باشتر وایە لە هۆکار و فاکتەر و زەمینەسازییەکانیان بکۆڵینەوە. لە بری ئەوەی یەکتر تاوانبار بکەین و ئەم بە داعش و ئەو بە ماعش بچوێنین

> **کاتێ مرۆڤ بە قووڵی لە خۆی نەڕوانێ و بە وردی بە مێژووی خۆیدا گوزەر نەکا و بە ڕەگ و ریشەی ئەو تەلبەندەی بە دەوریدا کێشراوە شۆڕ نەبێتەوە، مرۆڤێکی ئازاد نابێ، بەڵکو رابردوو هەنگاوی پێدەنێ**

و کۆمەڵایەتی دەورە دراوە. کاتێ مرۆڤ بە قووڵی لە خۆی نەڕوانێ و بە وردی بە مێژووی خۆیدا گوزەر نەکا و بە ڕەگ و ریشەی ئەو تەلبەندەی بە دەوریدا کێشراوە شۆڕ نەبێتەوە، مرۆڤێکی ئازاد نابێ، بەڵکو رابردوو هەنگاوی پێدەنێ، کەچی وادەزانێ بە ئەقڵی خۆی و ئیرادەی خۆی ملی ڕێگە دەگرێ. موسڵمانی ئیمڕۆکە بەگشتی لە بەندیخانەی مێژووی ئیسلام و دەقی سەدان ساڵە و لێکدانەوەی کۆمەڵێ مرۆڤدان، کە بۆ کاتی خۆیان و بۆ جێبەندیی خۆیان بیریان کردۆتەوە. مێژوویەك بۆتە زەخیرەی ئەمان و گۆڕەپانێك لە پیرۆزی بۆتە جێگە را و راوێنی ئەوانیتر، جیهانێکی ئەفسووناوی ئەوتۆیان بۆخۆیان خولّقاندووە کە هاتنەدەر لێیەوە تا بڵێی سەخت و ئەستەم بووە. ئەم کۆمەڵگە داخراو و بەندکراوە کاتێ زەبری مۆدێرنەیان بەرکەوت، وەك لە پێشەوە وتمان بزافی ئیسلامی لە جۆری ئیخوانی خولّقاند. هەر چەندە ئەم بزافە خۆی وەك رابوونێك لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامی راگەیاند، وەلێ ئەوە لای بەندە وەك راچڵەکینێك دەرکەوتبوو زیاتر لەوەی کە رابوون بووبێت. لەبەرئەوەی کێشەی بنەڕەتی جیهانی ئیسلامی لای ئەوان بە وردی دیاری نەکرابوو، بەڵکو پەرچەکردارێکی نەستییانە بوو، پڕ بوو لە نۆستالۆژیا بۆ رابردووی خۆیان کە گەڕانەوە بۆ سەردەمی خەلافەت یەکێك بوو لەو نۆستالۆژیایانە. لەگەڵ ئەمانەشدا جیهانی ئیسلامی، بەتایبەتی بزافە ئیسلامییەکان خۆیان رادەستی دەقە پیرۆزەکان بە جۆرێك کردبوو، کە ئیدی بواری ئەوەی نەدان بە قووڵی لە کێشەی سەرەکی خۆیان ورد ببنەوە. ئەگەر ئیخوان وەك پنتێکی سەرەکی وەرگرین، دەبینین لەم پنتەوە سێ بزافی سەرەکی لەسەرخۆ چەکەرەیان کرد و بوونە شەتڵ و ئێستەش بوونەتە درەختێ کە سەختە لەم سەردەمدا بەرێکی بەسوود بۆ مرۆڤایەتی بگرێ. بەشێك بەرەو سیاسەتگەری و بەشێکیان سەلەفیگەرا و بەشەکەیتریان جیهادکردنی دەستەویەخەیان هەڵبژارد. هەرچەندە ئەو بەشەیان کە بەرەو سیاسەتکردن دەچوو و خۆی پتر لەگەڵ کاری سیاسی رۆژانە لە سەر حسابی بنەماکانی ئایین دەگونجاند، هێندەش بەشە جیهادییەکان لە سیاسەت و ژیانی رۆژانەی خەڵکی دووردەکەوتنەوە و توندتر دەبوون و هێندەش دژایەتییان لەگەڵ یەکدی خراپتر دەبوو. واتە سیاسی بوونی ئیسلامییەکان مێژووی خۆی هەیە و توندڕەوەکانیش مێژووی خۆیان هەیە. داعش ئیمڕۆکە لە توندڕەویدا خۆی گەیاندە لوتکەی توندڕەوی. دەبینین لە سەرەتادا کە بزافی جیهادی لە ساڵانی هەفتاکانی سەدەی پێشوو دەرکەوت، لە ئەفغانستان خۆیان نیشاندا، پاشان ئەلقاعدە هاتە ئاراوە، لە ناو ئەمانەدا داعش هەڵئەقوڵێ کە هەموو ئەوانیتری لە توندڕەویدا تێپەڕاندووە. تێنەگەیشتنی ئیمڕۆکەی دەسەڵاتدارانی جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی عەرەبی، وادەکات کە کارتی ئیسلامی سیاسی و جیهادی تێکەڵکاتەوە. واتە سیاسییەکانیش بەرەو جیهاد و توندڕەوی بەرێتەوە.

> **پەروەردەی تایبەت و ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە خولّقاندنی ئەو فۆرمە جیاوازانە لە ناو ئیسلامییەکاندا رۆڵی زۆر گرینگ دەگێڕن**

کەواتە لە بری ئەوەی داعش بە خەواریج بناسێنین و ئیتر ئەم دیاردەیە لە کۆڵ خۆمان بکەینەوە، باشتر وایە لە هۆکار و فاکتەر و زەمینەسازییەکانیان بکۆڵینەوە. لە بری ئەوەی یەکتر تاوانبار بکەین و ئەم بە داعش و ئەو بە ماعش بچوێنین، چاترە بۆخۆمان لە خۆمان بپرسین: بۆ رۆژگاری ئیمڕۆکەی جیهانی ئیسلامی بەم رۆژە گەیشتووە، بۆ کۆمەڵێك لە خاك و خۆڵ و زەمینەی خۆماندا رواوە، لە هەمان سەرچاوەی ئیسلام خۆراکی خۆیان وەردەگرن، کەچی بۆ ئێمە بۆتە شێرپەنجە و خۆمانی لێ کەنارگیر دەکەین؟!

بۆیە دەڵێم: کێشەی جیهانی ئیسلامی هەر داعش نییە، بەڵکو بیرکردنەوەی جیهانی ئیسلامییە بەگشتی، ئەو جیهانەی سەرباری ئەو هەموو گرفت و وێرانییە، هێشتا هەر خۆی بە خاوەنی هەقیقەتی رەها دەزانێ و لە خۆی ناکەوێتە گومانەوە. داعش تۆوێکە لەو زەمینەیەی جیهانی ئیسلامیدا چەکەرەی کردووە، ئەگەر تائێستە دەرنەکەوتووە ئەوە لەبەر ئەوە بووە کە پەرش و بڵاو بووە، وەلێ ئێستە لە شوێنێکدا کە کۆکراوەتەوە، بۆمان دەرکەوتووە. مرۆڤ جاری وا هەیە خۆی بە خۆی نازانێ کە شتێکی کوشندەی لە خودی خۆیدا هەڵگرتووە، تا نەجووڵی هەستی پێناکا. ئەوەی بەرژەوەندی هەبووە لە دەرکەوتنی داعشدا، بێگومان شارەزا بووە لەوەی کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە داعشەکان لەیەك شوێندا کۆکاتەوە تا بەکاریان بێنێت بۆ دابینکردنی دەسەڵات و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی.


> **داعش هەر ئەوە نییە دژی هەموو جیهان وەستاوەتەوە، بەڵکو شەرمەزارییەکی زۆریشی بۆ موسڵمانان لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەوە**

کۆتایی وتە ئەوەیە داعش دەستکەوتی بزاڤی ئیسلامییەکان و دەسەڵاتی سیاسی ناوچەکەیە، هەم ئەو دەسەڵاتەیە کە بەکاریاندەهێنێ و هەمیش ئەو دەسەڵاتەیە کە بەشێکی زۆری کۆمەڵگە لە پێناوی خۆیدا دەتۆرێنێ. داعش شێرپەنجەیەکە لە سەر جەستەی جیهانی ئیسلامی کە خۆی بەرپرسە لێی دەرکەوتووە. ئەو ئایدیۆلۆژیایەی داعشییەکان هەڵیانگرتووە، دەبێت بە ئایدیۆلۆژیایەکیتر بەرەنگاری ببنەوە، ئەگین هەر سەرهەڵئەداتەوە. ئەگەر حکومەتی هەرێم بە رەسمی بانگهێشتمان بکات، دەتوانین ئەو دژە ئایدیۆلۆژیایە روون بکەینەوە، تا بتوانن بەرەنگاری داعشیزم ببنەوە.

● **کۆتایی**

# توندوتیژیی دووسەره

**ئاسانە لە نێو کەسانی هاوچەرخی ئێمەدا هی وا ببینین، کە لە رەفتارکردنی لەگەڵ «سیستەمی گوتار»دا بەم جۆرە رەفتار بکات، بەڵام بەهای رای غەزالی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە بنەڕەتدا زادەی ژانێکە کە جڤاکی ئیسلام تێیدا ژیاوە. ئەمەش پاڵی بە بیرمەندانیەوە نا بە دوای بەهێزی گوتار و سنوورەکەیدا بگەڕێن، پێوەری لۆژیکیان خستە بن دەسەڵاتی پێوەرێکی دی، کە ئەو لە ئامێز دەگرێت، بە چەشنێك لە ئاستی گوتار و لۆگۆسدا ناوەستێت بۆ پوختەکردنی ئەو رێسایانەی کە دەبێ وابەستەیان بێت، بەڵکوو بە دوای مەرجەکانی ئەگەری گوتندا دەگەڕێت، هەروەها بە دوای ئەو بەرکارانەی لە گوتارەوە سەرچاوە دەگرن.**



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

بۆ گوڵان دەینووسێت

لە رووبەڕووی باتنییەکاندا، ئەبوو حامیدی غەزالی هەست بە کورتهێنان و ناتوانایی گفتوگۆی لۆژیکی کرد، لەوەی قەناعەت بە نەیارانی بهێنێت. روون بووەوە کە لەم بوارەدا، تەنیا پەیوەستبوون بە شیاویی گوتاری لۆژیك، هێندە سوودی نابێت، بۆیە پەنای بردە بەر بەکارهێنانی گوتار لە روانگەی کاریگەریی ئەوەوە، یان وەك خۆی دەڵێ، ئەو دەرد و بەڵایەی لێی دروست دەبن. ئیدی بەم جۆرە، کاتێك ئەو لە کتێبی (ئەلمونقز)دا باس لە چەشنەکانی بانگخوازان دەکات و دەکەوێتە شرۆڤەکردنی هەمەجۆر ئەو رێکارانەی لە زانین (مەعریفە)دا گیراونەتەبەر، ئەوا ناچێتە سەر ئەو رێکارانە بەوەی میتۆدی زانین و مەعریفەن، بەڵکوو پرسیار لە گوتار دەکات، وەك ئەو دەڵێ، لە رووی «ئەو دەرد و بەڵایەی لێ دەکەوێتەوە». لەبەر ئەوەی، ئەم رێکارانە، لە روانگەی حوجەتولئیسلام (غەزالی)یەوە، تەنانەت ئەگەر خۆبەخۆ ببنە مایەی زانیاریی راست و دروستیش، ئەوا ئەو دەرد و بەڵایەی لێی دەکەوێتەوە، رەنگە دژ بن، ئیدی بەرەو گومڕایی دەچێت. هێندە بەس نییە کە گوتار لە رووی لۆژیکی خۆیەوە یەکدیگر بێت، ئیدی راستگۆیە، بەڵکوو دەکرێ گوتاری راستگۆ گومڕایی لێ بکەوێتەوە. ئەمەش هەر تەنیا دەرهەق بە فەلسەفە راست نییە، بەڵکوو تەنانەت لە بواری زانینی وەرزشیشدا راستە. رەنگە هەندێك بە لاڕێدا ببات، کە «نەریتی پەتی رەت بکەنەوە»، یان لۆژیك، کە رەنگە وای لێ بڕواندرێت «ئەوەی بە پەسندی دەزانێت و پێیوایە روونە، ئیدی مەزەندە دەکات، پێی وا دەبێت کە ئەو کفرانەی لە هاوڕێیان دەگوازرێنەوە، بەم جۆرە سەلماندنە پشتیوانی کراون. مەرج نییە گومڕایی هەر بیرۆکەی هەڵە بێت، هەروەها «سەهووش کە بڵاو بووەوە»، هەمان کاریگەریی راستەقینەی دەبێت.

کەواتە غەزالی دەستی خستووەتە سەر ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ پێی دەڵێین: «ئابووریی سیاسیانەی زانین»، درکی بەوەش کرد کە گوتار تەنیا بە یەکگرتوویی لۆژیکیانە و دروستیی بنیادەکەی دیاری ناکرێت، بەڵکوو بەو بەرکارانەی لەویش

**ژیانی هەقیقەت و بڵاوبوونەوەی بیرۆکە و سەرکەوتنی، پەیوەست نییە بە راستگۆیی لۆژیکییانەی، بەڵکوو پەیوەستە بەو دەسەڵاتەی هەرمێنی بۆ پەیدا دەکات**

دەکەونەوە. تەنانەت ئێمە دەتوانین بڵێین، حوجەتولئیسلام ئەو پەیوەندییەی بەدی کردووە، کە لە نێوانی گوتار و کاریگەرییەکی دیاریکراوی دەسەڵاتدا هەیە، درکی بەوەش کرد کە زانین بە تەنیا ناتوانێ گومڕایان بهێنێتە سەر رێ، هیچ دەرەتانێکیش نییە لەوەی کە دەسەڵاتی زانین هاوشانە لەگەڵ دەسەڵاتێکی دنیایی. راستە ئەو تا ئەو رادەیە نەچوو، کە بڵێ: «گوتار دەسەڵاتی تێدایە، بەڵام ئەوەی سەلماند کە گوتار گوڕ و تین و کاریگەرییەکە لەو دەسەڵاتەوە بەدەست دەهێنێت، کە لە پشتی ئەوەوەیە»، سەرەنجام «گوتار دەسەڵاتی هەیە. ژیانی هەقیقەت و بڵاوبوونەوەی بیرۆکە و سەرکەوتنی، پەیوەست نییە بە راستگۆیی لۆژیکییانەی، بەڵکوو پەیوەستە بەو دەسەڵاتەی هەرمێنی بۆ پەیدا دەکات».

زانست، وەك ئەوەی (کتێبی زیندوو کردنەوەی زانستەکانی ئایین، لە دانانی غەزالی) دەیڵێ «زەمی نەفرەتلێکراو ناکات»، قسەش واتای خۆی لەو مینبەرەوە بەدەست دەهێنێت، کە لەوێدا گوتراوە:»، ئەگەر قسەکەت دایە پاڵ کەسێکەوە کە پێیان باشە، ئەگەر نادروستیش بێت، ئەرێی دەکەن و قبووڵی دەکەن، خۆ ئەگەر داتە پاڵ کەسێکەوە کە بە خراپی دەزانن، ئەگەر هەقیش بێت، هەر رەتی دەکەنەوە»، ئەوان هەمیشە هەق بە پیاو دەناسنەوە نەك پیاوان بە هەقەوە بناسن. ئەمەیە کە کتێبی (کەتنەکان) دووپاتی دەکاتەوە: «شت ئەگەر درایە پاڵ کەسێکەوە کە بە پیاوەتی ناسراوە، ئیدی بە زۆری خەڵك ئارەزوو دەکەن وەك ئەو بن، چەندین تایەفە لایان وایە، کفری رووتە ئەگەر لاسایی ئەفلاتوون و ئەرستۆ تالیس بکەیتەوە، گرووپی دانایانیش بە چاکە ناویان دەرکردووە، سەرچاوەی ئەمەش لاساییکردنەوەیە و حەزکردن بەوەی وەك دانایان بن.»

زانین، تەنانەت ئەگەر خۆبەخۆ یەقینیش بێت، بەڵام لە بنەڕەتدا بەوەی کە لەبارەیەوە دەگوترێت، دیاری دەکرێت، تەنانەت درکەکان (پەیڤەکان) کاریگەرییەکیان هەیە کە سنووری درك و پەیڤ تێدەپەڕێنن. رەنگە هەر ئەوەش بێت کە سووربوونی حوجەتولئیسلام راڤە بکات، کە داوای کردووە زمانی لۆژیك وەربگێڕدرێ و بگوازرێتەوە سەر زمانی عەرەبی (راستەڕێ)، لەبەر ئیحای ئەو درك و پەیڤانە و کاریگەرییان بە سەر گوێ و عەقڵەوە، بەهای درکە (پەیڤ) نە لە خۆیدایە و نە لە واتاکەی، بەڵکوو بەهاکەی لە کاریگەرییەکەی و ئەوەی لێ دروست دەبێتدایە.

حوجەتی ئیسلام بە مشتومڕ رووبەڕووی فەیلەسووف و فێرکاری بووەوە، بەرهەڵستیی ئەوانی کرد «وەك داواکارێك کە نکۆڵی دەکات، نەك وەك ببێژێك کە دەسەلمێنێ». ئەو درکی بەوە کرد، کە سەهوویەك ئەگەر بڵاو بووەوە، هەمان کاریگەریی هەقیقەتی هەیە، بە تەنیا راوەستان لە ئاستی نکۆڵیکردن بەس نییە، لە مێزگردی گفتوگۆدا بازاڕی

**لە مێزگردی گفتوگۆدا بازاڕی قسە سوودی نییە. مەترسیی فەلسەفە و فێرکردن لەو بیرۆکانەدا نییە کە هەرمێنیان پێ دەدرێت، بەڵکوو لەو دەرد و بەڵایەدایە کە زادەی ئەون گوتار دەسەڵاتی هەیە**

قسە سوودی نییە. مەترسیی فەلسەفە و فێرکردن لەو بیرۆکانەدا نییە کە هەرمێنیان پێ دەدرێت، بەڵکوو لەو دەرد و بەڵایەدایە کە زادەی ئەون.

رێگرییەك لەوەدا نییە کە غەزالی هەندێك جار پەنا بباتە بەر بەهێز و نارۆشنیی شێوازەوە، هەروەها کارامەیی لە مشتومڕدا، ئەو «ناکەوێتە داکۆکیکردن لە رێبازێکی تایبەت»، بەڵکوو وا دەکات گرووپەکان ببنە «یەك دەنگ دژ بە دوژمنانی»، «رەنگە تێکڕای گرووپەکان لە وردەکاریدا لەگەڵمان ناکۆك بن، ئەمانە باسی بنەماکانی ئایین دەکەن، با لەگەڵیاندا کراوە بین، لە کاتی تەنگانەدا رق و کینە نامێنێ.»

ئاسانە لە نێو کەسانی هاوچەرخی ئێمەدا هی وا ببینین، کە لە رەفتارکردنی لەگەڵ «سیستەمی گوتار»دا بەم جۆرە رەفتار بکات، بەڵام بەهای رای غەزالی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە بنەڕەتدا زادەی ژانێکە کە جڤاکی ئیسلام تێیدا ژیاوە. ئەمەش پاڵی بە بیرمەندانییەوە نا بە دوای بەهێزی گوتار و سنوورەکەیدا بگەڕێن، پێوەری لۆژیکیان خستە بن دەسەڵاتی پێوەرێکی دی، کە ئەو لە ئامێز دەگرێت، بە چەشنێك لە ئاستی گوتار و لۆگۆسدا ناوەستێت بۆ پوختەکردنی ئەو رێسایانەی کە دەبێ وابەستەیان بێت، بەڵکوو بە دوای مەرجەکانی ئەگەری گوتندا دەگەڕێت، هەروەها بە دوای ئەو بەرکارانەی لە گوتارەوە سەرچاوە دەگرن.

وێڕای هەموو ئەمانە، هەروەها وێڕای ئەوەی حوجەتولئیسلام پێی گەیشت، ئەو ددان بە ناتوانایی خۆیدا دەنێت، نەك لە قەناعەت هێنان بە نەیار، بەڵکوو لە گۆڕینی رای ئەو. ئەو ددان بە ناکارایی گوتاردا دەنێت، ئیدی جۆرێك لە بێ ئومێدی دەسەلمێنێ، تەنانەت لە بێ هیوایی لە قەناعەت هێنان بەوەی لە هەق لای داوە، کە بیهێننەوە سەر راستەڕێ.

ئیدی بەم جۆرە، لە دەقێکدا کە لە دوو لە کتێبە سەرەکییەکانی خۆیدا نووسیویەتی، غەزالی هەوڵدەدات پاساو بۆ ئەم هەستکردن بە بێ هیواییە بهێنێتەوە، دیالۆگێك لەگەڵ بانگخوازێکی باتنی دەکات. بانگخوازەکە لێی دەپرسێت: «تۆ دەتوانی هەموو راستی و زانینێکی خوداوەندانە، هەموو گەردوون بزانی، ئەو جیاوازییەی نێوانیشیان نەهێڵی؟» غەزالی بەرسڤ دەداتەوە: «هاوار بە خۆم، ناتوانم، وەك ئەوەی ئیمامی مەعسوومی تۆ جیاوازیی نێوان بوونەوەرانی نەهێشتووە و گرفتی سەر دڵانیشی سڕیوەتەوە. جیاوازیی بوونەوەران حوکمێکی زەروور و ئەزەلییە، هەر بە جیاوازییش دەمێننەوە تەنیا لە رەحمەتی خودا نەبێت، هەر بۆیە خوداوەند دروستی کردوون و پەیامی خودا بەدی هات»، پاشان بانگخوازەکە لێی دەپرسێت «بوونەوەران چۆن لەم جیاوازییە رزگاریان دەبێت؟» غەزالی بەرسڤ دەداتەوە: «ئەگەر گوێم

لێ بگرن من جیاوازیی نێوانیان ناهێڵم، بەڵام من ناتوانم ناچاریان بکەم گوێم لێ رابگرن، ئەوان بە تێکڕا گوێیان لە پێغەمبەران و لە ئیمامەکەی تۆش نەگرت، ئەوجا چۆن گوێ لە من دەگرن؟ ئەوان چۆن دەتوانن لە گوێ گرتندا یەك دەنگ بن، لە کاتێکدا لە ئەزەلەوە و تا ئێستاش هەر حوکمیان بە سەردا دراوە کە جیاواز بن، تەنیا لە رەحمەتی خودا نەبێت؟»

بە لامانەوە گرنگ نییە لێرەدا لە غەزالی بپرسین: «بۆچی هێشتا هەر جیاوازن تەنیا لە رەحمەتی خودا نەبێت؟» چونکە ئەم جارەیان هێندە سوودی لێ نابینین، چونکە ئێمە لەوە دەترسین کە جیاوازی بۆ زەروورەتێکی گەردوونی بگێڕێتەوە. ئەوەی بە لای ئێمەوە بە دروستی گرنگە، ئەوەیە کە ئەوانەی گوێ ناگرن، زەروورەتی جیاوازی و جیاواز بوون ناسەلمێنن، وەك غەزالی کردوویەتی. ئەوان هەموو فرەڕایی و جیاوازییەك لە هەڵوێستدا رەت دەکەنەوە، هەروەها هەموو دوودڵییەکی نێوان گومان و یەقین. ئەمەش وا دەکات کە هەموو شتێك بخەنە نێو بازنەی خۆیانەوە، ناچاریشی دەکەن ملکەچ بە لۆژیکی ئەوان بێت، ئەمەش میکانیزمی ناچارکردنی تێدایە. وەك (نیچە) پاشتر دەڵێ، ئێمە دەزانین کە هەموو میکانیزمێکی یەکخوازی و هەموو رەتکردنەوەیەکی جیاوازی، بەدی نایەت تەنیا بەوەی کە رێکخستن و ناچارکاری و سەپاندنە، تەنیا بەوەش نەبێت کە بەرهەڵستی کردنی پەشێویی زۆربوونە، هەروەها بڕیاردانی لۆژیکی هەژموون و ژێردەستی و ستەم. ئەو میکانیزمی یەکخوازییەی لە پشت متمانەخوازییەوەیە، کە دەبێتە رێگر لە بەردەم متمانەخواز کە فرەڕایی قبووڵ بکات، یان دروستتر کە جیاوازییان قبووڵ بکات، جۆرێك لە ستەم و توندوتیژیی تێدایە. ئەم توندوتیژییە هەر ئاراستە بە ئەوی دی نییە، بەڵکوو دەڕژێتە سەر خودیش. متمانەخواز بەر لەوەی جیاوازی لەگەڵ ئەوی دی رەت بکاتەوە، لە بەراییدا بە رەتکردنەوەی جیاوازبوون لەگەڵ خۆی، دەستپێدەکات، بەر لەوەی لەگەڵ ئەوانی دی توندوتیژی بنوێنێ، ئەو بۆ خۆی دەکەوێتە بن باری گوشاری بەدیهی و توندوتیژییەکەیەوە. متمانەخواز هزری خۆی ناخاتە بەر حوکمی لۆژیکەوە، بەڵکوو ئەو هەموو شتێك دەخاتە بەر حوکمی لۆژیکی خۆیەوە. ئیدی لێرەوەیە کە خۆی بەوە با دەدات، کە ئاگاداری هەموو رازێکی ئاشکرا و پەنهانە، چونکە هەر سڵەمینەوە و دوودڵییەك لە پێگەی ئەو دەدات و دەسەڵات و سامی ئەو لاواز دەکات. ئیدی مۆرکی هەمەکیانە و تۆتالیتاریانەی متمانەخوازی سەرچاوە دەگرێت.

پەیوەندییەکی بەتین لە نێوانی هەموو (Total) و هەمەکایەتی (Totalitaire)دا هەیە، لە نێوانی ئارەزووی ئەوەی پەی بە هەموو شتێك ببەیت، ئەوەی تاکە را و تۆتالیتاریخواز بیت، پەیوەندییەکە ئاستی زارەکی تێپەڕ دەکات، چونکە هزری تۆتالیتار پەیوەستە بە لۆژیکی سنووربەندی و روانینی هەمەکییانە، کە دەشڵێ هیچ شتێك نییە لە زانین و پەی پێ بردنی ئەو بەدەر بێت. جا لێرەوەیە کە بە تەواوی لە هەموو سڵەمینەوە و دوودڵییەك دوور دەکەوێتەوە، زوو بە زووش هەموو شتێك یەکلایی دەکاتەوە کە کەماسی و ناتوانایی ئاشکرا بکات، لەبەر ئەوەی ئەم شتە، نەك هەر لاوازییەکی تیۆری دەخاتەڕوو، بەڵکوو کەماسی بە خاوەن را دەدات و لە سام و دەسەڵاتیشی دەدات. ئەو هەر تەنیا نەزانی نییە بە کاروبار، بەڵکوو نیشانەیەکە بۆ کەماسی و ناتوانایی و سستی. بۆیە خەسڵەتی متمانەخوازی ئەوەیە کە توانایەکی لە رادە بەدەری هەیە لە رووی فەتوادان لە بواری هەموو کارەساتێك، کە خەسڵەت و پلەی ئاڵۆزییەکەی هەر چەند بێت. هەر گومان و راڕاییەك نیشانەیەکی ناتوانایییە، هەر هەڵەیەکیش هەر بە هەڵە دادەندرێت.

سەبارەت بە پەیوەندیی پەیڤی (هەمەك) بە (تۆتالیتاریزم)ـەوە بە ئاراستەکەی دی، ئەوا پێشتر ئاماژەمان پێی کرد، کاتێك گوتمان کە هزری هەمەکی، بەو میکانیزمی یەکخوازییەی کە هەیەتی (لە ئامێزگرتنی هەموو یەکتاپەرستێك)، ئەوا ناچار دەبێت میکانیزمێکی سەرکوتکەرانەی ناچارانە بگرێتە بەر.

بە گوێرەی ئەوە، هزری متمانەخوازی دۆگما، کە لە نێو بەدیهی و یەقیندا مەلە دەکات، ئەو، وەك باوە کە دەگوترێت، توند نابێت بەو بەرکارانەی لێی دروست دەبن، یان ئەو ئەنجامانەی لێی دەکەونەوە، بەڵکوو ئەو چاو دەبڕێت، یان دروستتر، دەبەسترێتەوە بەوەی ئەو پێیوایە ئاسایی و بەدیهی و سەلماوە، وەك ئەوەی توندوتیژی، توندوتیژییەکی بنیادگەر بێت. پێشتریش (رۆلان بارت) روونی کردەوە، کە بەدیهی توندوتیژییە، هەروەها «توندوتیژیی راستەقینە ئەوەیە بڵێی: ئاساییە ئەم باوەڕەمان هەبێت، ئەمە کارێکی بەدیهییە.»

متمانەخوازی توندوتیژی و سەرکوتکردنە بەوەی کە کۆمەڵێك بەدیهییە، دەرگای گومان و رێی رەخنە دادەخات، جا متمانەخواز لە نێو «هەموویەکی یەکگرتوو»دا بەند دەکات، رێی ئەوەشی لێ دەگرێت هەوای ئازادی هەڵمژێت. بۆیە ئەو بە کەڕی و «گوێ نەگرتن لە ئەوی دی»یەوە گرێ دراوە، هاوشانە لەگەڵ توندڕۆیی و تاکەڕایی و ئەو سەرکوتکردانەی رای جیاواز کە لێی دەکەوێتەوە، هەروەها ددان نەنان بە رای ئەوی دی، ئەمەش وا دەکات نەك هەر بە توندوتیژیی رەمزییەوە بەسی لێ بکات، هێندە نابات ئەو توندوتیژییە درێژ دەبێتەوە، لە توندوتیژییەکی ماددیدا بەرجەستە دەبێت، ئیدی دەبێتە «توندوتیژییەکی دوولایی و دووسەرە.

**غەزالی دەستی خستووەتە سەر ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ پێی دەڵێین: «ئابووریی سیاسیانەی زانین»، درکی بەوەش کرد کە گوتار تەنیا بە یەکگرتوویی لۆژیکیانە و دروستیی بنیادەکەی دیاری ناکرێت**

---

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ڕیبات**



### پرۆفیسۆر عەبدولقادر تەیوب لە زانکۆی کیپ تاون بۆ گوڵان:

# سیاسەتی ئایینی لە کۆمەڵگەی فرەییدا بۆ ناهەموارترین کێشە سەری کێشاوە

پرۆفیسۆر عەبدولقادر تەیوب خاوەنی کۆرسی ئیسلام و جەماوەری ئەفریکی و بەها ئایینییەکانە لە زانکۆی کیپ تاون لە باشووری ئەفریقیا، سەرۆکی بەشی دیراساتی ئایینیشە لە هەمان زانکۆدا، چەند کتێبێکی بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی (ئیسلام لە باشووری ئەفریقیا، بیرکردنەوەی تازە لە ئیسلامدا، ئیسلام و مێژووی ئایینەکان) هەروەها یەکێکە لەو کەسایەتییە ئەکادیمییانەی لە بوارەکەی خۆی بانگهێشتی کۆڕ و کۆنفرانسە جیهانییەکان دەکرێت، بۆ قسەکردن لەسەر دیاردەی تیرۆر و ناوە جیاوازەکانی تیرۆریستان و هۆکاری بەرهەمهێنانی توندوتیژی لە پاکستانەوە تا سەحرای ئەفریقیا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** بۆکو حەرام و بزووتنەوەی ئەلشەباب و ئەلقاعیدە هەموو ئەمانە دەیانەوێت مرۆڤایەتی بگەڕێننەوە بۆ رۆژگاری سەدەی حەوت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن جیهان بەگشتی و جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی، دەتوانێت خۆی لەم ئایدیۆلۆژیایە رزگار بکات؟**

ـ ئەوە پرسیارێکی زۆر قورسە، سەرەتا لەو بڕوایەدام گرنگترین شتێك کە بۆ ئێمە بکرێت، ئەوەیە کە یەکەمجار لەو کارانە تێبگەین کە ئەوان بەڕاستی ئەنجامی دەدەن، چونکە وادیارە خەڵکی وا باسی دەکەن کە ئایدیۆلۆژیا بێت، بەڵام پێم باش نییە پێویست بکات وەك ئایدیۆلۆژیا باسی لێوە بکەین، بەڵکو ئەمە کۆمەڵە ئایدیا، یاخود رەمزێکە کە خەڵکی ساز دەدات بۆ پیادەکردنی بەرنامەیەکی سیاسی دیاریکراو، کەواتە کاتێك باسی ئایدیۆلۆژیا دەکەیت، ئەوا پتر بەرجەستە کراوە لەلایەن – بۆ نموونە- پارتی کۆمۆنیستی، یاخود ناسیۆنالیستەکانی دیکە، کە ئەو کاتە ئامانجێکت دەبێت، ئیدی یان دامەزراندنی دەوڵەتێکە، یاخود پارتێکە بۆ ئەنجامدانی کارێکی هاوشێوە، بەڵام ئەم گرووپانەی باسیان دەکەیت لە کردەوەگەلێکی زۆر وێرانکارانەوە تێوەگلاون و رەنگە هەندێ کەس بڵێن کە زۆر زەحمەتە بزانین لە کوێدا کار و کردەوەکانیان کۆتایی دێت، باشترە وا لێیان تێبگەین کە ئەوان ئایدیای خەلافەت و ئایدیای سەرەتای مێژووی ئیسلام بەکار دەهێنن، بەڵام ئەوان بایەخ نادەن بەوەی لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوودا ئەو ئامانجە بەدەست بهێنن، پێدەچێت ئەوان رێگەیەکیان گرتبێتەبەر کە بێئەندازە وێرانکار بێت، لەبەر ئەوە زەحمەتە بتوانین بە شێوە تەقلیدییەکە باسی ئایدیۆلۆژیای ئەوان بکەین. کەواتە دەبێت سەرەتا لەوە تێبگەین کە ئەوان ئەنجامی دەدەن، هەنگاوی دووەم ئەوەیە دەبێت لەوە تێبگەین کە ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە زۆر گۆڕاوە و زۆر جیاوازە لەو جیهان و سەردەمەی لە سەدەی حەوتەمدا هەبوو. کاتێك دەست بە بیرکردنەوە دەکەن لە بارەی مێژووی خەلافەتەوە لە سەدەی حەوت و هەشتدا، ئەوا کێشەیەکی زۆر هەبووە، موسڵمانان بە گشتی بیرۆکەی عاتیفییانەیان هەیە لە ئاست ئەو رۆژگارەدا، پێموایە ئەگەر لە مێژوو تێبگەن ئەوا لەو بژاردانەش تێدەگەن کە لە چەند ساڵی کەمی داهاتوودا دەیگرنەبەر.

*** کێشەکە ئەوەیە کاتێك دەمانەوێت ئەو کەسانە جیا بکەینەوە کە دەیانەوێت بچنە نێو ریزەکانی رێکخراوە تیرۆریستییەکان، دەبینین ئەو خەڵکانە لە نێو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتە ئیسلامیەکاندا پەروەردە کراون، واتە لە هەمان قوتابخانە و لە هەمان مزگەوت گۆشکراون و لە هەمان گەڕەك و کۆڵاندا گەورە بوون، واتە ئەوان لە ناو ئێمەدان و بەشێکن لە کۆمەڵگەکە، پرسیارەکەش ئەوەیە لە کۆمەڵگەدا دەبێت بۆ رێگەگرتن لە کەسانی توندڕەو چی بکرێت؟**

ـ ئەوە پرسیارێکی زۆر باشە، یەکێك لە رێگەکان بۆ تێڕوانین لەم مەسەلەیە ئەوەیە- کە روونە من پشتیوانی ئەوان ناکەم و مەرج نییە هاوسۆزیم هەبێت بۆ ئەوان، وەك نیشانەی بوونی گرفتێك لە کۆمەڵگەدا سەیریان دەکەم، وەك توێژەرێك لە بواری ئاییندا ئەوا رەنگە ئایین وەڵامی ئەوەمان نەداتەوە- کە چی دەگوزەرێت- بەڵام بە راستی بۆی هەیە ئاماژەو نیشانەیەك بێت لەبارەی ئەوەی لە کۆمەڵگەکەدا دەگوزەرێت. کێشەکە لە کۆمەڵگەدا بوونی هەیەو بەتایبەتی کێشەگەلێکی سیاسی زۆر هەن لە ناوچەکەدا، کەواتە سەرهەڵدان و دروستبوونی ئەلقاعیدە، یان داعش یاخود بۆکۆ حەرام ئاماژەیە بۆ بوونی کێشە لە کۆمەڵگەدا، هەوڵم داوە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەم کە بە شێوەیەك لە شێوەکان روویان کردۆتە ئیسلامیزم، ئەگەرچی مەرج نییە کەسانی توندوتیژ بن، ویستوومە هەوڵ بدەم بۆچی ئەم بژارە دەگرنەبەر و ئایا چ پاڵنەرێك ئاراستەیان دەکات؟ ئەوە بەشی یەکەمی مەسەلەکەیە، هەندێ کەس دەڵێن ئەمانە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری سعودیە یاخود تاڵیبانەوە، بەڵام مەیلێك هەیە لای موسڵمان و عەرەبەکان بەگشتی کە کێشەکە لە شوێنێکی دیکەیە، بەڵام دەبێت درك بەوە بکەین کە ریشەی کێشەکە لە ناوخۆدایە، کاتێکیش دووچاری کێشەی سیاسی دەبن، ئەوا پێدەچێت هەندێ کەس هەبن کە بڵێن دەبێت کارێکی ئەوپەڕی بوێرانە- نائومێدانە- بکەین، پێموایە یەکێك لە رێگە بنەڕەتییەکانی چارەسەرکردنی کێشەکە ئەوەیە راستەوخۆ رووبەڕووی کێشە سیاسیەکە ببنەوە. کێشە سیاسیەکانیش لە رووی حوکمڕان و مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤەوەو لە رووی ئەوەی خەڵکی خاوەنی مافە ئاساییەکانیان نین و کاتێکیش لە کۆمەڵگەکان دەڕوانیت ئەوا خەڵکی دەبینین کە زۆر نائومێدن و نازانن چی بکەن، ئەو کاتە هەر کەسێك بێت و بەڵێن بدات کە کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکات بەو شێوەیە کە خەلیفە لە سەدەی حەوتدا کێشەکانی چارەسەر کردووە- بە چەشنی ئەوەی پێغەمبەر(د.خ) کێشەکانی چارەسەر کردووە، ئەوا خەڵکی شوێنی دەکەون، بەڵام دەبێت پرسیاری قووڵتر و مشتومڕی قووڵتر بکرێت، لە راستیدا خەلیفەی ئیسلام لە سەرەتای مێژووی ئیسلامیدا هەموو کێشەکانی پێ چارەسەر نەکرا، لە ساڵی یەکەمی دامەزراندنی خەلافەتدا کێشەیەکی زۆر و شەڕێکی زۆری جیاواز لە ناوخۆدا هەبوون، زۆر کەس لە قوتابخانە فێری ئەوە دەکرێت کە ئەو سەردەمە سەردەمی زێڕین بووە، بەڵام چیتر ئەوە سەردەمی زێڕین نییە. لەبەر ئەوە پێموایە پێویستە لە مزگەوت و قوتابخانەکانەوە دەستی پێبکرێت و درك بەوە بکرێت، کە رابردووش هەندێ کێشەی هەبووە و ناکرێت خەڵکی

**کاتێک وەک سێبەری یەزدان لە کەسێک دەڕوانرێت، یاخود وەک خەلیفە و ئیمام، یان بۆ نموونە وەک پاپا، ئەوا ئەمە هاوکارییان دەکات بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی زیاتر لە دەسەڵاتدا بمێننەوە**

**دەبێت لەوە تێبگەین کە ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە زۆر گۆڕاوە و زۆر جیاوازە لەو جیهان و سەردەمەی لە سەدەی حەوتەمدا هەبوو**

بۆ چارەسەری هەموو کێشەیەك بۆ رابردوو بگەڕێنەوە. یەکێك لە چارەکان بۆ رێگەگرتن لێی ئەوەیە لە کێشەکە تێبگەیت و هەروەها کێشە سیاسییەکە چارەسەر بکەین. پێموایە لە ئێستادا یەکێك لە وەڵامەکانی ئەوان ئەوەیە کە تۆ موسڵمانێکی باش نیت، هەروەك دەزانن کە بۆکۆ حەرام و ئەلقاعیدەو هەموو گرووپە رادیکاڵەکان بەو کەسانە دەڵێن کە سەر بە ئەوان نین کە ئێوە چیتر موسڵمان نین و ئێمە ئیسلامی راستەقینەین، بەڵام پێموا نییە چارەسەرەکە لەوەدا بێت کە دەستنیشانی ئەوە بکەیت کێ موسڵمانە و کێ موسڵمان نییە، بەڵکو بریتییە لە بیرکردنەوە لەوەی کامە چارەسەر باشە بۆ هەموو لایەك، کەسانێك هەن وا بیر دەکەنەوە کە چارەسەرەکە لە ئیسلامدا بێت، یاخود چارەسەرەکە لە شتێکدایە کە لە رابردوودا روویداوە، هەندێ کەس دەڵێن: دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەلەفییەت و هەندێك دەڵێن: نەخێر با بۆ ئەبو حەنیفە بگەڕێینەوە و هەندێکێش دەڵێن: نەخێر تەنیا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پێغەمبەر (د.خ)، بەڵام بیر لەوە ناکەنەوە، کە ئایا لە ئێستادا کاری راست و دروست چییە بۆ هەموو کەس، ئیدی موسڵمان بێت یان مەسیحی، یان جوولەکە و.. تاد. کەواتە کاتێك خەڵکی دەست دەکەن بە چارەسەرکردنی کێشەکە نەك ئەوەی بڵێن ئیسلام چارەسەرە، بەڵکو بیر لەوە بکەنەوە کە چارەسەرەکە چییە و چۆن دەتوانین پێکەوە بژین و چۆن دەتوانین رێز لە یەکتری بگرین و ئایا چی لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدایە و ئایا چی لە بەرژەوەندی بەرەوپێشچووندایە و چی لەبەرژەوەندی پەروەردەدایە؟ پێموایە مەیلێك بۆ ئەوە هەبووە کە وا بیربکرێتەوە لەوەی چارەسەرەکە لە رابردوودایە و لە سەردەمێکی زێڕینی رابردوودایە، لە بری ئەوەی پێکەوە دابنیشن و بیر لەوە بکەنەوە ئێستا ئێمە کێشە وشکەساڵیمان هەیە و پێویستمان بە ئاوە و چۆن ئاو دەستەبەر بکەین و کاتێکیش ناکۆکی لە نێو خەڵکدا دروستدەبێت و شەڕدەکەن لە دژی یەکتر، چۆن ئەم ناکۆکییە چارەسەر بکەن، کێشەی ئەوەمان هەیە نازانین چۆن سەرکردەکان هەڵبژێرین و بیر لەوە بکەینەوە کە ئایا میکانیزمی راست چییە بۆ هەڵبژاردنی سەرکردە کە لای هەمووان جێی قبووڵکردن بێت. پێموایە ئەم بیرکردنەوەیە میسالییانە خۆی لە خۆیدا بەشێکە لە کێشەکە و کێشەیەکی قووڵترە لە کۆمەڵگە موسڵمانەکانی ناوچەکەدا. من بە رێگەی جیاواز هەوڵم داوە کە بڵێم پێویستە ئێمە تۆزێك واقیعیتر بین و رەخنەگر بین لە یەکتری، نەك رەخنە لە پێناوی رەخنەدا، بەڵکو رەخنەیەك رێز لە خۆبگرێت و هەموو کەسێك بۆچوونی خۆی هەبێت، بەڵام دەزانین کە بۆی هەیە ئەوە هەڵە بێت.

*** دەکرێت بیرو بۆچوونی جیاواز هەبێت لە نێوان ئایین و رۆشنبیراندا، بەڵام کاتێك سەیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەین دەبینین کە ئەم جیاوازی و ناکۆکییانە سەریان کێشاوە بۆ پشێوی و توندوتیژی، لەبەر ئەوەی هەندێ لە شارەزایان پێیانوایە کە ناکۆکی و توندوتیژی نێوان گرووپە تایەفەگەرییەکان بۆ رۆژگاری دوای جەنگی جیهانی یەکەم دەگەڕێتەوە کە سنووری دەستکرد دروستکران و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پێگەی جوگرافی نەتەوەو تایەفە جیاوازەکان لەبەرچاو نەگیرێت و سەرەنجام ئەم کێشەو ناکۆکییانەی لێکەوتەوە، لەبەر ئەوە تێڕوانینەکە ئەوەیە ناکرێت لە چوارچێوەی ئەم سنوورانەدا کێشەکان چارەسەر بکرێن، بۆ نموونە لە عێراقدا لە پێش دروستبوونی داعش و لە دوای دروستبوونیەوەو لە پێش قاعیدەو دوای قاعیدەشەوە شەڕی تایەفەگەری نێوان شیعە و سوننە لە ئارادا بووە، ئەمەش بەردەوام دەبێت تاوەکو سنوورە دەستکردەکان دەگۆڕێن، پرسیارەکە ئەوەیە پێویستە چی بکرێت و بیر لە چی بکرێتەوە؟**

ـ رەنگبێ ئەوە کێشەیەکی جدیتر بێ کە بوونی هەیە و من هاوڕام لەگەڵتاندا، بەڵام مەرج نییە پێویست بەوە بکات سنووری نوێ دروست بکرێت، بۆ نموونە ئەگەر عێراق دابەش بکرێت بۆ سێ بەشی شیعە و سوننە و کورد، وەك یەك وڵات نەمێنێتەوە، ئەوا رەنگە شەڕ و ناکۆکی لە نێوان شیعەکان خۆیان دروست بێت، گرووپێك پشتیوانی سیستانی دەکەن و گرووپێکیش پاڵپشتی سەدر، کەواتە تاوەکو کێشە ریشەییەکە چارەسەر نەکرێت لەبارەی ئەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکرێت، ئەوا سوننەکانیش لە نێو خۆیاندا شەڕ دەکەن و گرووپی جیاوازیش لە نێوان کوردا دەبێت و هەروەها گرووپی جیاوازیش لە نێوان شیعەکاندا دەبێت. رەنگە ئێستا سێ گرووپەکە لەگەڵ یەکدا شەڕ بکەن، بەڵام کاتێك سنووری نوێت دارشت ئەوا کێشەی ئەوە چارەسەر ناکەیت کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا دەکەیت کە لە بەغدا دەژین لەبەرامبەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانەی لە کوفەدا دەژین، ئەوا دووبارە دوچاری کێشەکە دەبیتەوە، پێموایە ئەمە یەکێکە لە رێگە عەمەلییەکان لەبارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکەوە، من دەزانم لە سەردەمی کۆڵۆنیاڵیزمدا فەڕەنسی و بەریتانییەکان سنوورەکانیان دارشت بۆ بەرژەوەندی خۆیان و بۆ ئەوەی سوود لەم وڵاتانە وەربگرن، بەڵام کاتێك ئەم سنوورانە دارێژران تا رادەیەك وڵاتان- لە ماوەی شەست بۆ حەفتا ساڵی دواتردا- بەرەوپێشچوون و دەوڵەت دروستبوون و حکومەتە عەرەبییەکان خۆیان دامەزراند. ئەزموونی ئەوە هەیە کە جیاوازییەك لە نێوان سووریا و عێراقدا نییە، لە عێراقدا تەنها یەك گرووپ هەبوونی نییە، بەڵکو فرەییەکی زۆرهەیە بە چەشنی سووریا. دەکرێت گفتوگۆ لەبارەی سنوورەکانەوە بکرێت و دووبارە دابڕێژرێتەوە هەرچەندە ئەوە پێویستی بە پرۆسەیەك دەبێت

**سەرهەڵدان و دروستبوونی ئەلقاعیدە، یان داعش یاخود بۆکۆ حەرام ئاماژەیە بۆ بوونی کێشە لە کۆمەڵگەدا**

**خەلیفەی ئیسلام لە سەرەتای مێژووی ئیسلامیدا هەموو کێشەکانی پێ چارەسەر نەکرا، لە ساڵی یەکەمی دامەزراندنی خەلافەتدا کێشەیەکی زۆر و شەڕێکی زۆری جیاواز لە ناوخۆدا هەبوون**

**پێویستە لە مزگەوت و قوتابخانەکانەوە دەستی پێبکرێت و درک بەوە بکرێت، کە رابردوووش هەندێ کێشەی هەبووە و ناکرێت خەڵکی بۆ چارەسەری هەموو کێشەیەک بۆ رابردوو بگەڕێنەوە**

و دەکرێت بە هەمیشەیی نەمێننەوە، بەڵام مەرج نییە ئەوە کێشەیەکە چارەسەر بکات. تەنانەت خەڵکی دەڵێن لە رابردووشدا هەموو موسڵمانەکان لە سایەی خەلیفەدا یەکگرتوو بوون، بەڵام ئەوە راست نییە، چونکە فارسەکان و کورد و عەرەب هەبوون، هەروەها هیندییەکان بوونیان هەبوو. پێموایە کێشەکە لەم سنوور، یان لەو سنوورەدا نییە، تەنانەت لە رابردووشداو لە سەردەمی خەلافەت و دواتر، ناوچەگەلێکی تایبەت هەبوون بەو خەڵکانەی بە فارسی قسەیان دەکردو ناوچەگەلێکی تایبەت بەو کەسانەی بە تورکی دەدوان و هەروەها ناوچەگەلی تایبەت بە عەرەب هەبوون. هەروەها ناوچەگەلی کوردیش. راستە سنوورەکان بە چەشنی ئێستا نەبوون، بەڵام بۆ نموونە فاتیمیەکان دەوڵەتی خۆیان لە قاهیرە دامەزراند، دواتر بەرەو شام پەلیان کێشا، کەواتە پێموایە کێشە لە خودی سنوورەکان نییە، بەڵکو دەبێت وەك پرسی ئیدارەدان سەیری سنوورەکان بکەین، تۆ ناتوانیت سنوورێك بەڕێوە بەریت لە مەغریبەوە تاوەکو بەنگلادیش، چونکە ئەمە سنوورێکی زۆر بەرفراوانە، پێویستت بە رێکخستنی خاك هەیە بە شێوەیەك لە شێوەکان، کەواتە کێشە سنوور نییە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە چۆن سیاسەت دەکەیت و چۆن سەرچاوەکان دابەش دەکەیت و چۆن پشتیوانی لە بەرەوپێشچوونی ئابووری دەکەیت لە هەموو بوارەکاندا ئەمە راستە، کێشەی دەوڵەتی مۆدێرنی موسڵمانان، یان دەوڵەتی مۆدێرنی عەرەبی ئەوەیە بە زۆری دەرفەتی گەشەپێدان بەکاردەهێنن بۆ گەشەپێدانی ناوچەیەکی دیاریکراو لەسەر حیسابی ناوچەکانی دیکە، سەددام حوسێن بە تەواوەتی باشووری شیعەی فەرامۆش کرد و بە تەواوەتی باکووری کوردی پشتگوێ خست، کەواتە گەشەکردن لە بەشێکی وڵاتەکە دەبێت و بەشەکانی دیکە ناگرێتەوە، دەزانم لە وڵاتانی ئەفریقیاشدا هەمان کێشە بوونی هەیە، کەواتە حوکمڕانەکان خوازیاری ئەوە نین هەمووان بەهرەمەند بن لە پەرەپێدانی ئابووری و خۆشگوزەرانی، بەڵکو تەنها ئەو ناوچەیەی کە پشتیوانی دەکەن، رەنگە ئەم جۆرە حوکمڕانییە بۆ دە ساڵ و بیست ساڵ درێژە بکێشێت، بەڵام دواتر ئەو خەڵکانەی دوورخراونەتەوە دەست بە راپەڕین دەکەن، کەواتە کێشەکە لە سنوورەکاندا نییە، بەڵکو لەوەدایە لە چوارچێوەی سنوورەکەدا چی دەکەین و نەك هەر لە چوارچێوەی سنوورەکەدا، بەڵکو ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ دراوسێکانتدا لە دەرەوەی سنووریش دەکەیت.

*** هۆکاری دروستبوونی پشێوی و ناسەقامگیری و توندوتیژی و ئیسلامی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بەهاری عەرەبی دەگەڕێتەوە، ئێمە دەزانین لە ئەنجامی شەپۆلی سێیەمی دیموکراسییەوە وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات هەنگاویان بەرەو دیموکراسی هەڵگرت، شارەزا و رۆشنبیران پێشبینی هەمان دەرئەنجامیان بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرد، بەڵام بەهاری عەرەبی ئەم دەرئەنجامەی نەهێنایەدی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بەدیلی دیموکراسی بۆ ئەم ناوچەیە چییە؟**

- لەو بڕوایەدام بەشێك لەوەی ئەوان داوایان دەکردو ئەوەیان پێدرا، ئەوە بوو کە چارەسەرێکی ئیسلامی بۆ ئەم کێشانە بکرێت، ئەم حزبە ئیسلامییانەش لە ساڵانی حەفتاکان و شەستەکانەوە لە ئارادان و لە یەکەم هەنگاودا خەڵکی بڕیاریان دا کە پارتە ئیسلامیەکانیان دەوێت، بە دواداچوونم بۆ پەرەسەندنەکانی تونس و میسر کردووە و موناقەشەیەکی زۆر دەکرێت لەبارەی ئەوەی ئایا بە راستی پارتە ئیسلامییەکان چارەسەری کێشەکان دەکەن؟ بە داخەوە خەڵکانێکی زۆر ئیدی چ لە سوپادا بن، یاخود لە حوکمڕانەکان بن کە هەڕەشەیان لەسەر بووە بە هۆی دیموکراسیەوە، پشتیوانی جووڵانەوەی دژ بە شۆڕشیان کرد، ئیدی لە سووریا بێت وەك ئەوەی بەشار ئەسەد دەیکات، یاخود لە وڵاتانی کەنداو بێت کە پشتیوانی میسر دەکەن، یان داعش هەروەك دەڵێن، هەرچەندە من بەڵگەی ئەوەم نییە، واتە پشتیوانی بزووتنەوەی دژ بە شۆڕش دەکەن بۆ لەباربردنی ئەم جووڵانەوەیە. پێموایە ئەمە دەرفەتێکە بۆ ئەوەی خەڵکی بیر لەو شێوازە و رێچکەیە بکەنەوە کە بە کاری دەهێنن، ئەوەی روونە کە ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەنتر دەبێت و ئەوانەی لە دەسەڵاتدان ئاوا دەسەڵات جێ ناهێڵن، بەڵام دەبێت وریا بین هەمیشە مەسەلەکان روون نین، بەڵام بەگشتی دەرفەتێکە بۆ ئەوەی ببینیت کە هێزی گۆڕان و هێزی دیموکراسی لە بوارێکی بەرفراوانتردا دەرکەوتوون و ئەو هێزانەشی کە بەرهەڵستی دیموکراسی دەکەن پتر بەرجەستە بوونە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە داخەوە بەهۆی دابەشبوونی هێزەکان ئێستا ئاوا روون بوونەتەوە، ئەوا ناکۆکییەکی زۆر دروست بووە، ئێستا نازانین چی لە میسردا روودەدات، کاتێك بەهاری عەرەبی لە میسردا هاتە ئاراوە خەڵکی باوەڕیان وابوو سوپا پشتیوانی خەڵك دەکات، بەڵام ئێستا دەرکەوت کە پاڵپشتی خەڵك ناکات و لەگەڵ گۆڕانکاریدا نییە و دەیەوێت سیستمە کۆنەکە بپارێزێت.

***سەرنجی ئەوە دراوە کە ئایدیۆلۆژیای جیهادیزم لە دیموکراسیەتی رۆژئاوادا بۆتە هێزێکی شاردراوە، چونکە ئەو کەسانەی خۆیان دەتەقێننەوە لە دەوڵەتە دیموکراسیە گەشەکردووەکانی رۆژئاوادا گەورە بوون، کەواتە ژینگەی ئەو وڵاتانەش بوونەتە هۆی دروستبوونی توندڕەوی، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

ـ سەرەتا پێویستە ئەمە وەك ئایدیۆلۆژیا سەیر نەکرێت، مەسەلەکە ئەوەیە خەڵکی لە ناوچەی جیاوازەوە دێن، من لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٦ لە ئەورووپا ژیام، مەیلێکی

**کێشەی ئەوەمان هەیە نازانین چۆن سەرکردەکان هەڵبژێرین و بیر لەوە بکەینەوە کە ئایا میکانیزمی راست چییە بۆ هەڵبژاردنی سەرکردە کە لای هەمووان جێی قبووڵکردن بێت**

**هێزی گۆڕان و هێزی دیموکراسی لە بوارێکی بەرفراوانتردا دەرکەوتوون و ئەو هێزانەشی کە بەرهەڵستی دیموکراسی دەکەن پتر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرجەستە بوون**

**لە جیهانی مۆدێرنیشدا ئیسلامیەت تەنها باوەڕ بوون بە خواو ئەنجامدانی پەرستشەکان نییە، بەڵکو رێگەیەکە بۆ وتنی نەخێر بە رووی جیهاندا، نەخێر بۆ مۆدێل و نەخێر بۆ سەرمایەداری و نەخێر بۆ هەموو شتێك**

**کاتێک کەسێک بۆ سێ یان بۆ چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێت و دواتر دەکرێت لە دەسەڵات دووربخرێتەوە بەهۆی دەنگدانەوە، ئەوا ئەمە دەرفەتی باشتر دروست دەکات، من ناڵێم هەڵبژاردن چارەسەرە بۆ هەموو شتێک، بەڵام دەبێت لەوە بڕوانین کە چی سەرکەوتووە و چی سەرکەوتوو نییە**

بەهێز هەیە بۆ راستڕەوەکان و راستڕەوەکان جەماوەرێکی زۆر بەدەست دەهێنن لە ئەوروپا و بەرهەڵستیەکی زۆریان هەیە بۆ کەسانی کۆچبەر و ئەو کەسانەی هاوشێوەی دانیشتووانەکە نین، ئەو گەنجانەی لە کۆمەڵگەکانیاندا گەورە دەبن، هەندێجار جیاکارییان دەرهەق دەکرێت و کاتێکیش ئەم جیاکارییەیان لە دژ دەکرێت هەست دەکەن بەشێك نین لە کۆمەڵگەکە، کەواتە رۆژانە رووبەڕووی جیاکاریەکەی زۆر دەبنەوە، راستە زۆرێك لە کۆمەڵگە ئەوروپییەکان و خەڵکانێکی زۆر لە ئەوروپا کاریان لەسەر ئەم بابەتە کردووە، بەڵام کاتێك پڕوپاگەندەی جیهادی بانگەشەی ئەوە دەکات کە ژیانی پڕ لە کەرامەت و بێگەردی و رزگاربوونیان بۆ دەستەبەر دەکات، ئیدیعای ئەوە دەکات کە بە هیچ شێوەیەك ئەم ژیانە لە ئەوروپادا نادۆزنەوە، ئەوا ئەم بەڵێنانە وا دەکات ئەو خەڵکانە باوەڕ بەوە بهێنن کە ئەمە رێگەکەیە، کاتێك ئەو کەسانە لە ئەوروپاوە دەچن بۆ نێو داعش، ئەوا کاتێك سەیری ڤیدیۆکان دەکەن ئەوا کاریگەر دەبن بە بیرۆکەی خەلافەت یان جیهاد، بەڵام پاڵنەری راستەقینە لە ئەوروپای رۆژئاوادایە، لەو ئەو بزووتنەوە راستڕەوی لە ئارادایە، لەلایەکی دیکە مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەو کەسانە پێیان وایە لە ئەوروپا ئەرکێکیان نییە، رەنگە ئەو گەنجانە لە ئەوروپادا پرسیاری ئەوە بکەن کە ئایا ئەرکی من چییە لە ژیاندا و ئایا ئامانجی من چییە لە ژیانداو ئەل قاعیدەو هەموو گرووپە جیهادیەکان بەڵێنی ئەوەیان پێدەدەن کە سەرجەم کێشەکانی جیهانیان بۆ چارەسەر بکەن، لەبەر ئەوە ئەوان سەرنجی ئەو کەسانە رادەکێشن کە خۆیان لە نائومێدیدان، لەبەر ئەوە بە پاڵنەری جیاوازەوە ئەو خەڵکانە داعش و هاوشێوەکانیان بە دەرفەتێك دەزانن بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەو دەرفەتێك بۆ چوونە نێو گرووپە رادیکاڵەکانەوە کە هەموو شتێك لەم جیهان رەددەکەنەوە، لە جیهانی مۆدێرنیشدا ئیسلامیەت تەنها باوەڕ بوون بە خواو ئەنجامدانی پەرستشەکان نییە، بەڵکو رێگەیەکە بۆ وتنی نەخێر بە رووی جیهاندا، نەخێر بۆ مۆدێل و نەخێر بۆ سەرمایەداری و نەخێر بۆ هەموو شتێك. ئەمەش گرووپێکی شەرعی نییە و گروپێك نییە بە رێسا مۆدێرنەکان کاربکات، بەڵکو هەموو شتێکی جیاوازە لە هەموو کەسێکی دیکە، ئەو خەڵکانەش ئەمە بە دەرفەتێك دەزانن و بە رێگەیەکی کۆتایی دەزانن بۆ گوزارشت کردن لەوەی چیتر هیچ شتێکی ئەم جیهانەمان ناوێت، لەبەر ئەوە دەبێت لە پاڵنەری قووڵی سایکۆلۆژی ئەو کەسانە بڕوانیت کە لە ئەوروپاوە دێن کە سەرنجیان بۆ بەدیلی ئیسلامی راکێشراوە کە زۆر جیاوازە لە هەموو شتێك کە لەبارەیەوە فێری بوون.

*** دوا وتەت چییە؟**

ـ لەبەر ئەوەی زۆرێك لەم ناكۆكییانە لە نزیكەوە گرێدراون بە ئیسلام و تەقلیدی ئیسلامیەوە، ئەوا ئەمە دەبێتە دەرفەت و هەروەها ساتەوەختێك بۆ بیرکردنەوەی لەوەی چی روودەدات، لە ساڵانی بیستەکان و سییەکاندا کاتێك حەسەن بەننا و کەسانی دیکە بەڵێنی ئەوەیان دا بە ناوی ئیسلامەوە بەرەوپێشچوون بەدی بهێنن، ئەوا بە دڵنیاییەوە رووداوەکان بەو شێوەیە روویان نەدا کە پێشبینی دەکرا، کێشەکە ئەوە نییە کە لەلایەن هێزە رۆژئاواییەکان و هێزەکانی دیکەوە سەرکوتکران، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە بیرکردنەوەی بە چەشنی سەدەکانی رابردوو سوودبەخش نابێت بۆ کۆمەڵگە، ناڵێم دەبێت خەڵکی ئایین رەت بکەنەوە یاخود کەمتر ئایینی بن، بەڵام باوەڕم وایە سیاسەتی ئایینی لە کۆمەڵگەی فرەییدا سەری کێشاوە بۆ ناهەموارترین کێشە. ئەگەر لەوە بڕوانن کە لە ئێراندا روودەدات، لەوە بڕوانن کە لە ماوەی بیست ساڵدا روویداوە لە پاکستان، ئەگەر بەراوردی پاکستان و هیندستان بکەن، کە هەردووکیان بە هەمان شێوە دەستیان پێکرد، بەڵام پاکستان سیاسەتێکی پتر ئایینییانەی هەڵبژارد، کە ئاشکرایە ئەمە بە راستی گەورەترین هەڵە بوو. هەروەها ئەگەر لە بارودۆخی سودان بڕوانن، ئەوا حوکمڕانەکان ئایین بەکاردەهێنن و ئیسلام بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن بۆ زۆرترین ماوە کە پێویست بێت، لەبەر ئەوە دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە ئایا کێشەکانی کۆمەڵگە چین و تەحەددییەکان چین؟ پێم وایە تەحەددیگەلێکی زۆرهەن و درفەتگەلێکی زۆریش هەن، هەروەها ئەزموونێکی زۆریش هەیە لە رابردوودا کە دەکرێت سوودیان لێ وەربگیرێت بۆ ئەوەی پێویستە چی بکەین و پێویستە چی نەکەین، بۆ ئەوەی دەرس لە هەڵەکان و هەروەها لە سەرکەوتنەکان وەربگیرێت، چونکە رابردوو هەر سەرکەوتنی نییە، بەڵکو هەڵەشی هەیە. ئەگەر لە مێژووی پەنجا بۆ شەستەکانی سەدەی رابردوو بڕوانین، ئەوا دەبێت دووبارە بە سیاسەتی ئایینیدا بچینەوە، نەك لەبەر ئەوەی ئەمریکیەکان وا دەڵێن و نەك لەبەر ئەوەی ئەوروپییەکان کە دەڵێن: دەبێت کۆمەڵگەیەکی عەلمانیت هەبێت، بەڵکو لەبەرئەوەی لە ماوەی رابردوودا روویداوە، کاتێك دەسەڵات بەرگێکی ئایینی دەپۆشێت، ئەوا زیاتر درێژە دەکێشێت، کاتێك وەك سێبەری یەزدان لە کەسێك دەڕوانرێت، یاخود وەك خەلیفە و ئیمام، یان بۆ نموونە وەك پاپا، ئەوا ئەمە هاوکارییان دەکات بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی زیاتر لە دەسەڵاتدا بمێننەوە، بەڵام کاتێك کەسێك بۆ سێ یان بۆ چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێت و دواتر دەکرێت لە دەسەڵات دووربخرێتەوە بەهۆی دەنگدانەوە، ئەوا ئەمە دەرفەتی باشتر دروست دەکات، من ناڵێم هەڵبژاردن چارەسەرە بۆ هەموو شتێك، بەڵام دەبێت لەوە بڕوانین کە چی سەرکەوتووە و چی سەرکەوتوو نییە، بەڵام کاتێك کەسێکی ئایینی دەبێت و بە ناوی خوداوە دەدوێت ئەوا ناتوانیت بیگۆڕیت.

# کوردستان تیڤی 16 ساڵ بەخشش

شازدە ساڵ لەمەوبەر کەناڵێکی ئاسمانیی بە ناوی کوردستان تیڤی وەک یەکەمین کەناڵ لە مێژووی ڕاگەیاندنی بینراودا دەسکەوتێکی مەزنی بۆ میدیای کوردیی تۆمار کرد، لە ڕێی ئەو کەناڵەوە توانرا بە زمانی زگماکی کوردیەوە کەلتوورو خەباتی مێژوویی کوردستان نیشانی جیهان بدرێت و سنوورە پۆڵایینەکان تێکبشکێنێت، پێناسەی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت بۆ جیهانی دەرەوە بکاتەوە، هەروەها بوو بە لینکێکی پێوەندی لە نێوان بەشە لێک داپچڕاوەکانی کوردستان و ڕەوەندی کوردی، بەمەش ئەم سەتەلایتە بە کلیلی کردنەوەی یەکەمین دەرگا دادەنرێت لە مێژووی گەیاندنی ڕەنگ و دەنگی ڕەسەنی کورد بە سەرتاپای جیهان، هەر لەبەر ئەوەیە بە کەناڵی ئاسمانیی دایک دەناسرێت، چونکە یەکەمین کەناڵ بووە کە توانیویەتی لە ڕێی بەرنامەکانیەوە میدیای کوردی لە قۆناغی لۆکاڵییەوە بەرەو قۆناغی گلۆباڵ بپەڕێنێتەوە، بە بۆنەی تێپەڕبوونی شازدە ساڵ بەسەر یادی کوردستان تیڤی پیرۆزبایی خۆمان ئاڕاستەی سەرجەم بەڕێوەبەران و کارمەندانیی دەکەین.

گۆڤاری گوڵان



# بەشداری ئافرەت لە درووستکردنی سیاسەتدا

■ راپۆرتی هاوبەشی د.چنار سەعد عەبدوڵڵا و فایلی کۆمەڵایەتی گوڵان





پرۆژەی راپۆرتی هاوبەشی سیاسەتمەدار و رۆژنامەنووس، هەروەها ئەکادیمیست و رۆژنامەنووس لە رۆژنامەگەری کوردی لە دوای ساڵی ١٩٩٧ بۆ یەکەمجار لە رۆژنامەی برایەتی تاقیمان کردەوە و لەو پرۆژەیەدا کۆمەڵێک سیاسەتمەدار و ئەکادیمیست بەشدارییان کرد و کۆمەڵێک راپۆرتی زۆر نایابی لێ بەرهەم هات کە بەشی زۆریان وەک سەرچاوە لە دیراساتی ئەکادیمی و ئامادەکردنی راپۆرتی دەزگا حکومییەکان سوودی لێوەرگیراوە، ئەو بەڕێزانەی لەو کارە هاوبەشییان کردین، بەشێکیان بریتی بوون لە (شەهید مەهدی خۆشناو، شەهید سەعد عەبدوڵلا، خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر سەعدی بەرزنجی، د.شێرزاد نەجار، د.مەهدی جابر، پرۆفیسۆر خەلیل ئیسماعیل، د.نەژدەت ئاکرەیی، پرۆفیسۆر ئازاد نەقشبەندی و... هتد)، ئەم هاوکارە رۆژنامەنووسانەشمان لەم پرۆژەیە بەشداربوون: (کەریم قادر، نورەدین سەعید وەیسی، چیمەن ساڵح، دڵشاد وەسانی، فاروق کەریم)، ئەمجارەیان ئەوکارە هاوبەشەی (برایەتی)مان گواستۆتەوە بۆ (گوڵان) و هەوڵدەدەین فایلی کۆمەڵایەتی کە بریتین لە: (رۆشنا عومەر، تارا محەمەد، سالار بابەشێخ) کۆمەڵێک راپۆرتی دیکە ئەنجام بدەین، ئەمەش یەکەم راپۆرتە کە بە هاوبەشی لەگەڵ خاتوونی سیاسەتمەدار د.چنار سەعد عەبدوڵلا ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەمان کردووە.

«ئافرەت شەفافییەت و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی زیاتر و هەڵوێستی دادپەروەری بە سیاسەت دەبەخشێت». ئەمە دەرئەنجامی راپرسییەکی ئاژانسی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە زیاتر لە ٢٠٠ بەرپرسی گشتی و سەرۆکی رێکخراوی ناحکوومی بەشدارییان تێدا کردووە.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم خەبات و هەوڵی رۆشنبیر و چالاکوانەکانی بواری فێمێنستی و مافەکانی مرۆڤ لەسەر پرسی یەکسانیی رەگەزی و بەدەستهێنانی مافی ئافرەتان، رەنگە زیاتر بەو ئاراستەیە بووبێ کە ئافرەتانیش وەك بەشێك لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی مرۆیی، مافی خۆیانە کە رێز لە ویست و ئازادی و چالاکییەکانیان بگیردرێت. بەو مانایەی کە جیهانبینییەکە زیاتر لە چوارچێوەی ئەوەدا دەخولایەوە کە ئافرەت چۆن ئازادی و مافەکانی بەدەست بهێنێ، نەك چۆن کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دادپەروەر لە رێگەی دەستەبەربوونی مافەکانی ئافرەتان بێتە کایە.

ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو لە هەمبەر کاری ئافرەت لە بواری سیاسی و ئیداری و رەخساندنی زەمینەی گونجاو بۆ دەرخستنی تواناکانی ئەم رەگەزە، ئەوە دەردەخەن کە بەشداریی راستەقینە و چالاکانەی ئافرەتان لە گشت بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هۆکاری بەمەدەنیکردن و چەسپاندنی دادپەروەری زیاتر و دابەزینی ئاستی گەندەڵی و بەرزکردنەوەی داهات و کەمکردنەوەی رۆحی توندڕەوییە.

ئەگەر بمانەوێ پتر باسی بەهرە و تواناکانی ئافرەتان بکەین، دەکرێ راپۆرتەکانی بانکی نێودەوڵەتی بە نموونە وەربگرین، کە تێیدا هاتووە: «ئافرەتان کەمتر حەزیان لە تێکەڵبوون بە بەرتیلخواردن و گەندەڵی هەیە، بۆیە ئەو وڵاتەی کە رێژەی ئافرەتی لە دروستکردنی بریار زیاتر بێت، ئاستی گەندەڵییان نزمترە».

هەر سەبارەت بە سوودەکانی بەشداریکردنی ئەکتیڤی ئافرەت لە ناوەندی بڕیاری سیاسیدا (ئیزابیل کۆڵمان) کە توێژەرێکی باڵای سیاسەتی دەرەوە و پسپۆڕە لە بواری یەکسانیی رەگەزی لە ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا، بۆچوونی وایە کە رێگەدان بە ئافرەت بۆ بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی، سوود بە پرۆسەی دیموکراسی دەگەیەنێت. جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە توێژینەوە تازەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئافرەتانی دەسەڵاتدار بەراورد بە پیاوانی سیاسەتمەدار، بژاردەی جیاواز دێننەکایە و سوودیش بە سەرچاوەی گشتی دەگەیەنن. ئەمانە و چەندین لێکۆڵینەوە و ئەزموونی



**ئیزابیل کۆڵمان:**

## ڕێگەدان بە ئافرەت بۆ بەشداریکردن لە سیاسەت بژاردەی جیاواز دێنێتەکایە و سوود بە پرۆسەی دیموکراسی سەرچاوەی گشتی دەگەیەنێت

وڵاتانی پێشکەوتوو دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ئافرەتان لـــە هەر کۆمەڵگەیەك، ئەو هێزە کاریگەرەن کە دەتوانن خزمەت بە کۆی بوارەکانی ژیان بگەیەنن، بەڵام کەی و چۆن دەتوانن ئەو کاریگەرییە درووســـت بکەن؟ کەی ئافـــرەت دەبێتە کاراکتەرێکـــی وەبەرهەمهێن لە کۆی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی سیاســـیدا؟ ئەمە لە دوو حاڵەتی ســـەرەکیدا ڕوودەدات، یەکەمیان: کاتێك ناوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئاسانکاری دەکات بۆ دەرکەوتنی ئەو ڕەگەزە و ســـەرمایەگوزاری لەسەر تایبەتمەندیی فکـــری و تواناکانی دەکات. دووەمیان: ئەو کاتـــەی ئافرەت خۆی لە ڕێگـــەی خەزێنەیەکی مەعریفی دەوڵەمەنـــد و دەیالۆگێکی مەنتیقی و نەرم بتوانێت ســـەرنجی کۆمەڵگە بۆ ئەو بابەتانە ڕابکێشێ کە دەیخاتـــەڕوو، بەجۆرێك کە کاریگەری درووســـت بکات. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دوو حاڵەتەی ســـەرەوە، پرسیارێکی دیکە دێتە پێشەوە کە پەیوەندی بە تەوەری سەرەکیی بابەتەکەی ئێمەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە: ئایا لە کوردستان زەمینە لەبارە بۆ ئەوەی ئافرەتان بەشداری لە درووســـتکردنی سیاسەت و بڕیاری سیاسیدا بکەن؟ وەڵامی ئەو پرســـیارە (نەخیر)ـە، ئەگەر هەشبێت زۆر بەرتەسك کراوەتەوە. ئەوەش چەند هۆکارێکی سەرەکی هەیە، یەکەم: بەها و نەریتی دیموکراسی و مەدەنییەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا جارێ وەك پێویست نەچەسپاوە، ئەمـــەش بۆتە هۆی ئـــەوەی دامەزراوەکانمان هەر لە پارتە سیاســـییەکانەوە بگرە، تاکو دامەزراوە تەشریعی و ئیـــداری و تەنانـــەت ڕێکخراوەکانیـــش نەتوانن بە شـــێوەیەکی دامەزراوەیی کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن و گشـــت ئەندامان لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەشداری لە ئیدارەدانی کاروبارەکان بکەن و لە ئەنجامدا پشکداربن لە درووستکردنی سیاسەتی گشتی و تایبەتی وڵات و دامەزراوەکانیان. کەواتە لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی و تازە دیموکراسی وەك کوردستان، ئەگەر بواری بەشداریکردن لە درووستکردنی سیاسەت بۆ پیاوان بەرتەسك بێت، بۆ ئافرەتان دەبێ چەند سنووردارتر بێت؟

دووەم: لە کۆمەڵگەیەکی باوکســـالاری چەشـــنی کوردســـتاندا، متمانە بە تواناکانـــی ئافرەت لە کاری سیاســـی و ســـەرکردایەتیدا لاوازە، بۆیە ئەو ڕاستییە نابـــێ لەیاد بکرێت کە لەم قۆناغـــەدا ئەو ئافرەتانەی لە پێگەی بەرپرســـیاریەتیدان لە ژێـــر تاقیکردنەوەی کۆمەڵگەدان، کـــە بەداخەوە لەبـــەر کۆمەڵێك هۆکار هەندێك لەو ئافرەتانە لەو تاقیکردنەوەیە وەك پێویســـت ســـەرکەوتوو نەبوون، ئەمەش پرۆسەی درووستکردنی متمانەکەی لاوازتر کردووە.

لە مەتبەخی سیاســـەتدا گومان لە دەستڕەنگینی و توانـــای ئافرەت دەکرێت، کەچی زۆر کەمن ژمارەی ئەو کەســـانەی کـــە گومانیان لە کابانـــی ئافرەت لە چێشـــتخانەی ماڵەکەیدا هەبێت، لەبەر ئەوەی دەبینین دەســـتڕەنگینی و زنگینیی هزری ئافرەتەکە وادەکات خۆشـــترین خـــواردن و شـــیرنەمەنی و خواردنەوەکان درووست بکات، بێگومان ئەگەر لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسیشـــدا کاری درووســـتکردنی پێ بســـپێردرێ، دەتوانێـــت لە درووســـتکردنی سیاسەتیشـــدا ڕۆڵێکی کارامە ببینێت و کاکڵ و توێکڵی سیاسەتەکەش جوانتر بکات. مەبەست لەو شوبهاندنە ئەوەیە لە هەموو توانا و بەهرەکانی خانمان کەڵك وەربگرین و بە بەشدارکردنیان لە درووســـتکردنی سیاسەت، سیاسەتێکی حەکیمانە و درووست و حوکمڕانییەکی کارامەترمان هەبێت.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئافرەت هەڵگری چەندین تایبەتمەندیـــی ئەرێنـــی و خودییە، وەك دڵســـۆزی و فیداکاریـــی دایکانەی، دەســـتپاکی و ترســـی لە ناوزڕاندن، ڕوانگەی دوورمەودای بۆ داهاتووی خێزان، هەڵسووڕاندنی ئابووری و کاروباری ناوماڵ، وردبینی و پێشـــگیری لـــە نەخۆشـــکەوتنی منداڵەکەی پێش چارەســـەری، ئەوانەو چەندین خووی دیکەی خانمانە وادەکەن ئافرەت لە درووســـتکردنی سیاسەت و تەنانەت لە بەشـــداربوونی لە بەڕێوەبەریـــدا کاریزماتر بێت. بۆ نموونە ئەگەر وەزیری تەندرووستی ئافرەت بێت، ڕەنگە زیاتر لە (چارەســـەر و هاوردەکردنـــی دەرمان)، بیر لە ڕێگری و (ڕێکارگەلی پێشـــگرتن لە نەخۆشییەکان) بکاتەوە، یان ئەگەر وەزارەتی پەروەردەی پێ بسپێردرێ، لەوانەیە گرینگی زیاتر بە دایەنگە و باخچەکان بدات، چونکە خۆی ئافرەتە و دایکـــە و دەزانێت منداڵ لەو قۆناغەی تەمەنیدا چی پێویستە. یان ئەگەر سەرۆکی ڕێکخـــراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئافـــرەت بێت، ئەوا لەوانەیە سیاسەتێکی ئاشتیخوازانە و نەرمتر باڵ بەسەر جیهاندا بکێشێت.

کەواتە سەبارەت بەو پرسیارەی کە چۆن دەتواندرێ لە کوردستان بەشداریی ئافرەت لە پرۆسەی درووستکردنی سیاسەتدا ئەکتیڤ بکرێت؟ وەڵامەکە ئەوەیە کە چۆن ئەمڕۆکە زۆربەی وڵاتانی تازەگەشەسەندوو هەوڵدەدەن بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی کاری سیاسیی وڵاتانی پێشکەوتوو لە مەسەلەی مومارەسەکردنی دیموکراسیەتدا کەم کەمە ئەو فەرهەنگە لە کۆمەڵگەکەیان گەشە پێ بدەن، هەروەها چۆن بۆ دامەزراندنی بنیادی ئابوورییەکی تەندرووســـت و بەهێز پەنا بۆ نموونە ئەزموونکراوەکانی وڵاتان دەبەن، هەروەها چۆن بۆ دارِشـــتنی سیســـتمی



**د. ڤیان سلێمان:**
**ئێمە وەک یەکێتی ئافرەتان و ئەو ئافرەتانەی کە لەناو پارتیدا لە پلە باڵاکاندان کەمتەرخەم بووین لەوەی ئافرەتی سەرکردە و کچی بەتوانا لەبواری سیاسیدا پەروەردە بکەین**

تەندرووستیی پێشکەوتوو سوود لە تەکنیك و ئەزموونەکان وەردەگرن، بەهەمان شێوە پێویستە لە مامەڵەکردن لەگەڵ سوودوەرگرتنی تواناکانی ئافرەت و بەشداریپێکردن و سەرمایەگوزاریکردن لەسەری بۆ سوودی گشتی، پشت بە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتووی مەدەنی ببەسترێ و زیاتر لەوە کات بەفیڕۆ نەدرێت و ئەو سەرمایە نووستووە ببووژێندرێتەوە. لە بەرامبەریشدا ئافرەتان پێویستە نموونەیەکی پێشکەوتوو و جیاوازتر لە نموونەکانی پێشووتری خۆیان و پیاوان لە سیاسەتکردن پێشکەشی کۆمەڵگە بکەن.


د. ڤیان سلێمان سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، راشکاوانە دەڵێت: «ئێمە وەك یەکێتی ئافرەتان و ئەو ئافرەتانەی کە لەناو پارتیدا لە پلە باڵاکاندان کەمتەرخەم بووین لەوەی ئافرەتی سەرکردە و کچی بەتوانا لەبواری سیاسیدا پەروەردە بکەین». هاوکات هێما بۆ ئەوە دەکات کە «ئافرەتان بە بڕیارە نەرمەکانیان زیاتر دەتوانن ئاشتی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری سیاسی دەستەبەر بکەن و بەشداری ئافرەتیش لە بڕیاری سیاسی راهێنانی پیاوانە لەوەی کە بزانن ئافرەت هاوبەشی تەواویانن»، گوتیشی: «ئەگەر لە پەرلەمان ڕێژەی ئافرەتان زۆربن، ئەوکات پیاوان دەزانن کە ئافرەتانیش وەك ئەوان هاوبەشی بڕیار و پرۆژەیاساکانن، ئەو بیرۆکەیەش لەلای پیاو دەسڕێتەوە کە دەبێت تەنیا پیاو سەرکردایەتی بکات».

لە لایەکی دیکەوە هاوکێشەکانی سیاسەت لە ناوچەکە ئەوەی سەلماندووە کە هەرێمی کوردستان بەرەو دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆ هەنگاوی خێرا هەڵدەگرێ و دەوڵەتداریش لە ئاستی جیهانیدا بەبێ بەشداری ئافرەت رووخسارێکی جوانی نییە و لە ژێر پرسیاردا دەبێت، بۆیە بە پێویست دەزانرێ، ئافرەتان زیاتر لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی دەربکەون، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هاوشێوەی کابینەکانی شەش و حەوت، تاقانە وەزیرێکی ئافرەت تێیدا بەشدارە، ئەوەش هەم پەرلەمان وەکوو پەسەندکاری کابینەکە، هەم حکومەت و هەم حزبەکانیشی رووبەرووی رەخنەی چالاکانی مەدەنی کردووەتەوە. ئەوان جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەرێمی کوردستان جگە لەوەی لە دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆ نزیك بووەتەوە، هاوکات لە قۆناغی گواستنەوە (ئینتقال)ی کۆمەڵگەیەکی نەریتی بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرندایە و ئەوەش بە بێ بەشداری کارای خانمان مسۆگەر نابێت. جەختیش لەوە دەکەنەوە کە هەتا لە کوردستاندا ئافرەت وەك کارەکتەرێکی سیاسی و خاوەن تێز و پراکتیکی سیاسی سەیر نەکرێت، ئافرەتی سیاسەتمەدار بە دەگمەن دروست دەبێت. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە حزبە کوردییەکان نەك دەرفەتی یەکسانیان بۆ ئافرەتان نەڕەخساندووە کە هاوشانی پیاوان بەشداری سیاسەت بکەن، بگرە رێگری و کۆسپیشیان بۆ دروست کردوون. نموونەش بەوە دەهێننەوە کە پەرلەمانتارە ئافرەتەکان دەنگیان بە حکومەتی خاوەن تاقانە وەزیرێکی ئافرەت دا و توانای ئەوەیان نەبوو بۆ زیادکردنی ژمارەی وەزیری ئافرەت لە کابینەی نوێی حکومەتدا پێداگیری بکەن، ئایا ئەوە دەرخەری ئەو راستییە نییە کە دەگوترێ خودی ئافرەتانیش لە مسۆگەرکردنی مافەکانی خۆیاندا کەمتەرخەمییان کردووە؟ یەکێك لە هۆکارەکانی کەمبوونی ڕێژەی ئافرەت لە دروستکردنی سیاسەتدا بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە دیاردەی دەستەگەرایی ناو پارتەکان وادەکات پیاوەکان لەو گەمەیە باشتر بچنە پێشەوە و سەرکەوتووتر بن و زیاتر چانسیان هەبێت کە پشتگیری بکرێن، بەڵام ئافرەتان ئەو فرت و فێڵانە نازانن کە پیاوەکان دەیزانن. لە لایەکی دیکەوە نە حزبە سیاسییەکان و نە دەسەڵاتیش بە کردەوە ئافرەتیان نەهێناوەتە ناو پرۆسەی دروستکردنی سیاسەت و کەمتر متمانەیان بە توانا و لێهاتوویی ئافرەت هەبووە، خودی ئافرەتانیش متمانەیان بە توانای هاوڕەگەزی خۆیان نییە و لەسەر پرسەکانی خۆیان کۆك نین.

ڕێبوار یەڵدا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە رێکارەکانی تێکەڵبوونی ئافرەت لە دروستکردنی سیاسەتدا چین و بە تاچەند بەشێوەیەکی کرداری هەست بە بەشداریکردنی ئافرەتان لە دروستکردنی سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵاتدا دەکرێ؟ بەمجۆرە را و سەرنجی خۆی خستەڕوو: «ئەم پرسە باسی زۆر هەڵدەگرێت و پرسێکی قووڵ و فرەڕەهەندە و دەکرێت کاری زۆری لەسەر بکرێت، مەساحەیەکی زۆریشی لەپێشە بۆ قسەکردن و کارکردن لەسەری، لەبەر ئەوەی سیاسەت هەموو کایەکانی ژیان دەگرێتەوە، بەشداریکردنی ئافرەتیش لە سیاسەتدا بۆ کەلتوور و فەرهەنگی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەو پرسیارە دێتەئاراوە کە ئایا کەلتوور و فەرهەنگی کۆمەڵگەی ئێمە تا چەند زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی ئافرەت بۆ ئەو بوارە رابکێشێت، ئەویش نەك بە شێوەیەکی فیزیکی، بەڵکو بە شێوەیەکی کرداری کە بەشدارییەکی کاریگەریشی لە سونعەی قەرار (دروستکردنی بڕیار) هەبێت؟ ئەوەش پێویستی بەوە هەیە کە پیاو زەمینەی بۆ خۆش بکات و لە هەمان کاتدا پشتگیری بکات.

لە هەرێمی کوردستان گۆڕانێك بەدی دەکرێ لە هاتنەپێشەوەی ئافرەتان و بەشداریکردنیان لە سیاسەت، گۆڕانی شكڵی و جەوهەریی پرسەکەش باسی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام لانیکەم ئەگەر سەرنجی موئەسەساتە ڕەسمییەکانی وەك پەرلەمان و حکومەت بدەین، تەنانەت لە حزب و ئۆرگانە سیاسییەکانیش بەراورد بە ڕابردوو بەشداری ئافرەت لە ڕووی چەندایەتی و تەنانەت چۆنیەتیشەوە زیاتر بووە، ئەگەر خولەکانی پەرلەمان بە نموونە وەربگرین، ئەو گۆڕانکارییە دەبینین کە ژمارەی ئافرەتانی پەرلەمانتار لە هەڵکشاندا بووە، لەوانەیە بەشێکی پەیوەست بوبێت بە یاسای (کۆتا) و ئەو چەندایەتییەی پتر کردبێت، بەڵام لە ڕووی چۆنیەتیشەوە پەرلەمانتاری ئافرەت زۆرن کە توانای قسەکردن و هەڵوێستگرتن و پێشکەشکردنی پرۆژەیان هەیە و تەنانەت سەرۆکایەتی لیژنەکانیش دەکەن، لە حکومەتیش ئەگەرچی لەم کابینەیە تەنیا یەك ئافرەتی وەزیرمان هەیە، بەڵام ئەوە بەو مانای تەراجوع (بۆ پاش گەڕانەوە) نییە و زۆر لە بەڕێوەبەرایەتییەکان بە ئافرەتان سپێردراوە. بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارانە درووست دەبێت کە: ئایا ئەو زیادبوونەی ژمارەی ئافرەتان لە پەرلەمان و حکومەت و ئۆرگانە سیاسییەکاندا تا چەند لە دروستکردنی بڕیاردا ڕۆڵی هەبووە؟ ئایا پیاوانی هاوکاریان پشتیوانی و کارئاسانییان بۆ کردوون؟ خودی ئافرەتان تاچەند توانیویانە کەموکورییەکان دەستنیشان بکەن و بیخەنە مەحفەلێك و کۆدەنگییەکی بۆ درووست بکەن، لەو بوارانەدا گلەیی هەیە، لە بەر ئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارە و پیاو هەوڵی قۆرغکردنی هەموو پۆستەکان و ئیمتیازەکان دەدات، خودی ئافرەتیش شەرمن بووە و پێیوایە دەرەقەتی ئەو هەوڵانەی پیاو نایەت، نەریت و فەرهەنگی کۆمەڵگەش بەربەستی دیکەی بۆ درووست دەکات، لەوەی کە نەتوانێت بۆ نموونە لە خولەکانی دەرەوەی وڵات بەشداری بکات، یان تا درەنگانی شەو ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ سەرقاڵی ڕاییکردنی کاری ئیداری و حزبی و سیاسی بێت. هەر پیاوێك مەسئوولە لەوەی زەمینە خۆش بکات بۆ هەڵکشانی ئافرەت، هەروەها دەبێت پیاو ئەو پاوانخوازییە واز لێبێنێت کە ئافرەت بە ژمارە دوو سەیر بکات ئەگەر لە خۆیشی زیرەکتر بێت، ئامادە نەبێت دەنگی پێبدات، دەبێت لە بەشداریی شکڵی و دیکۆری ئافرەت خۆمان دەرباز بکەین، دەبێت پێوەر کەسی بەتوانا بێت، ئیدی ئەو کەسە ئافرەت بێت یان پیاو جیاوازی نەبێت. کاتێك نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵێك تەرخان دەکات بۆ کچان ئەوە پەیامێکە بۆ کۆمەڵگەی ئێمەش و داوا دەکات عەقڵییەت و تێڕوانینی ئینسانیمان بەرامبەر بە ئافرەت بگۆڕین. دەزگا ڕەسمییەکان جانێکی تەشریعییە و دەکرێت هەموو ئەو یاسایانەی کە لە بەردەم بەشداریی ئافرەتدا ڕێگرن، لە بەرژەوەندیی ئافرەت و بەشدارپێکردنی زیاتری هەموار بکرێن، یان لا بدرێن، چونکە تا ئێستاش یاسامان هەیە کە ئافرەت بە پلە دوو دادەنێت لە بەرامبەر پیاو، هەروەها حکومەت وەك دەسەڵاتی تەنفیزی لە سیاسەتی وەزارەتەکانیدا دەتوانێت بیر لەوە بکاتەوە کە لە توانای ئافرەت زیاتر سوود وەربگرێ، واتە پلانی وای هەبێت کە وەزارەتەکان نەك ڕێگری نەکەن، بگرە ئافرەتی زیاتر رابکێشنە ناو وەزارەتەکان بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زیاتری ئافرەت بکەونە ناو کارکردنی فیعلییەوە و لەوێشەوە بەرەبەرە ئیرتیقا بکات، هەروەها پەروەردە لە گرنگترین وەزارەتەکانە و پێویستە وەك مەنهەج منداڵ لە باخچەی منداڵانەوە تا قۆناغەکانی سەرەوە بە یەکسانی ڕەگەزی ئاشنا بکات، میدیاش بەگشتی کێڵگەیەکە خەڵکێك کاری تێدا دەکات و ڕووبەرێکی بەرفراوانی هەیە بۆ تەرویج و ڕەتێکی دیالیکتیکیشی هەیە لەگەڵ خەڵك و دەسەڵاتەکان و دەتوانن کار لە سەر ئەوە بکەن، پرۆژەیەك گەڵاڵە بکرێ و بخرێتە بەردەم پەرلەمان کە بە پێی یاسا پشتیوانی هاتنە پێشی ئافرەتان بکرێت.

لە لای خۆیەوە سوریا فەلاح چالاکی بواری ئافرەتان و مافی مرۆڤ سەبارەت بە بەشداریکردنی ئافرەت لە دروستکردنی سیاسەتدا دەڵێت: «مرۆڤی پێشکەوتوو بەو قەناعەتە گەیشتووە کە ئافرەت ئەشێ بەشداری لە سیاسەتدا بکات، تا پرۆسە و ڕەهەندی کۆمەڵگە پێشکەوتن بە خۆیەوە ببینێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە چۆن و بە چ جور و تا چ ڕادەیەك ئەقلانییەتی ژن دەتوانێ لە سەر پێشکەوتنی خۆی و نەتەوەیەك و تەنانەت دەسەڵاتیش کاریگەر بێت. هەر بۆیە یەکێك لەو فاکتەرانە کە ئەو گۆڕانکارییەی پێکهێناوە، بەشداری لە هێز و هەژموونی سیاسییە، واتە بەشداری ژن لە سیستمە سیاسییەکاندایە، لە وڵاتە پیشەیی و پێشکەوتووەکان و ئەو وڵاتانەی وا خەریکن پێشدەکەون، ئەم چەمکە لەگەڵ پێشکەوتوییدا گرێی دراوە. بۆ ئەوەی گرنگبوونی بەشداریی عەقلانی ئافرەت لە کایە سیاسییەکان بەرجەستە بکەین، پێویستە لە ڕووی تیۆرەوە بەشداری سیاسیی ژن و ئەو پرۆسەیە شیکاری وردتری بۆ بکەین و ئەزموونەکانی وڵاتانی پێشکەوتووش بە هەند وەربگرین. چونکە بەشداری ئافرەت لە بواری سیاسیدا پرۆسە و فەرایەندێکە کە پێویستە تاك بە تاکی کۆمەڵگە بەبێ جیاوازی



**ڕێبوار یەڵدا:**

**کاتێک نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵێک تەرخان دەکات بۆ کچان ئەوە پەیامێکە بۆ کۆمەڵگەی ئێمەش و داوا دەکات عەقڵییەت و تێڕوانینی ئینسانیمان بەرامبەر بە ئافرەت بگۆڕین**

ڕەگەزی وەك ڕاستییەکی جێگیرکراو، یان وەك واقعێك لێی بڕوانن، بە بەشداری هاکەزایی ئافرەت ناتوانین مومارسەی ئازادی و بەشداربوونی سیاسی بکەین. چونکە عەقڵییەتی ئافرەت دەدرێت بە دەست ئەو کەسانەی کەوا دەیانەوێت لە ئافرەت وەك ئامێری دەستی حکومەت، حزب، یان گرووپێك بەکاربێنن، کە لە بەرژەوەندی یەکسانی ڕەگەزی و ئازادی گشتیدا کار ناکەن».


سورەیا فەلاح لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەشداری ئافرەت لە سیاسەتدا ئەگەر بە ژمارەش کەمبێت، دەتوانێت لە داهاتووی وڵاتێکدا وەك مومارسەی دیموکراسی ڕۆڵی هەبێت و بە هەر شێوەیەك بەشداری ئافرەت لە سیاسەتدا ڕێگەخۆشکەری خولقاندنی سیستەمێکی باشترە. بەڵام هێشتا کەلتووری زۆربەی وڵاتانی دنیا دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ پیاوان زەوت کردووە، ئەوەش نۆرمی کەلتووری نێرسالارییە کە ڕێگری لە ئیرادەی ئافرەت و بەشداربوونی لە جومگەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەکات».

سورەیا فەلاح رایوایە ئافرەتانی کورد لە بەشداریی سیاسی بێبەش نەکراون، بۆ سەلماندنی قسەکەشی هێما بۆ ژمارەی ئافرەتانی بەشدار و ئەندامی حزبە سیاسییەکان دەکات و ئەوەش دەخاتەڕوو کە وەکو تاکیش زۆر ئافرەتی کورد لە سیاسەت چالاك بوون. گوتیشی: «زۆر جار کچی کورد ئەگەر لە سیستەمی نەریتی رایکردبێت، ئەوا بەرەو سیاسەت چووە. من پێموایە کاتێك ژنێك توانی لە هەرێمێکی ژێردەست و لەژێر یاسای نەیار و ڕەگەزپەرەستەکان چالاکی بەردەوامی هەبێت، ئیتر بە زوڵم و زۆر و توندوتیژی قایل نابێت و بەرامبەری رادەوەستێ. ئەگەر لە هەر چواربەشی کوردستان بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێ کە لە هەموو کاتێکدا ژنان ڕۆڵیان لە بەشداریی سیاسی لە چالاکیی حزبەکان و بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانیشدا هەبووە. لە باشووری کوردستانیش ژنان قۆناغی زۆریان بڕیوە، هەرچەندە ژنانی باشووری کوردستان لە ئێستادا لە وەزعی بەشداریی خۆیان لە دەسەڵاتدا رازی نین، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکانیش ڕێژەی بەرچاویان لە پەرلەمان هەیە و لە پلەی وەزاریشدا کار دەکەن. بەڕای من ئەم بارودۆخە لەم پارچەی کوردستاندا بە خێراییەکی دیاریکراو چووەتە پێشەوە، هەوراز و سەروخوارێکی زۆریشی دەبێت. بەڵام ڕێگەیەکی دیموکراتی و خەڵکییە و پلورالیسمێکی زۆری تێدایە و تیاشیدا دەبێت، ئەگەر خوپەرستی و تاکایەتی و بەرژەوەندی تەسکی کەسی و حزبی بەکار نەهێندرێت، بەگشتی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان پێشکەوتووە و خەریکی پەیداکردنی ئایندەی خۆیەتی، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین هەتا بەشداریی ئافرەت لە بواری ئابووریدا لاواز بێت، لە بەشداری سیاسیشدا پێگەیەکی ئەتۆیان نابێت. هەروەها دوو شێکڵی بەشداری سیاسی هەیە، بڕیاردان و بڕیاروەرگرتن، هەردووکی بەشداری سیاسین، بەڵام ئەگەر ئافرەتان لە ئەقڵییەتی خۆیان کەڵك وەرنەگرن، لە هەر دوو شێوازەکە دەبنە ئامێرێك بە دەستی پیاوەکانەوە، کە تەنیا لە بەرژەوەندی خۆیان کەڵکیان لێ وەردەگرن، نەك بە مەبەستی سەرخستنی سیستەمێك کە هەر دوو ڕەگەز بە یەکسانی سەیر بکات. لە لایەکی دیکەوە ئەوە پرسیارە درووست دەبێت کە لە وڵاتێکدا کە دەسەڵات ئافرەتان ناچار بکات وزەی خۆیان بە شەڕکردن لەگەڵ هەموو جۆرەکانی زوڵم و ستەمکاری دابنێن، چۆن دەتوانن بۆ کاری سیاسی خۆیان بەهێز بکەن؟».

پەرلەمانتار د.ئەشواق جاف ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەبارەت بە



**د.ئەشواق جاف:**
**پەرلەمانتارانی ئافرەت وەک لەولەبی لیژنەکانن و تەنانەت پەرلەمانتارە پیاوەکانیش ئیعتیرافیان بەم توانایەی ئەوان کردووە**



**سورەیا فەلاح:**
**لە وڵاتێکدا کە دەسەڵات ئافرەتان ناچار بکات وزەی خۆیان بۆ شەڕکردن لەگەڵ هەموو جۆرەکانی زوڵم و ستەمکاری دابنێن، چۆن دەتوانن بۆ کاری سیاسی خۆیان بەهێز بکەن؟**




ئافرەت و بەشــداربوون لە پرۆســەی سیاسی بەمجۆرە رای خــۆی دەردەبڕێت: «ئەگەر ســەیری پەرلەمانی عێراق بکەیــن، دەبینین پەرلەمانتارانــی ئافرەت وەك لەولەبــی لیژنەکانن و تەنانەت پەرلەمانتارە پیاوەکانیش ئیعتیرافیان بەم توانایەی ئەوان کردووە، بەڵام بەداخەوە لای ئێمــە وەکو عێراق و وەکو هەرێمی کوردســتانیش بەحوکمی ئەوەی کە بیرۆکەی سیاســی لای پیاوەکان نەگیشــتۆتە ئاستی دیموکراسی راستەقینە، بەڵکو ئەو دیموکراســییە تەنیا دروشمە و لە راگەیاندنەکان باسی لێوەدەکرێت، هەر لەبەر ئەوە لە پرۆســەی سیاســیدا لە کاتی بڕیارداندا رێگەی بەشــداریکردنی ئافرەت نادەن، بچووکتریــن بەڵگەش کەمی ژمــارەی وەزیرەکانە کە کابینــە لە دوای کابینە لە دابەزیــن و کەمکردنە، لە هــەردوو حکومەتی عێراق و هەرێــم هەریەکەو تاقانە وەزیرێکی ئافرەتمان هەیە، تەنانەت لە عێراق وەزارەتێکی کارا و گرنگ نادەن بە ئافرەت کە بڕیاری راســتەقینە دروســت بکات، بەڵکــو وەزارەتی دەوڵــەت دراوە بە ئافــرەت، کە ناکاراترین وەزارەتە، ئــەوەش بەڵگەیەکی دیکەیە لەســەر ئەوەی کە سیاسەتمەدارە پیاوەکان تەنیا بە دروشــم ئیعتیــراف بە بوونی ئافرەت لە پرۆســەی سیاسیدا دەکەن، بەڵام لەسەر ئەرزی واقع ئەو دانپێدانانە بوونی نییە، لەگەڵ ئەوەشــدا رێژەی ۲۵٪ی کۆتا بووە ئەمری واقع بەسەر پیاواندا و ئافرەت لە پەرلەمان توانی تێکەڵی سیاسەت بێت و لە داڕشتنەوەی یاسا بەشداری هەبێت، خۆشبەختانە جەماوەر باوەڕی بە رۆڵی ئافرەت لە پرۆسەی سیاسیدا هەیە و دەنگیش بە ئافرەت دەدەن و دەیگەیەننــە پەرلەمان، نموونــەی هەڵبژاردنەکانی ئەمدواییە کە کۆمەڵێك ئافرەت بە دەنگی خۆیان چوونە پەرلەمان، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا سەرکردە سیاسییەکان ئیعتیراف بە پێویستبوونی ئافرەت لە پرۆسەی سیاسیدا ناکــەن، هەرچەندە لەم رووەوە هەرێم لە عێراق باشــترە، بەڵام بەگشتی ســەرکردە سیاسییەکان خوێندنەوەیەکی پێشــوەختەیان هەیە لەســەر ئەوەی کە ئافرەت توانای بڕیاردانــی نییــە، لەکاتێکدا ئەوان هیــچ کاتێك ئەو دەرفەتەیان بە ئافرەت نەداوە بەشــداری بڕیاری بکات، تاوەکوە رادەی توانای ئافرەت بزانن».

# ئایا هیچ زەلکاوێک لەوە خراپتر هەیە کە چەند ساڵە عێراقی تێکەوتووە؟



کازم حەبیب
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٥ گوێم لە د.ماجیدە تمیمی ئەندام پەرلەمانی عێراق لە لیستی هاوپەیمانیی نیشتمانی و ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانەکە گرت کە بە دەنگ و وێنە باسی لەو چەندین ملیار دینارە دەکرد کە بە مەبەستی دابینکردنی کەلوپەلی نووسینگەی هەردوو جێگری سەرۆك کۆمار تەرخانکراوە، هەروەها ئەو پڕۆژانەی کە ژمارەیان ٦٠٠٠ بۆ ٩٠٠٠ پڕۆژە دەبێت کە گوژمەی هەموویان بە چەندین ترلیۆن دیناری عێراقی دەخەملێندرێت بەهەدەر دەڕوات و دەچێتە گیرفانی زۆربەی ئەوانەی پۆستیان هەیە لە بەرپرسیارێتی و دەزگاکانی دەوڵەت و ئەوانەی دەوروپشتیان لە بەڵێندەر و کەسانی دیکە و لە ئەندامانی حزبە حوکمڕانەکان، لەوانەش هاوپەیمانیی نیشتمانی کە حزبە ئیسلامییە سیاسییە تایفەگەرەکان ...تاد دەگرێتەوە. ئەو ئافرەتە لە قسەکانیدا ئاماژەی بۆ پەرلەمانتاران و وەزیران کردبوو کە هیچ شتێك دەربارەی بودجە، یان ئەو راپۆرتانەی بۆیان دێن، ناخوێننەوە. لێرەدا مەبەستی ئەو تاڵان و بڕۆ و حەپەلووشکردنەی سامانی گەلە لەلایەن ئەو خەڵکە چڵێسە زۆرەی کە تا ئێستا لە حوکم و لە هەر سێ سەرۆکایەتییەکەدان، ئەو کەسانە چاك دەزانن چی دەگوزەرێت، چونکە زۆربەیان دەزانن، بەشدارن لەوەی کە ١١ ساڵە لە عێراق روودەدات و هەندێکیشیان زۆر لەوە کۆنترن.

ئەو چەند گرتە ئاسۆیی و ستوونییە بچووکەی کە د.ماجیدە تمیمی خستیەڕوو و بە ئیمێل گەیشتە دەستم، یەکسەر بۆ هەندێ هاوڕێی خۆمم ناردەوە، ئەوە بوو چەندین تێبینیم بۆ هات، لێرەدا ئاماژە بە یەکێك لەو تێبینیانە دەکەم کە لە هاوڕێیەکی خۆشەویست و خەباتگێرێکی بەجەرگ گەیشتە دەستم کە پرسیار دەکات:

« چـــۆن دەکرێ هەســـتی خەڵك بجووڵێـــت بەرامبەر ئەوەی کە ڕوودەدات؟ هەروەها چۆن دەکرێ ئەو جەماوەرە لـــە خەوی غەفڵەت ڕاپەڕێت کـــە حوکمڕانەکانی بەهیچ تێـــر ناخۆن؟ چۆن دەکرێ برســـی و هەژار و بەشـــخوراو و ئاوارەکان بنوون، کاتێ گوێیان لە ڕاســـتییەکی بچووك دەبێت ســـەبارەت بەوەی کە لە وڵات ڕوودەدات؟ کاتێ کە نیمچە پیاو و حوکمڕانانی بەڕێکەوت، بێن و جەستەی ئەم وڵاتە پارچەپارچە بکەن دەڵێم کەی و کەی؟؟؟.

ئەو هاوڕێ خۆشەویســـتە لە پرســـیارکردنەکەی لەسەر حەق بوو، ئـــەو بەبێ هیچ گومانێـــك دەتوانێت وەڵامی پرسیارەکانی خۆی بداتەوە، هەموو تێبینییەکانی دیکەش کە بەدەستم گەیشتوون لەسەر هەمان بابەتە.

بە هەزاران وتار و دیراسات و توێژینەوە دەربارەی واقیعی ئێســـتای عێراق بڵاوکرانەوە، هەروەها دەبارەی ئەوەی کە سامانی کۆمەڵە کەسێکی بچووك لە حوکمڕانانی ئێستای عێـــراق گەیشـــتۆتە زیاتر لە ٧٠٠ ملیار دۆلار، دیســـان دەربارەی ئـــەو حوکمڕانانەش بڵاوکراوەتەوە کە بەشـــدارن لە بەتاڵانبردنی عێراق یان لەم کارەدا بەرپرســـن، هەروەها هەندێکیان ســـامانەکە بەناوی خۆیان یان بە ناوی خزم و کەســـوکاریان لە بانکە بیانییـــەکان کەڵەکە دەکەن یان بۆ کڕینی کۆشك و تەلار لە بریتانیاو ویلایەتە یەکگرتووەکان و فەڕەنساو ئیسپانیا و شوێنی دیکە، زۆربەیان تا ئێستاش هەر لە دەوڵەت و لە هەرســـێ ســـەرۆکایەتییەکەدا ماون. هەمـــوو ئەو شـــتانە لای من و لای هەمـــوان و خودی حوکمڕانەکان زانراون، چونکە زۆربەیان لەمەدا بەشـــدارن، کەواتە چار چییە؟

ئەمـــڕۆ ئێمـــە هـــەر وەك دوێنێ ڕووبـــەڕووی بوونی ڕژێمێکـــی سیاســـیی ئایینـــی و تایفەگەری کوشـــندە دەبینەوە کە شـــێوازگەلی نالەبار پیـــادە دەکات و چەندین بیدعەی تـــازە دەخاتەڕوو کە کاردەکات بۆ بەردەوامبوونی ساختەکردنی هوشـــیاریی گەلی عێراق و قووڵکردنەوەی ململانێی تایفەگەریی نێوان ســـوننە و شیعە و زیادکردنی ڕق و کینەی سەرجەم شوێنکەوتووانی ئایین و ئایینزاکانی وڵات، ئەم ڕژێمە سیاسییە بیژۆك و تایفەگەرە و بە هیچ شـــێوەیەك پەیوەندیی بە شارســـتانێتیی سەدەی بیست و یەکەمەوە نییە.

جیهانی پێشـــکەوتوو و نەتـــەوە یەکگرتووەکان و ڕژێمە کۆنەپەرســـتەکانی ئیقلیمی پشکدارن لەو کارەساتانەی کە گەلانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت پێوەی دەناڵێنن، لەوانەش گەلـــی عێراق، چ بە درێژایی ئەو شـــەڕانەی کە ڕوویانداوە یان لەبـــەر گەمارۆی ئابووریی نێودەوڵەتی یاخود دەســـتتێوەردانی ڕاســـتەوخۆ لە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتانە و ســـەپاندنی ڕژێمەکان بەســـەر ئەو گەلانە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی سەر سیاسەتەکانیان و هێشتنەوەی گەلانی ناوچەکە بە دواکەوتوویـــی لە بنیادی ئابووریی وکۆمەڵگەکانیان دواتر لاوازیی هۆشیارییان بەو شێوەیەی کە ویستوویانە لەو وڵاتانە یان لە دەوروبەریاندا.

ماوەی چەند ســـاڵێکە عێراق ڕووبەڕووی ململانێیەکی تایفەگەریـــی بۆتەوە لە نێوان حـــزب و هێزە توندڕەوەکانی شـــیعەی زیادڕەو لە بیدعە و ڕق و کینە. (لێرەدا دەبینین میلشـــیا چەکدارەکانـــی وەك عەســـائبی ئەهلی حەق و ڕێکخراوی بەدر و سوپای مەهدی و گرووپگەلی نێو حزبی دەعوەو لە ســـەروویانەوە مالیکی و لە هێزەکانی دیکەش گرووپگەلی هاوشـــێوە)، و لە نێوان حزب و هێزە ســـوننە تونـــدڕۆکان کە ڕێچکەی توندڕەویی وەهابییان گرتۆتەبەر کە زیادەڕەون لە ڕق و کینە و کوشتندا لەبەرامبەر ئەوانەی کە لە زیادەڕەویی تاواندا لەگەڵیان ناگونجێن (لێرەدا دەبینین ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و داعش و بەرەی نوســـرەو جیهادی ئیسلامی و دەستەی زانایانی موسڵمان و هەندێکی دیکە لە ڕێکخراو و حزبە سوننییە توندڕۆکان).

ئەم هێزانە بەیەکەوە وڵاتیـــان گەیاندە ئەو بارودۆخەی ئێســـتا، داگیرکـــردن و بەتاڵانبردنی نیشـــتمان و گەل و کوشتنی بەردەوامی شوێنکەوتووانی ئایینەکانی دیکە و لە هەمانکاتدا لە ڕیزەکانی شیعەو سوننە. هەروەها ململانێ لەســـەر بەرژەوەندییەکانی ناو هاوپەیمانێتییەکانی ئەم هێزە تایفەگەرانە سەری هەڵدا کە وڵات بەرەو پێکدادان و مردن وماڵوێرانیی زیاتر دەبەن.

ئاماژەکەی د.ماجیدە تمیمـــی بۆ گەندەڵی و وێرانیی مۆڕاڵی و سیاسیی وڵات بەس نییە لەلایەن کەسایەتییەکی ناو هاوپەیمانیی حوکمڕانـــی بەغداوە، ئەم هاوپەیمانێتییە بەشێوەیەکی تایبەتی بەرپرسی یەکەمە لەوەی کە ڕوویداوە یان ڕوودەدات و هێزە تایفەگەرییەکانی دیکەش لە لایەکی دیکەوە لەگەڵیان بەشدارن.

ئـــەو ئەرکانەی ڕووبـــەڕووی هێزە دیموکراســـییەکانی عێراقی دەبنەوە زۆر گەورەن و لەتوانای کردەنییان بەدەرن، لەپـــاڵ لاوازیی جووڵەیان هەر لەســـەرەتاوە کە ئەمڕۆ لە توانای ڕاهێنانی بەشێکی زۆری خەڵك لە ڕووی فیکری و دەروونی و سیاسییەوە ڕەنگدانەوەی هەیە، هێزە چەپەکانی عێراقیش ئەم بەرپرســـیارێتییەیان دەکەوێتە ئەستۆ، کاتێ کە لەســـەرەتاوە نەیانتوانی هۆشیاربن دەربارەی ئەوەی کە لە عێراق ڕوودەدات و سیاسەتی خۆشیان بەو شێوەیە بنیاد نەنا تاکو ڕووبەڕووی ئەو هێزانە ببنەوە کە دەستیان بەسەر وڵاتدا گرت لە میانی پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی فراوانی سیاسیی چەپ و دیموکراتی لە ساڵی یەکەمی ڕووخانی دیکتاتۆریەت کە ئەو کاتە دروشـــمی گونجاو بریتی بوو لە بەهێزکردنی هێزە نیشـــتمانی و دیموکراتییەکان ڕێگەی سەرکەوتووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخەکەو بەهێزکردنی توانا خودییەکانی هەموو ئەو حزب و هێزانە، کاتێ باسی چەپ دەکەم وەك تاکە کەسێك خۆشم لە لە ئەستۆگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییە دوورناخەمەوە، لەپاڵ هەوڵە جیددییەکانم

**بە هەزاران وتار و دیراسات و توێژینەوە دەربارەی واقیعی ئێستای عێراق بڵاوکرانەوە، هەروەها دەربارەی ئەوەی کە سامانی کۆمەڵە کەسێکی بچووک لە حوکمڕانانی ئێستای عێراق گەیشتۆتە زیاتر لە ٧٠٠ ملیار دۆلار و بەشدارن لە بەتاڵانبردنی عێراق**

**عێراق کەشتییەکە خەریکە نغرۆ دەبێت ئەگەر زۆر بەقوڕدا نەچووبێت بۆیە ئەوەی پێیدەکرێ با لێی بەرێ بەر لەوەی بە تەواوی نقوم بێت، شەڕیش لە زۆر بەرەدا بەردەوامە لەگەڵ وەدیهێنانی هەندێ ئەنجامی ئەرێنی، بەڵام گرفتەکە لە پاڵپشتیی هێزەکاندایە**



له خستنەڕووی بۆچوونەکانی خۆم لەسەر هەموو جۆرێکی هێزەکانی چەپ و دیموکراتیی عێراقی لەوەتەی رووخانی دیکتاتۆریەتی ســتەمکاری بەعس و بەر لە سەرهەڵدانی ستەمکاریی ئایینی و تایفەگەریی لە عێراق.

ئێمە لە ئێســتادا لەبەردەم حوکمڕانێکــی تازەداین کە خەڵکێکی زۆر ئومێدی ئەوەی لێدەکەن هەموو شتێك بەدی بێنێت، لە کاتێکدا کە ئەو بە هزرو سیاســەت و رەفتاری سەرکردەکانی حزبەکەی و هاوپەیمانیی نیشتمانی کە سەر بەو نییە دەورەدراوە لەلایەك، هەروەها سنورداریّتیی فیکری شــموولی کە حزب و هێزو کەســایەتییەکانی رەوتگەلی ئیسلامیی سیاسیی تایفەگەری بە گشتی جودا دەکاتەوە، لەگــەڵ بێتواناییان لەوەی کە لێی رزگاربن، لەپاڵ بوونی رکابەر و نەیار لە ناو هاوپەیمانیی نیشتمانیدا، بەر لەوەش لە ناو حزبەکەیدا کە تەگەرە دەخەنە بەردەم جێبەجێ کردنی تەنانەت ئەو رێکارە ساکارانەی کە تائێستا گرتوونیەتەبەر. تیرۆر تا ئێستا بەردەوامە و نەبڕاوەتەوە، (عێراق کەشتییەکە خەریکە نغرۆ دەبێــت ئەگەر زۆر بەقوڕدا نەچوويێت بۆیە ئەوەی پێیدەکرێ با لێی بەرێ بەر لەوەی بە تەواوی نقوم بێت، شەڕیش لە زۆر بەرەدا بەردەوامە لەگەڵ وەدیهێنانی هەندێ ئەنجامی ئەرێنی، بەڵام گرفتەکە لە پاڵپشتیی ئەو هێزانەدایە، چونکە تا ئێســتا هیچ پشتیوانییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی فراوانیان نییــە لەبەر نەبوونی متمانەی بەرامبەر لە نێوان هێزە سیاســییەکان و خەڵکێکی زۆر لە نێوان حکومەتی فیدڕاڵ لەلایــەك و لە نێوان حکومەتی فیــدڕاڵ و حکومەتــی هەرێمی کوردســتان لەلایەکی دیکەوە، کە لە زۆر مەســەلەدا لەوانەش لە پڕچەککردن و هەماهەنگیی پێویستدا دەردەکەوێت).

هۆشــیاریی کۆمەڵایەتیی تایفەگەریی شــێوێندراو و ســاختە و دوژمنکارانەی ئێســتا، رۆژانە لەلایەن هەموو هێزە ئیســلامیە سیاســییەکانەوە زیاتر پەرە دەسەنێت، ئەو حزبــە تایفەگەریانە هەر ســێ دەســەڵات و راگەیاندن و رۆشــنبیرکردنیان لە هەموو قۆناغەکانــی خوێندن بە دەســتە، بە هزرە خواروخێچ و شێواوەکانیانەوە، کە ئەمەش وا دەکات توانــای هێزە نیشــتمانی و چەپــەکان زۆر بە زەحمەت کاریگەریی پێچەوانەیان هەبێت، بەڵام ئەســتەم نییە، بۆیە پێویســتە ئێمە هەموو کاتێك و بێ سڵەمینەوە، هۆشــیارکردنەوەو گۆڕانکاریی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەیەکەوە گرێبدەین، هەوڵدان بۆ ئاشکراکردنی نەهامەتیی سیاسەتە ئابوورییەکان و بەردەوامی پشتبەستن بە داهاتی نەوت بەردەوامیی بوونی ئەم هێزانەو کلتوور و هۆشیارییە ســاختەکانیان بەهێــز دەکات بۆ کۆمەڵگــە و داواکاریی گۆڕانکاریی لە عێراق دەبێتە ئازارو مەینەتی.

داواکردنی گۆڕانکاری لە بنیادیی ئابووری رووبەڕووی دیوارێکی بەرزی ئەستوور دەبێتەوە، چونکە ئەوان ترسیان هەیە لە گۆڕانکاریی بنیادی چینایەتیی کۆمەڵایەتی و لە هۆشــیاریی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی. هەروەها چەند کۆمەڵێکی بیرکردنەوەی نیولیبراڵی هەن کە لە ســایەی قەیرانی ئێستای دارایی و ئابووریدا داوا دەکەن ئەو نموونە شــێوازەی دەوڵەتانی کەنداو پەیڕەو بکەن، کە ئاســتەنگە لەبــەردەم گۆڕانکاریــی بنیادی داهاتــی ئابوورییان و پێکهێنانی ئابوورییەکی نیشــتمانی کە پشــت دەبەستێ بە زەمینەیەکی لەرزۆك کە ئەوەندە ناخایەنێت لە ســایەی جیهانگەرایی سەرمایەداریی ئەم سەردەمە هەرەس دێنێت. ئەوەی بەدواداچوون بکات بۆ ئەو گفتوگۆیانەی لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بڵاودەکرێنەوە دەرك بەو راستییە و رۆڵی کۆمەڵەی هزری نیولیبڕاڵی لــە عێراق دەکات، هەروەها ئەوەی لەم قۆناغەی ئێســتادا هەوڵی بــۆ دەدات و ئەو ئەنجامــە نەرێنییانەی کە ئەگەری هەیە لە ئێســتاو لە داهاتوودا بۆسەر ئابووریی عێراق بێتەئاراوە.

ئەرکەکە قورسە، بەڵام زۆر پێویستە، رەنگە ماوەکەش درێژ بێت، بەڵام کۆمەڵگەو هێزە دیموکراسییەکانی ئەگەرێکی دیکەیــان لەبەردەمدا نییە تەنیا دانانی ســتراتیژییەت و

**حکومەتی د.حەیدەر عەبادی تا ئێستا دەستەوەستانە بەرامبەر دانانی هەر سیاسەتێک و وەرگرتنی رێوشوێن و جیبەجێکردنی و لێیشی ناترسێت، چونکە ئەگەری کوشتنی لە مێشکیدا دەخولێتەوە، کە ئەمەش دوور نییە رووبدات**



تەکتیکێکی تازە نەبێت و پێویستە خۆیان لەسەر ئاستە جیاوازەکانی بزووتنەوە چەپ و دیموکراسییەکانی عێراق بگونجێنن، لەگەڵ هۆشیاربوونیان بە واقیعی عێراق و پێویستی و تواناکانی کۆمەڵگە و تەیارکردنی هەموو ئەو توانایانەی کە سیستەمی پشکایەتیی تایفەگەریی بەدناو رەت دەکەنەوە. ئەو بزاڤە خاو و لەسەرخۆیەی لەئاست نارەزایی یان بێ دەنگ بوون بۆتە بارگرانییەك بۆ خەڵکەکەو هەر لەسەر هۆشە ساختەو شێواوەکە دەیانهێڵێتەوە، ئەو هۆشەی کە هێزە لۆکاڵ و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی پشتیوانییان لێ دەکات، لەوانەش ئەوانەی بەشداری دەکەن لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆری داعشی تاوانبار لەسەر هەردوو ئاستی نێودەوڵەتی و ئیقلیمیدا.

حکومەتی د.حەیدەر عەبادی تا ئێستا دەستەوەستانە بەرامبەر دانانی هەر سیاسەتێك و وەرگرتنی رێوشوێن و جیبەجێکردنی، ئەو لەمە ناترسێت، چونکە ئەگەری کوشتنی لە مێشکیدا دەخولێتەوە، کە ئەمەش دوور نییە رووبدات، چونکە ئەوەی رکابەریی دەکات ئامادەیە هەموو تاوانێك بکات بۆ مانەوە یان بەشێوەیەکی تایبەتی دەسەڵات بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە، بەڵام سازش و دڵەڕاوکێ و سستیی ئەم ئەگەرە سووك ناکات، رەنگە خێراشی بکات، ئەمە واقیعێکی ئاڵۆز و قورسە کە عەبادی لەوەتەی گەیشتۆتە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران تێیدا دەجووڵێتەوە، ئەو زەلکاوەی عێراقی تێکەوتووە لەسەردەمی حوکمڕانیی نوری مالیکی تا ئێستا هەر تێیدا ماوەتەوە، چونکە کێشەکە تەنیا مالیکی ستەمکار نەبوو، هەرچەندە رۆڵێکی نابەجێ و مەترسیداری هەبوو، بەڵکو لە رژێمە تایفەگەرە پشکایەتییەکە بوو کە عێراق گیری پێوە خواردبوو و ناسنامەی هاووڵاتیبوونی عێراقی لە بەرژەوەندیی ناسنامەی تایفەگەریی کوشندەو شێواوی هێزەکانی کۆمەڵگە پەراوێزخست و لەناوی برد، کە تا ئێستاش عێراق پێوەی دەناڵێنێت، کەواتە هیچ زەلکاوێك خراپتر نییە لەوەی کە عێراق ئێستا تێیکەوتووە، ئەدی کەی لێی دێتە دەرەوە؟ ئەمەیان بەدەستی گەل و هێزە رەسەنەکانیەتی.



# نەوت بەکار بهێنین یان بەکارمان بهێنێت؟



پ. جەمال رەسول محەمەدئەمین*

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

***یەکێك لە ئەستوونەکان کە لە دێرزەمانەوە کۆمەڵگەی کوردستانیی لەسەر پێکهاتووە بەروبوومی کشتوکاڵی و ماڵاتدارین. ئەمانە تەنها مانای نیسکۆ نۆك و بامیە و تەماتە نییە کە بە سادەیی دەکرێت کوردستانییان بڵێین با هەر لە دراوسێکانمانەوە بۆمان بێن و خۆمانیان پێوە سەرقاڵ نەکەین. با لەبیرمان بێت کە چەندەها ساڵ سەددام نەیتوانی گورزی کوشندە لە بزووتنەوەی رزگاریی کوردستانی بدات، هەتا گوندەکانمانی وێران نەکرد و دەماری خوێنی لە ژیانی گوندنشینەکان نەبڕی و کۆمەڵگەکەی لە وەبەرهێنەوە کرد بە وەکاربەر. کەلتووری کوردستانی بەم تەوەرەوە بەستراوە و پاراستن و گەشەپێدانی لە ئەستۆی گشت لایەنەکاندا دەبێت و هەر بەو ڕێگەیەش دەکرێت بەسەر مۆتەکەی هەژاریدا زاڵ بین.***



● **دوێنێ:**

بە ئاوارەیی و بە میوانی لەماڵی خومان و بە کیمیاباران و بە ئەنفال و ئایەتەکانی و بە گۆڕەبەکۆمەڵەکان و بە گەلێك لەو زاراوە قێزەونانەی کە دەبوا لەو چەرخانەشدا نەبوونایە، ئاشنا بووین و ئەوەی دەرباز بوو، دەرباز بوو، ئەویتر بوونە مەشخەڵی ڕووناکیی ئەمڕۆ و ئایندە و چیا سەربڵندەکانمان تەنها ئامێزگیرمان بوون و هەر ئەوان دۆست و پارێزەرمان بوون. لەو ساتانەدا، نەك وەبەرهێنەری ڕاستەقینە، بەڵکو بۆ ماوەیەکی زۆر تەنانەت پسپۆڕانیش کە لە وڵاتە بیانییەکان کارمەند بوون، بۆیان نەبوو بە سەردانیش بەرەو کوردستان بێن. نە هاواری منداڵە بێ دایك و باوکەکان و نە یاسا نێودەوڵەتییەکان و نە مافی مرۆڤایەتی و نە هیچ لەو دروشمە بریقەدارانە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی نەجووڵاند تا لە نەهامەتییەکانی کوردستانیان بە هیچ شێوەیەك کەم بکاتەوە. بەبەردەوامی نەوتەکەشمان دەکرا بە قوڕقوشم و گۆگرد وغازی خەردەل و بەسەرماندا دەکران.

● **ئەمڕۆ:**

هەر وەك ناسراوە بە یاسایەکی دۆست بە وەبەرهێنەر، ئەوەی زیاتر دیارە تائێستا یاسای وەبەرهێنان زۆربەی کارەکانی لەسەر بواری نیشتەجێبوون کردووە. سەرباری کەموکووڕیەکانی، لەم ساتانەدا کوردستان پێویستی بەو پرۆژانە هەبوو کە سەرمایەداران ڕابکێشێتە گۆڕەپانی کار و کارمەندێکی زۆر بخاتە گەڕ و لەبەرانبەردا دەستکەوتێکی زۆر و خێرایان بۆ دەستەبەر بکات. ئەو بنیادنانی ژێرخانەش کە ئێستا لەناودایە و باس دەکرێت لەوەی کە لە جیاتی ئەوەی کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر بکەین، ملیۆنێرمان دروستکرد، دەکرێت ئەوەش بە باجێکی ڕاکێشانی وەبەرهێنەران ئەژمار بکرێت کە دەبوو بدرێت.

ئەمڕۆ بە کارامایی و سەرباری گشت بەربەست و لێکدانەوە و تێگەیشتنی نیوەناچڵ لە لایەنەکانەوە کۆمەڵگەی کوردستانی توانی بە سەرکەوتووانە زاڵ بێت بەسەر ئەو پلانانەی کە لە ڕێگای بڕینی بودجە و مووچەی فەرمانبەران و تێبەردانی داعشە دڕندەکانەوە

قەیران بەرپا بکات و هەرێمی کوردستان توانی هەنگاوی بـــەرز و بەجێ بنێت و بـــەرەو ســـەربەخۆیی ئابووری بڕوات.
ئەمڕۆ ئەو چەك و ئامێرانەی کە سەددام و دامودەزگاکانی بەکاریان دەهێنا بۆ پشتگوێخســـتنی خواستە ڕەواکانی گەلەکەمان و پاراســـتنی سیستمە چەپەڵەکەی بەغداد، گشتیان لەوەدان بێنە دەستی خۆمانەوە و وشەی پێشمەرگە لە میدیاکانی جیهاندا بە ســـەربەرزییەوە دەبیســـترێت و ئەوانیش بەشانازییەوە بەرەنگاری ئەنفالکەرەکانی ئەمڕۆ بوونەتەوە و لەجیاتی مرۆڤپەروەریی جیهان لە جەلەولا و شەنگال و کۆبانی دەجەنگن.

**● سبەی:**

هەر وەك دەڵێن، بنیادنانی نیشـــتمانی کارێکی ســـەختە و یەکڕیزی و کۆمـــەککاری و پلان و لەخۆبوردەییەکی بەرزی پێویســـتە و ئەمانەش گشتیان ئەگەر کاریان بۆ نەکەین، نەوەکانمان بە باشـــی باسمان ناکەن. بەتایبەتی لـــەم بەینـــەدا وەك ڕووداوەکان ئاماژەی پێ دەکەن، لەوە دەچێت گۆڕانـــکاری بنەڕەتیی ئابـــووری لە جیهاندا بەڕێوەبێـــت بە زیادبوونی بەرهەمـــی نەوتی ئەمریکا و دابەزینی نرخەکەی بۆ نزیکەی ســـێیەکی نرخی جارانی و دەستەوستانی گەلێك لە گشت ئەو وڵاتە بەرهەمهێنەرە نەوتییانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ناویشیاندا هەرێمە ساواکەمان کە بەگشتی پشتیان بە نەوت بەستووە. دەکرێت بە گشت ئەو وڵاتانە بوترێت کە نەوت بەکاریان دەهێنێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە، بڕیاردەرانمان ئێستا لە دووڕیانێکدان کە دەکرێت، یان کەشـــتیەکەمان بە خۆیانەوە سەرەوخوار بکەن، یان بە کارامانە کۆمەڵگەکەمان بەرەو ئاسوودەیی و پێشکەوتن و مانەوە بەرن.
پێداویستییەکانی داهاتوومان کە لەسەرووی هەموویانەوە لە خۆبوردەیی تاکی کوردستانی و یەکڕیزی کومەڵگەکەمانە بەتایبەت لە بوارە چارەنووسسازەکاندا، بەڵام بە هاوتەریب لەگەڵ ئەوانەدا، زۆر گرنگە کـــە حکومەتەکەمان کار لەسەر ئەم تەوەرانەی خوارەوە بکات:

**● گرنگیدان بە دابینکردنی داتاو زانیاری لەسەر گشت لایەن و تەوەرەکان:**

هەر چەندە دەستەی ئاماری هەرێم بە هاوکاری دەزگای ناوەنـــدی ئامار لە بەغداد کارێکـــی زۆری ئەنجام داوە لە کۆکردنەوەو شـــیکردنەوەی ئەو داتـــا و زانیارییانەی کە پەیوەندییـــان بە تاکەکانـــەوە هەیە، لـــە بوارەکانی خوێندن و تەندروســـتی و هێزی کار و نیشـــتەجێبوون، ئەمانـــە خواســـتەکانی وەبەرهێنەران بـــە ئەنجام نادەن. وەبەرهێنەران پێویســـتییان بە زانیاری باوەڕپێکراوە لەسەر گشت پێداویستییەکانی بازاڕەکانی هەرێم و کۆمەڵگەی کوردستانییە لە ئامێر و کەلوپەلی بەکاربەران بۆ ناو ماڵ و پەروەردە و تەندروســـتی و کشتوکاڵی و گشت ئەوانی کـــە. چەند ســـاڵێك لەمەوبەر هەوڵی بەجـــێ درا هەتا سیســـتمێك بەناوی "دایك" دابمەزرێت کە داتاو زانیاری گشـــت بوارەکان بگرێتەخۆی، بەڵام لـــە فرەخاوەنداریدا لەناوچـــوو. ڕاپۆرتێکی تێروتەســـەلم لەســـەر ئەم بوارە نووســـیوە و چاوەڕوان دەکرێت کـــە ژووری بازرگانی لە داهاتوویەکی نزیکدا بڵاوی بکاتەوە.

**● هەمووارکردنەوەی یاســـای وەبەرهێنـــان بەتایبەت بۆ پێناسەی وەبەرهێنان و پشتگیری وەبەرهێنەران:**

ئەگەر وەبەرهێنان چەند ســـاڵێك لەمەوبـــەر مانایەکی هەبوبێت، ئەمڕۆ و سبەینێ وەبەرهێنان مانایەکی کەی دەبێـــت کە لەگەڵ بارودۆخ و پێداویســـتییەکانی هەرێم بگونجێت. لەگەڵ ئەوەشـــدا پێویستە بەهەمان شێوازی دوێنێی دۆســـتی وەبەرهێنەران بێت. ئەمەش بە شێوازێك دەبێت کە پشـــتگیری یاسایی و دارایی و لۆجیستی ئەو لایەنانـــە بکرێت کە بەپێی چەنـــد پێوەرێکی دیاریکراو پڕۆژەکانیان بژاردە دەکرێن. لە ڕاپۆرتێکدا کە لە ئابووری سیاســـی ژمارە ٣٩ (٢٠١٤) بڵاوم کردەوە، نموونەیەکی زۆر تێروتەسەلم لەم بوارەدا نیشان داوە.

**● کارکردن لەگـــەڵ ئەو وڵات و لایەنانەی کە بەنیازی وەبەرهێنان ڕوو لە هەرێم دەکەن:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی بەجێی ناوە لە پێوەندییەکانیـــدا لەگەڵ وڵاتانی دوور و دراوســـێ. ئەم پێوەندییـــە تازانەی کە لەگەڵ وڵاتی چیندا بەســـتراون هەنـــگاوی بەرزن لەم بوارەدا. پێویســـتە بە بەرنامە کار بکرێت لەسەر بەگەڕ خستنی ئەو پەیوەندییانە و لە واژووی دوولایەن و کردنەوەی ئۆفیســـەوە لـــە دوو پایتەختەکەوە وەربگێڕدرێـــت بـــۆ دەستنیشـــانکردن و نزیککردنەوەی لایەنەکان بـــۆ پێکەوە کارکردنیان لەســـەر دامەزراندنی پڕۆژەی وەبەرهێنان لەو بوارانەدا کە تایبەتمەندی و توانا و پێداویستی بازاڕەکان تێیاندا یەك دەگرنەوە.

**● کێشەکانی باج بەرانبەر جۆرایەتی:**

لەم ســـاتانەدا لە زۆربەی لایەنەکان و میدیاکاندا باسی زیندووکردنـــەوە و زیادکردنی باج دەکرێت. ئەم هەنگاوانە ناکرێت هەر بە سەرزارەکی هەڵسەنگاندن و بڕیاری لەسەر بدرێت چوونکە هەر وەك لە قسە نەستەقەکاندا هاتووە بە مایەپووچی لە قەڵەم دەدرێت (أذا افلس التاجر، رجع الى دفاترە القديمة) و زیاتر زەرەرمەند دەبێت بە هەڵســـانەوە و بووژانەوەی ئابووری لەم بارودۆخەی هەرێمدا. ئەوەی شایستەیە بەپێچەوانەوە پێویستیمان بە یاسایەك هەیە کە تەنانەت کۆمپانیا زەبەلاحەکانیش لەخۆبگرێت، ئەوەیە کە ئەو بڕە قازانجەی کۆمپانیاکان لە توێژینەوە و پەرەپێداندا

**پێویستە هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا پێکەوە تەریب بدرێن بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەک کە دۆستی توێژینەوەی زانستی بێت لە پێناو پەیداویستیەکانی کۆمەڵگەکەمان و جیهاندا و گشت دیانەت و مەزهەب و لایەنەکان لەسەر ئاستی سوودبەخشییان بۆ تاک و کۆمەڵگە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت**

**وشەی پێشمەرگە لە میدیاکانی جیهاندا بە سەربەرزییەوە دەبیسترێت و ئەوانیش بەشانازییەوە بەرەنگاری ئەنفالکەرەکانی ئەمڕۆ بوونەتەوە و لەجیاتی مرۆڤپەروەریی جیهان لە جەلەولا و شەنگال و کۆبانی دەجەنگن**

**توانا مرۆییەکان بەدڵنیاییەوە کۆڵەکەی بنەڕەتین لە هەر بنیادنانێکی نیشتمانیدا و دەکرێت بە پێشەنگی سامانەکان ئەژمار بکرێن**

سەرفی دەکەن، باج نەیانگرێتەوە. لەلایەکی کەوە، باج دانان لەسەر کاڵا هاوردەکان دیسانەوە لەم ساتەدا تەنها کۆکردنەوەو زیادکردنی داهات نییە، بەڵکو دەکرێت ببێتە ئەنجامی لەدەستدانی پێگەی سیاسی لەگەڵ دراوسێکانماندا. ئەوەی کە گشت لایەنەکان دەکرێت بە خۆشحاڵییەوە ڕەزامەندی لەسەر بدەن، جۆرایەتی کاڵا هاوردەکانە کە دەکرێت و پێویستە لە بەرجەستەکردنی سیستمێکی کۆنترۆڵی جۆری کارا کە لەوە ناچێت هێشتا سەرکەوتووبووبین تێیدا، کۆنترۆڵی ئاستی کاڵا هاوردەکان بکرێت بە تەریب لەگەڵ پشتگیری کاڵا ناوخۆییەکان. بە هەبوونی زانیاریی بەجێ لەسەر ئەو کاڵایانەی کە بڕێکی زۆریان لێ هاوردە دەکرێت، هەوڵی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و سەرکەوتن تێیدا زیاد دەبێت و بە تێپەڕبوونی کاتێکی کەم، خۆتێری تێیاندا دابین دەبێت.

**● بنیادنانی ژێرخانێکی بەرفراوان لە بەرهەمە پێترۆ کیمیاوییەکاندا:**

لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت و بەو شێوازەی کە گەلێك لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشتیان بە داهاتەکەی بەستووە، هەر وەك لە میدیاکاندا پێشبینی کراوە، بەردەوامیمان تەنها نەهامەتی لەدوا دەبێت. گرنگیدان بە بەرهەم و کۆمپانیا کیمیا نەوتییەکان Petro-Chemical Industries دەبێت یەکێك بێت لە هەنگاوە خێراکان کە پێویستە کاری لەسەر بکرێت.

**● گرنگیدان بە ئامێرو کۆمپانیا کشتوکاڵیەکان:**

یەکێك لە ئەستوونەکان کە لە دێرزەمانەوە کۆمەڵگەی کوردستانیی لەسەر پێکهاتووە بەروبوومی کشتوکاڵی و ماڵاتدارین. ئەمانە تەنها مانای نیسك و نۆك و بامیە و تەماتە نییە کە بە سادەیی دەکرێت کوردستانییان بڵێن با هەر لە دراوسێکانمانەوە بۆمان بێن و خۆمانیان پێوە سەرقاڵ نەکەین. با لەبیرمان بێت کە چەندەها ساڵ سەددام نەیتوانی گورزی کوشندە لە بزووتنەوەی رزگاریی کوردستانی بدات، هەتا گوندەکانمانی وێران نەکرد و دەماری خوێنی لە ژیانی گوندنشینەکان نەبڕی و کۆمەڵگەکەی لە وەبەرهێنەوە کرد بە وەکاربەر. کەلتووری کوردستانی بەم تەوەرەوە بەستراوە و پاراستن و گەشەپێدانی لە ئەستۆی گشت لایەنەکاندا دەبێت و هەر بەو ڕێگەیەش دەکرێت بەسەر مۆتەکەی هەژاریدا زاڵ بین.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بکرێت، دەبێت گرنگیدان بە دابینکردنی ئامێرە شایستەکان بە نرخی شایستە و ڕاهێنانی جووتیاران لە چاودێری و پێچانەوەی بەروبوومەکانیان و دۆزینەوە و دابینکردنی بازاڕ بۆ بەرهەمەکانیان بگرێتەخۆی.

**● گرنگیدان بە بەهرەداران و کۆمپانیا بچووکەکان:**

یەکێك لەو تەوەرانەی کە بەریتانیای کرد بە بەریتانیای مەزن و ڕۆڵی سەرەکی بینی لە دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی، بەرپاکردنی یاسایەکی ئابووری گشتگیر بوو لەگەڵ گرنگیدان بە بەهرەداران. لەو سیستەمەدا هاووڵاتیان بە بێ جیاوازی توانییان تواناکانیان بخەنەگەڕ و سوود لە تواناکانیان وەربگرن و چەندین کۆمپانیای تازە و بەرهەمی تازە وەك مەکینەی هەڵمی هاتنە کایەوە کە بەریتانیایان خستە سەر ڕەوڕەوەیەك کە تائێستاش وڵاتەکەی لە پێشەنگی وڵاتاندا هێشتۆتەوە و بڕیار نەك لەسەر چارەنووسی خۆی، بەڵکو لە زۆر ساتدا چارەنووسی وڵاتانی تریش دەدات. هەر وەك پێشینانیشمان فەرموویانە: "هەر دەوەنەو دەبێت بە دار"، گرنگە سیاسەتێکی تێروتەسەلمان هەبێت کە بێ جیاوازی بیرۆکەی بەهرەداران بپارێزێت و بۆیان بڕەخسێنێت کە بیرۆکەکانیان لە کۆمپانیای بچووکدا بەئەنجام بدەن و سەرکەوتووبن لە بەبازاڕگەیاندنی بەرهەمەکانیان.

**● پەروەردە و خوێندنی باڵا و پەیمانگە تەکنیکیەکان:**

توانا مرۆییەکان بەدڵنیاییەوە کۆڵەکەی بنەڕەتین لە هەر بنیادنانێکی نیشتمانیدا و دەکرێت بە پێشەنگی سامانەکان ئەژمار بکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا کە ماوەیەکی دیارە هەرێمەکەمان ئاسوودەییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و گرنگییەکی باش دراوە بە دەزگا زانستییەکانمان و بودجەیەکی دیاریان هەیە، ئاستی زانکۆکانمان بە بەراورد لەگەڵ زانکۆ جیهانیەکاندا لە خوارووی ٦٠٠٠ـەوەن. تازەکاری نیمچە ئەستەمە و تەنانەت ڕۆڵیان لە کۆمەڵگەدا هەڵسەنگاندنی بۆ ئەنجام نەدراوە. پێویستە بوێرانە کار لەسەر ئەم بوارانە بکرێت. پێویستە هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا پێکەوە تەریب بدرێن بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەك کە دۆستی توێژینەوەی زانستی بێت لە پێناو پێداویستیەکانی کۆمەڵگەکەمان و جیهاندا و گشت دیانەت و مەزهەب و لایەنەکان لەسەر ئاستی سوودبەخشییان بۆ تاك و کۆمەڵگە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت. کۆمەڵگەیەك کە سوود لە مێژوومان ببینێت و داهاتوویەکی هاوچەرخ و پڕشنگدار بنیاد بنێت. دوێنێی لەبیر بێت و ئاسۆی سبەینێ بە ڕوونی ببینێت، با نەوتەکەمان بەکار بهێنین لە گشت تەوەرەکانی بنیادنانی نیشتمانیدا بۆ دوارۆژێکی ئاسوودە و بەختەوەر و بەردەوام.

---


*** راوێژکار لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەریمی کوردستان**

**یەکێک لەو تەوەرانەی کە بەریتانیای کرد بە بەریتانیای مەزن و رۆڵی سەرەکی بینی لە دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی، بەرپاکردنی یاسایەکی ئابووری گشتگیر بوو لەگەڵ گرنگیدان بە بەهرەداران**

**چەند ساڵێک لەمەوبەر هەوڵی بەجێ درا هەتا سیستمێک بەناوی «دایک» دابمەزرێت کە داتاو زانیاری گشت بوارەکان بگرێتەخۆی، بەڵام لە فەرخاوەنداریدا لەناوچوو**

**لە جیاتی ئەوەی کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر بکەین، ملیۆنێرمان دروستکرد، دەکرێت ئەوەش بە باجێکی راکێشانی وەبەرهێنەران ئەژمار بکرێت کە دەبوو بدرێت**

# دەربازبوون لە پاشکەوتەی ئابووری و گەڕان بە دوای سەرچاوەی نوێی داهات



دکتۆر حوسێن تۆفیق فەیزوڵڵا*
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

قەیرانە داراییەکان بوونەتە سیمای ئابووریی سەرمایەداری، شوێنەواری ئەم قەیرانانە بۆ سەر عێراق فراوانتر و ئاڵۆزترە کە هۆکارەکانی دیکەی ناوخۆ و لە سەروویانەوە ناتەبایی سیاسی و تێوەگلانی عێراق بە شەڕی دژ بە داعش کە رۆژانە ملیۆنەها دۆلار لەسەر عێراقەوە دەکەوێت و ناچاری دەکات کە بودجەکەی بۆ پڕکردنەوەی تێچووەکانی شەڕ تەرخان بکات، هەروەها ئیمزاکردنی چەندین گرێبەستی گرانبەها بۆ کڕینی چەك و تەقەمەنی، یان خەرجکردنی پارەیەکی زۆر بۆ مەبەستی راوێژیی سەربازی، یان مەشق و شیاندنی سوپا، یان حەشدی شەعبی، یان هێزی دیکەی سەربازی، هۆکاری دیکەش بریتییە لە دابەزینی نرخی نەوت بۆ زیاتر لە نیوەی نرخی ئاسایی خۆی کە کاریگەریی خراپی بۆ سەر عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە لەبەر ئەوەی کە زیاتر لە ٩٥٪ی سەرچاوەی پارەدارکردنی بودجەی عێراق لە داهاتی نەوتە، ئەمە وێڕای گەندەڵیی دارایی و ئیداری و بە تایبەتیش لە چوارچێوەی کەرتی گشتی کە عێراقی تێوەگلاوە و دەبێتە

هۆی بەهەدەردانی سامانەکەی لە پرۆژە بێ سوودەکان، یان تەنانەت لە پرۆژە خەیاڵییەکاندا کە ملیۆنەها دۆلاری تێدەچێت لە قووتی گەلی عێراق لەوانەش قووتی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، کەواتە لێرەدا چەند بابەتێکی هەستیار تێدا پێشەوەو لەساڵی ٢٠١٥ چاوەڕێی ئابووری هەرێمی کوردستان دەکات و دەبێت لە ئێستاوە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەت و دامودەزگا پێوەندارەکان خۆیانی بۆ ئامادە بکەن.

**● ئاستەنگە دەستووری و یاساییەکان لە بەردەم ئابوورییەکی سەربەخۆ**

مادام هەرێمی کوردستان ئابوورییەکی سەربەخۆی نییە و توانایشی نییە لە ماوەی چەند ساڵێکدا لەو سەربەخۆییەی ئێستای ئابوورییەکی سەربەخۆ بنیادبنێت، بودجەکەیشی بەتایبەتی بودجەی بەکاربردنی پشت دەبەستێت بەو رێژەیەی کە لە بودجەی عێراق بۆی تەرخان دەکرێت، بۆیە کاریگەریی دابەزینی نرخی جیهانی نەوتی لەسەر دەبێت، رەنگە ئەم کاریگەرییە زۆریش بێت، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان لە رووی دەستوورییەوە سەرچاوەی بڕیار نییە، یان کەسایەتییەکی نێودەوڵەتیی نییە تاکو قەرز لە دەزگا داراییەکان و دراوییەکانی نێودەوڵەتی وەربگرێت وەك سندووقی نەختی نێودەوڵەتی، یاخود راستەوخۆ رێکەوتننامەی دارایی نێودەوڵەتی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە واژۆ بکات.

لە هەرێمی کوردستان شوێنەواری قەیرانەکە دیارە، چ لە کەرتی حکوومی و مووچەی فەرمانبەران، یان لە لاوازی و پاشەکشەی کەرتی وەبەرهێنان و هەڵپەساردنی زۆربەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان و بەرزبوونەوەی نرخ و بڵاوبوونەوەی بێکاریی راستەقینە و داپۆشراو، بەڵام دەربارەی چۆنێتی چارەسەرکردنی قەیرانەکە، یان رووبەڕووبوونەوەی بەلایەنی کەم لە عێراق، یان لە هەرێمی کوردستان، تەواوی کلیلی چارەسەرەکە بە دەستی عێراق، یان هەرێم نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە لایەنی کەم بەشێکی چارەسەرییان لایە، لە سەرووی ئەو چارەسەرکردنانەش لە عێراق بەر لە هەموو شتێك بریتییە لە سازانی سیاسی، ئەویش بە یەکخستنی هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش و دەرکردنیان لە تەواوی خاکی عێراق و گەڕاندنەوەی ئاوارەکان، چونکە شەڕ و تێچوونەکانی بەڕێوەبردنی ئاوارەکان، وێڕای خراپیی گوزەرانیان و پێشکەشنەکردنی یارمەتیی پێویست، دەخوازێت کە لایەنی پەیوەندیداری ناوخۆ و نێودەوڵەتی دابینی بکەن، بەڵام ئەو دوو مەسەلەیە زیانی زیاتر لە ئابووری دەدەن، لەسەر حیسابی چاککردنی رەوشی گەلی عێراق بە شێوەیەکی گشتی، دواتر جەختکردن لەسەر گرتنەبەری ستراتیژیی گەلێکی روون و دیاریکراو لە پەرەپێدانی پرۆسەکانی تایبەت بە زیادکردنی بەرهەمی نەوت و کاراکردنی وەبەرهێنانی نەوت و سیاسەتی هاوتەریبی نەختینەیی و پشتیوانیکردن لە هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و پیشەیی بە شێوەیەك بەشدار بێت لە بنیادنان و گونجان لەگەڵ ئابووریی بازاڕ، سەرباری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دارایی و ئیداری کە ئێستا عێراق لەوپەڕیدایە.

**● رێکەوتنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەند**

گرنگترین رووداوی ئابووری و پۆزەتیڤی ساڵی ٢٠١٤ و پڕموژدەی خێری ساڵی ٢٠١٥ ئەو رێککەوتنە بوو کە لە نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتەئاراوە، ئەو رێکەوتنە لە تێگەیشتنی هەردوولاوە سەرچاوەی گرت لە ئاست کاریگەرییە نەرێنییەکانی رێکنەکەوتن و لادان لە دەستوور. بۆیە بەپێی ماددەی ١١٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراق (نەوتی عێراق موڵکی گەلی عێراقە..) و هیچ لایەنێکیش ناتوانێت بە تەنیا داهاتەکەی بەرێت بەبێ رێککەوتن و هەماهەنگیکردن، مادام سەرچاوەی بودجە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بریتی بێت لە فرۆشتنی نەوت لەگەڵ دانن بە مافە دەستوورییەکانی هەرێم و پارێزگاکانی دیکەی نەبەستراو بە هەرێمەکان لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان بە سەربەخۆیی بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لە دەستووری عێراق پێیان دراوە،

**کەرتی گشتیی عێراق نغرۆی گەندەڵیی دارایی و ئیداری بووە و دابەزینی بەهای نەوتیش کاریگەریی خراپی بۆ سەر عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە، لەبەر ئەوەی زیاتر لە ٩٥٪ی سەرچاوەی پارەدارکردنی بودجەی عێراق لە داهاتی نەوتە**

**زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت و کاراکردنی وەبەرهێنانی نەوت و سیاسەتی هاوتەریبی نەختینەیی و پشتیوانیکردن لە هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و پیشەیی رۆڵی لەبنیاتنانی ئابووری بازاڕ دەبێت**

بۆیە ڕێککەوتنەکە هەم لە بەرژەوەندیی عێراقدا بوو کە جۆرێك لە سازانی سیاسی و یەکخستنی هەوڵەکانی بەدوادا هات بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو کێشەکان کە لە ئێستادا رووبەڕووی عێراق دەبنەوە، هەروەها ئاسەوارە ئەرێنییەکان کە لە داهاتوودا لەو ڕێککەوتنە دەکەونەوە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکەی نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم وەك دەرکردنی یاسای ئەنجومەنی فیدراڵ و یاسای نەوت و غاز و پێشمەرگە و رەوشی یاسایی و دەستوورییان و چارەنووسی ماددەی ١٤٠ ی دەستوور و رەنگە ئەم ڕێککەوتنە ببێتە نەخشەڕێگەیەك بۆ هەرێمەکانی دیکە کە لەوانەیە لە داهاتوودا دابمەزرێن، یانیش بۆ پارێزگاکان، هەروەها ئەم ڕێککەوتنە بۆ هەرێمیش باش بوو، چونکە دیواری دابڕانی نێوان هەردوو حکومەتی رووخاند، هەمدیس بەشێکی زۆری قەیرانی خنکێنەری دارایی لە هەرێم چارەسەر دەکات و ژیان بە بەر کەرتی وەبەرهێناندا دەهێنێتەوە، بەتایبەتیش بۆ کەرتی نەوت و پەرەپێدانی، بەشێوەیەك کە ببێتە هۆی زێدەکردنی بەرهەم لە هەرێمی کوردستان و سەرلەنوێ کارکردن لە پڕۆژەکانی وەبەرهێناندا کە بە هۆی قەیرانی دارایی پەکیان کەوتبوو، هەروەها گەیشتن بە چارەسەری ریشەیی لەگەڵ حکومەتی ناوەند لە هەموو کێشە هەڵپەسێردراوەکان و سەر لەنوێ بنیادنانەوەی متمانە لەگەڵ حکومەتە تازەکەدا و بەتایبەتیش کە هەرێم ئامادەبوونێکی بەهێزی لە عێراقی فیدراڵدا لەسەر ئاستی پەرلەمان و حکومەتی ناوەندا هەیە.

**● ئابووریی هەرێم و خۆئامادەکردن بۆ هەموو ئەگەر و پێشبینییەکان**

چی دەبێت ئەگەر شەڕ لەگەڵ داعش بۆ ماوەیەکی درێژ لەوەی پێشبینی دەکرێت بەردەوامتر بوو، یا بە رەچاوکردنی رەوشی سەقامگیریی ئاسایش و ئابووریی هەرێم ئاوارە و پەناهەندەکان بۆ ماوەیەکی زۆر زیاتر بمێننەوە؟ یان چی دەبێت ئەگەر حکومەتی ناوەند لە پابەندبوونی بەم ڕێککەوتنەکە سستی نواند و پشکیی دارایی هەرێمی نەنارد؟ تاکەی هەرێم هەر پشت بەو رێژەیە دەبەستێت کە لە بودجەی نەوتی عێراق بۆی تەرخان دەکرێت؟ ئەم هەموو پرسیارانە و هەندێکی دیکەش کە لەم رووەوە دەکرێن، پێویستیان بە وەڵام هەیە تاکو چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، لە راستیدا و لەوەتەی سەربەخۆیی رێژەیی هەرێم لە ساڵی ١٩٩١، ئەو حکومەتانەی کە یەك لە دوای یەك لە کوردستان دامەزراون، بەداخەوە ستراتیژییەتێکی روونیان دەربارەی ئایندەی سیاسی و ئابووریی هەرێم پێشکەش نەکردووە، دەبووایە هەرێمی کوردستان و لەوەتەی سەربەخۆیی رێژەیی لە ١٩٩١ و راگەیاندنی فیدراڵییەت وەك دروشمی وڵات، بە هاوتەریب دوو رێگەی گرنگی بگرتایەبەر کە رەهەندگەلی ستراتیژیی مامناوەندی و دوورمەودا لەخۆدەگرن بەرەو گەیشتن بە سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری بە حوکمی واقیعی دیار و بەرچاوی دۆست و دوژمنان بەبێ نانەوەی کێشە لەگەڵ حکومەتی ناوەند و ئاراستەکانی لە سەنتراڵییەت و تاکڕەویی لە دەسەڵاتدا. یەکەمیان: دانانی سیاسەت و ستراتیژییەتگەلی روون و بەرچاو لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ حکومەتی ناوەند بەو ناوەی کە ئابووریی کوردستان بەشێکە لە ئابووریی عێراق و بازاڕی کوردستانیش هەر بەشێکە لە بازاڕی عێراق و درێژکراوەیەتی بەپێی دەستوورە و ئەو دەسەڵاتانەی دەستوور پێی داوە، هەروەها کارکردن بە گوێرەی ئەو ستراتیژییە بۆ بنیادنانی هەرێم و قۆستنەوەی تواناکانی لە زەویی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و وزەی زۆری مرۆیی و ماددی لە نەوت و غاز و کانزاکانی دیکە و جیاکردنەوەی لە پارێزگاکانی دیکە و عێراق و بە شێوەیەك جۆرێك لە پاشکۆیەتی رێژەیی دروست دەکات، پاشکۆیەتی ئابووریی عێراقی بۆ ئابووریی هەرێم و نەك بەپێچەوانەی واقیعی ئێستا.

دووەمیان: هەرێم رێگەی چاکسازیی ئابووری بگرێتەبەر بە ئەگەری سەربەخۆیی هەرێم و بڕینی پاشکۆیەتی بۆ ئابووریی عێراق، ئەویش بە بڕینی ریشەی گەندەڵیی ئابووری و دارایی و هەیمەنەی رەفتاری نابەجێ بەسەر رەفتاری دامەزراوەیی و بنیادنانی دەوڵەتی دامەزراوەکان و پەرەپێدانی کەرتە زیندووەکان لە کادیری مرۆیی کە بەشێوەیەکی هاوچەرخانە راهێنرابن و ئامادەبن بۆ بازاڕی ئازاد پەرەپێدانی پیشەسازیی گۆڕین و بەتایبەتیش ئەوەی کە پشت دەبەستێ بەو کەرەستانەی کە لە هەرێم دەست دەکەون. هەروەها پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ بەپێی بنەما هاوچەرخەکان و جەختکردنەوە لەسەر کەرتی پیشەیی و پەرەپێدان و شیاندنی و دەرچوون لە چوارچێوەی نەرێنییەکان و گەندەڵی کەرتی گشتی. لەبەر هەمان هۆیەکانی سەرەوە، تێبینی دەکرێت کە هەرێم بەشێوەیەکی هاوتەریب سوود لە داهاتی پێوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە و بەتایبەتیش دەوڵەتانی دراوسێی وەك تورکیا و ئێران وەرناگرێت کە قەبارەی ئەو بازرگانییە ساڵانە دەگاتە ملیارەها دۆلار، بەمەش هەرێم بۆتە بازاڕێکی گەورەی ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی تورکیا و ئێران وێڕای بەرهەمەکانی چین بە چاوپۆشی لە کوالێت و باشییەکەی، چونکە زۆرجار جەخت دەکرێتەوە لەسەر ئەو بەرهەمە هەرزان و کوالیت

**هەرێم بەشێوەیەکی هاوتەریب سوود لە داهاتی پەیوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە و بەتایبەتیش دەوڵەتانی دراوسێی وەک تورکیا و ئێران وەرناگرێت**

**وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستان ئامانجەکانی نەپێکاوە، چونکە ئامانج لە وەبەرهێنانی بیانی و راکێشانی لە میانی یاسای دەستکراوە و نەرم و پڕ لە دەستکەوت، دەبێت بریتی بێت لە راکێشانی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو و شارەزا و هێنانی پارەوپوول**

**لە پێناو کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجە دەبێت وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان بەرەو سیاسەتی خۆپارەدارکردن ئاراستەبکرێن**

**گرتنەبەری سیاسەتی باج کە رەچاوی جیاوازیی بکات لەنێوان پرۆژە گەورەکان کە قازانجی زۆریان هەیە لەگەڵ پرۆژە بچووکەکان کە قازانجەکانیان سنووردارن**

نزمە، دوور لە مواسەفاتی جیهانی بە پێی نۆرمی رێکخراوی پێوانە و مواسەفاتە نێودەوڵەتییەکان (ISO)، جا لەبەر ئەوەی هاوکوفیی لەم پەیوەندییەدا نییە لە ئەنجامی دابەزینی ئاستی ژێرخان لە کوردستان و لاوازیی توانای بەرهەمهێنانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و خزمەتگوزاری، دەبینین کە لایەنی سوودمەند لەم پەیوەندییەدا وڵاتانی کاڵانێرن لەسەر حیسابی رۆیشتنی ملیۆنەها دۆلار لە هەرێمەوە بۆ دەرەوە، ئەمە لە لایەك و لەلایەکی دیکەوە زۆرینەی وەبەرهێنان لە کوردستان زیاتر دەربارەی وەبەرهێنانی خانووبەرەیە (دروستکردنی خانوو، شوقە و کۆشك و تەلار) کە لە بەرژەوەندیی دەوڵەمەند و خاوەن داهاتی باڵادایە و خاوەن داهاتی نزم سوودی لێ نابینێت، هەروەها بازرگانیی ئۆتۆمبێل و دواتریش وەبەرهێنان لە بواری چێشتخانەکان ئەو هەموو وەبەرهێنانانە پارەیەکی زۆر لە هەرێم دەبات، تەنانەت هەلی کاریش سنووردار دەکات، چونکە زۆربەی لایەنەکانی وەبەرهێنان بەتایبەتیش تورکیا کرێکارەکانی پێش خستووە بۆ کارکردن لە کۆمپانیاکانی و دەرفەت نادات بە کارکردنی هاووڵاتیانی کوردستان، تەنانەت کرێکارانی پاککردنەوەش پشکی کرێکارانی هەرێم نییە، ئەمەش بۆ نەبوونی یاساکانی کارکردن دەگەڕێتەوە کە بە شێوەیەکی دروست رەچاوی رەوشی کرێکاریی هەرێم بکەن. بۆیە دەکرێ بڵێین کە وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستان ئامانجەکانی نەپێکاوە، چونکە ئامانج لە وەبەرهێنانی بیانی و راکێشانی لە میانی یاسای دەستکراوەو و نەرم و پڕ لە دەستکەوت و بەخشین دوو ئامانجی بنەڕەتی بەدی دێنێت، یەکەمیان راکێشانی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو و شارەزایی، دووەمیان راکێشانی پارەوپوول، بۆیە دەڵێین کە یاساکانی وەبەرهێنان ئامانجەکانیان ناپێکن لە ئەنجامی لاوازیی ژێرخانی و سیاسەتی ناسیستماتیکی وەبەرهێنانە بەپێی کاری دروستی دامەزراوەیی و ئاراستەکراو بە شێوەیەك کە بەرژەوەندییەکانی تاك و توێژەکان لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی گشتی بەدی دێنێت.

## چارەسەری هەیکەلەی ئابووری و رووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دارایی

بۆ رووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دارایی و ئەگەرە نەخوازراوەکان دەکرێ لە هەرێم بیر لە چارەسەری بەسوود بکەینەوە و بەتایبەتش ئەو چارەسەرانەی کە پشت بە دۆزینەوەی سەرچاوەی دیکەی دارایی دەبەستن بێجگە لە کەرتی نەوت، هەروەها پێویستە دەست بە چاوپێخشاندنەوەیەکی سووکی بڕگەکانی بودجەی هەرێم بکەین، بەتایبەتی ئەو بڕگانەی بارگرانییەکی زۆری پارە لەسەر بودجەکە دروستدەکات، سووکی بکەین کە دەکرێ لە پرۆسەی پەرەپێدانی راستەقینەدا خەرج بکرێت بۆ بنیادنانی بازاڕی ئازاد کە بە کردەنی بەشداری لە پەرەپێداندا بکات، هەر لەکڕینی ئۆتۆمبێلەوە تاوەکو چاوخشاندنەوە بە مووچە تایبەت و بەرزەکان و شێوازی خانەنشینی وەزیر و پەرلەمانتار و راوێژکار و بەڕێوەبەرە گشتییەکان. لە لایەکی دیکەوە پێویستە چاو بە هەندێ سیاسەتی پەیڕەوکراودا بخشێندرێتەوە و چاکسازییان تێدا بکرێت لەوانە بۆ نموونە:

١. چاوخشاندنەوە بە بڕگەکانی بودجە و بەرەنگاربوونەوەی هەموو روویەکی گەندەڵی لە بڕگەکاندا کە ئاسانکاری دەکەن بۆ ئەو گەندەڵییە داراییە، هەروەها جەختکردنەوە لەسەر چاکسازیی یاسایی بە شێوەیەکی گشتی و ئەو یاسایانەی کە پەیوەستن بە ئابووریی بازاڕ و رێکخستن و بەهێزکردنیەوە، لە سەروویانەوە یاسا ئابوورییەکان لەوانەش یاسای وەبەرهێنان و پاراستنی رکابەر و بەرهەمە نیشتمانییەکان و ئەو یاسایانەی پەیوەستن بە کاڵای هاوردە لە رووی ئەو شوێنانەی لێیان دروستکراون و کوالیتی کۆنترۆڵ و بەتایبەتیش جەختکردنەوە لەسەر یاساکانی کێبڕکێ و بوونی ویستێکی تەواو و راستەقینە بۆ جێبەجێکردنیان.

٢. دانانی سیاسەت و پڕۆگرام بە پێی دیراسات و توانای هەرێم بۆ رێکخستنی مەسەلەی هاوردەکردنی کاڵا، یان بەروبوومی کشتوکاڵی بەتایبەتی ئەوانەی کە لە هەرێم بەرهەمهێنراون، یان دەکرێ بە پاڵپشتییەکی سادە بەرهەم بهێنرێن.

ئاراستەکردنی وەزارەتەکان بەرەو سیاسەتی خۆپارەدارکردن وەك وەزارەتی خوێندنی باڵا و کارەباو پیشەسازی و بازرگانی و چەند وەزارەتێکی دیکە بەپێی توانا، هەروەها ئاراستەکردنی وەزارەتەکانی دیکە بۆ گەڕاندنەوەی هەیکەلبەندییەکانیان بە شێوەیەك کە لە بیرۆکراتییەتی ئیداری و خەرجییە زیادەکانیان کەم بکاتەوە، هەروەها جەختکردنەوە بەوەی کەرتی تایبەت ببێتە کەرتێکی کارا، هەروەها بەشداریکردن لە پەرەپێدان و گەشەپێدانی بە شێوەیەك کە هەلی کار بۆ بێکاران بە پێی پلەکانیان دابین بکات، هاوکات گرتنەبەری سیاسەتی باج کە رەچاوی جیاوازیی بکات لەنێوان پرۆژە گەورەکان کە قازانجی زۆریان هەیە لەگەڵ پرۆژە بچووکەکان کە قازانجەکانیان سنووردارن، بەشێوەیەکی گشتی ئەم چاکسازییانە بنەمایەکن بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بەدامەزراویی بکەن.

---

*** پسپۆڕ لە یاسای بازرگانی/ کۆلیژی یاساو رامیاری/ زانکۆی سەڵاحەدین**